



**لە ساڵوەگەڕی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا**

# حزبی بەرپرسیار و بەرپرسیاریەتی حزب لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا





**((وێڕای ئـــەوەی لەدەســـتووری ئەمریکیدا ئامـــاژە بەحزبی سیاســـی نەکراوە، وێـــڕای ئـــەوەی باوکانـــی دامەزرێنەر لـــەو بڕوایـــەدا نەبوون حـــزب بوونی هەبێت، بـــەڵام حزبی سیاســـی لەئەمریکا دروســـت بوو وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ پێداویســـتیە بنەڕەتیەکانی وڵات، ئەو پێداویستیانەش وەک ڕێکخســـتنی ئەولەویاتـــی پەرلەمـــان و دیاریکردنی کاندیدی بەدیل و دروســـتکردنی سیاســـەتی بەدیل و زەمینە خۆشکردن بۆ لێپرســـینەوەی زۆرینە، بەهەمان شێوە بوونی پێداویستی دینامیکی لەسیســـتمی پەرلەمانی وایکرد لەسەدەی نۆزدەهەم پارتە سیاســـیە نیشتمانییەکان دەربکەون.. هەروەها دروشمی (بنکەی جەماوەری پێش هەموو شتێک) ئەو دروشمەیە کە دەبێت سەرکردە و ڕێکخســـتنەکانی حزب بەردەوام لەبەرچاوی بگرن بۆئەوەی بتوانن بونیادی حزبێکی سەرکەتوو بنێن، هەروەک چەندین جاریش تۆماس تیپ ئۆنیل کە لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ســـەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکابووە و بە ئەندامانی حزبەکەی وتووە (هەموو سیاسەتێک لۆکاڵە)، واتە دەبێت حزب بەشی زۆری کاتەکانی و بایەخدانی لەسەر ئاستی لۆکاڵ بخاتە گەڕ، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە هێزی حزبی سیاسی لەسەر ئاستی نیشتمانی و سەقامگیری و سەرکەوتنی کاندیدەکانی لەهەموو ئاستە جیاوازەکان پێوەندیەکی پتەوی هەیە بەئەندامانی کارای حزب و لایەنگرانی ئەو حزبە لەسەر ئاســـتی لۆکاڵ، بۆیە گرنگە بنکەی لۆکاڵی حزبی سیاســـی بەهێـــز بێت وەک ڕەگی درەخت لەناو زەوی چەســـپێنرابێت، بۆئـــەوەی حـــزب گەشـــە بـــکات و ســـەربکەوێت، لەوانەیە ســـەرکردەی حزبەکان لەگرنگی بونیادی حزب لەسەر ئاستی لۆکاڵ تێبگەن، بەڵام بەشـــێوەیەکی گشتی هەموو لەسەر ئەم بنەمایە ڕەفتار ناکەن و بەشێوەیەکی تەواو بەشداری پرۆسەی دیموکراتی ناکـــەن، هەربۆیە زۆر جار دەبێتە هۆکاری ئەوەی حزب نەتوانێت ململانێ بکات و نەتوانێ بگاتە حکومڕانی.**

***((شێوازی دیموکراتی بۆ بونیادی حزب – NDI))***

**لە فیکری مستەفا بارزانیدا حزب ئامرازە نەك ئامانج. ئەمەش مانای ئەوەیە پێش ئەوەی بیر لەدروستکردنی حزبێك بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان بکاتەوە. بیری لەوە کردۆتەوە بوونی حزبێك بۆ ڕێکخستنی هێز و تواناکانی گەلی کوردستان لەپێناوی ئازادی و سەرفرازی پێویستە**

ئەگەر حزبی سیاســـی بەرهەمی پێداویســـتی کۆمەڵگە بێت و پێداویستی کۆمەڵگە فاکتەری ســـەرەکی دەرکەوتنی حزب بێـــت، ئایا تاچەند کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی بەحزبێکی وەك پارتی دیموکراتی کوردســـتان هەبووە و تاچەند پارتی توانیوویەتی لەئاســـتی پێداویستیەکانی کوردســـتاندا ڕۆڵـــی هەبێـــت و ڕێکخـــەری بەدیهێنانـــی ئەو پێداویســـتیانەی ســـەردەم و قۆناخـــە جیاوازەکانی نزیکەی حەفتا ســـاڵی ڕابردوو بێت؟ ئایا پارتی وەك حزبێکی سیاسی ئاســـایی لەدایك بووە، یان بەرهەمی ڕزگاری نیشتمانی بووە و لەئاکامی درێژە پێدانی خەباتی حزبەکانی پێش خۆی و یەکگرتنەوەی کۆمەڵێك حزب و ڕێکخراو و کەســـایەتی شۆڕشگێڕ وەك پێداویســـتیەك لەقۆناخێکی دیاریکراودا هاتۆتە کایەوە؟ ئەمە دەرگایەکـــی فراوانمان لەبەردەم واڵا دەکات و بێجگـــە لەوەی دەمانگێڕێتەوە بۆ مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان لەماوەی نزیکەی حەوت دەیەی ڕابردوودا، لەهەمانکاتدا دەمانگێڕێتەوە بۆ شێوازی بیرکردنەوەی مستەفا





بارزانی بۆ چۆنییەتی تێگەیشتنی لەئەرك و ڕۆڵی حزب لەكۆمەڵگەیەكی وەك كۆمەڵگەی كوردستاندا، لێرەوە دەكرێت بەچەند خاڵێك ئاماژە بەم لایەنە بكەین:

١- لەفیكری مستەفا بارزانیدا حزب ئامرازە نەك ئامانج، ئەمەش مانای ئەوەیە پێش ئەوەی مستەفا بارزانی بیر لەدروستكردنی حزبێك بەناوی پارتی دیموكراتی كوردستان بكاتەوە، بیری لەوە كردۆتەوە بوونی حزبێك بۆ ڕێكخستنی هێز و تواناكانی گەلی كوردستان لەپێناوی ئازادی و سەرفرازی پێویستە، هەروەها لەفیكری بارزانی مستەفادا حزب ئامرازێك بووە بۆ كۆكردنەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەكان و یەكگرتنەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەكان لەپێناوی ئەو خواست و پێداویستیانەی كۆمەڵگەی كوردستان لەقۆناخە جیاوازەكاندا هەیبووە.

٢- لەفیكری مستەفا بارزانیدا حزب چەتری یەكگرتن و یەكڕیزی بووە، بێگومان یەكگرتن و یەكڕیزی بەمانای تواندنەوە یان سڕینەوەی جیاوازییەكان نەبووە، بەڵكو كۆكردنەوەی جیاوازییەكان بووە بۆئەوەی لەچەندین گۆشەنیگای جیاوازەوە سەیری بارودۆخی كوردستان بكرێت و سەرئەنجام لەكۆی تێكڕای بۆچوونە جیاوازەكان بڕیاری دروست بۆ چۆنییەتی خەبات

**ئیتاڵیەكان دەیانویست مانای قورئان بۆ عومەری موختار لێكبدەنەوە، ئێستاش هەندێ لایەن دەیانەوێت بەرنامەی كوردایەتی بۆ پارتی دابنێن**







و مقاوەمەت بدرێت. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش پارتی لەیەکگرتنـــی چەند حزبێك و کۆمەڵێك کەسایەتی شۆڕشـــگێڕی ئەو سەردەمە پارتی دیموکراتی کورســـتان لەســـەر دەستی مستەفا بارزانی دامەزرا.

٣- بـــۆ یەکەمجـــار لەمێـــژووی خەباتـــی ڕزگاریخـــوازی کوردســـتاندا، پارتی مۆرکی ناوچەگەریی شکاند و لەپێکهاتەی سەرکردایەتی پارتیدا، پێکهاتەی جیاوازی کوردســـتانییەکان بەجیاوازی ئایین و نەتەوەوە ڕەنگی داوەتەوە.

٤- پارتی یەکەم ئەزموون و یەکەم بیرکردنەوەی ڕاستە کە بەبێ دیموکراتی ئازادی نایەتەدی، لەوانەیە بەبێ دیموکراتی بتوانین لەداگیرکاران ڕزگارمان بێت، بەڵام ئازادی بوونی نابێت، بۆیە ئامانج لەدامەزراندنی پارتی ئازادییە بەهەردوو ماناکـــەی ڕزگاری و بونیادی وڵاتێکی ئازاد

دیموکراتی کوردستان بکەین، پرسیار ئەوەیە ئایا پارتی بەدرێژایی تەمەنی چۆن خەباتی کردووە و ئێســـتا چۆن خۆی بۆ ئەرکەکانی داهاتووی ئامادە دەکات؟

**دروستکردنی ئومێد لەناوجەرگەی نائومێدیدا**

ئەوەی پارتی لەمێژووی خۆیدا شـــانازی پێوە دەکات، ئەوەیە هەر خودی دامەزراندنی پارتی لەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لەمهاباد، ســـەرەتای دروســـتبوونەوەی ئومێدیك بوو کە خەبات و مقاوەمەت بۆ ئازادی و سەربەخۆیی چـــۆك دانادات و هەتا کـــورد بمێنی خەبات و قوربانیدانیش بەردەوامـــی دەبێت، بۆیە ئەگەر لەم ڕاســـتەوە پارتـــی وەك بونیادنەری ئومێد لەناوجەرگەی نائومێدی وەســـف بکەین، ئەوا مێژووی پارتی پێمان دەڵیت، بۆ ئەوەی پارتی بتوانێت ئـــەم ڕۆڵە بگێڕێت، ئەوا دەبێت هەموو



لەژێر سێبەری سەروەریی یاسادا.

٥- لەفیکـــری مســـتەفا بارزانیدا حزب خۆی لەگەڵ خواست و داواکاری خەڵك گونجاندووە، ئەمـــەش واتـــە ئـــەوەی خەڵکی کوردســـتان لەقۆناخە جیاوازەکان بەگرنگی زانیووە، پارتی بیری لێکردۆتەوەو هەوڵیداوە ئامادەباشـــی بۆ بکات، لـــەم حاڵەتەدا کادیری پارتی گوێگری داواکانی خەڵك بووە نـــەك گوتاربێژی خەڵك، ئەم تایبەتمەندیەی پارتی کە بۆتە ســـیمایەکی جیاواز لەناو حزبەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتدا، وایکردووە کادری پارتی بەوە بناسرێتەوە باشتر دەتوانێت گوێ لەخەڵك بگرێت.

لەمیانەی ئەو ســـێ خاڵەی وەك تایبەتمەندی حزب لەفیکـــری بارزانی ئاماژەمـــان پێکرد، دەکرێـــت بڵێیـــن حـــزب لەفیکـــری بارزانیدا واتە(چەتـــری کۆکردنـــەوەی جیاوازییـــەکان، وەڵامـــدەرەوەی پێداویســـتیەکانی کۆمەڵگە، هۆکارێك بۆ یەکڕیزی لەناو کۆمەڵگەدا)، ئەگەر لەم ســـۆنگە فیکرییەوە هەڵوەستە لەسەر پارتی

کات لەیادی بێت، بونیادنانی ئومێد پێویســـتی بەڕەچاوکردن و پاراســـتنی ئەو بنەما فیکریانە هەیە کـــە بارزانی پارتیی وەك حزب لەســـەر بونیاد ناوە، لەم حاڵەتەدا ئەرکەکانی پارتی پێش هەنگاو هەڵگرتنی بۆ ئامانجەکان پاراســـتنی ئەم لایەنانە دەبێت:

١- پارتی دەبێت ئەو ڕاستیە بپارێزێت، کە ئەرکی سەرەکی پارتی ئەوەیە، لەسەر بنەمای خواست و پێداویســـتی خەڵك بەرنامە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەیی و نیشـــتمانییەکان دابڕێژێت، ئەوجا ئەو ئامانجە بڕیاری شەڕ بێت یان ئاشتی کە هەموو کات مستەفا بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ گەلی کوردستان، یان بڕیاردانی چارەنووس بێت کە ئێســـتا سەرۆك مسعود بارزانی داوایکردووە بگەڕێتەوە بۆ گەلی کوردستان.

٢- پارتی لەژێر هـــەر بارودۆخ و تەحەدایەکدا بێت، دەبێت پارێزگاری بەو بنەما ســـەرەکیەوە بکات، کە فرەیی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی جیاوازی کوردستان، هێمایە بۆ بەهێزی مێژووی

**ئامانج لەدامەزراندنی پارتی ئازادییە بەهەردوو ماناکەی ڕزگاری و بونیادی وڵاتێکی ئازاد لەژێر سێبەری سەروەریی یاسادا**

**ئەرکی سەرەکی پارتی ئەوەیە، لەسەر بنەمای خواست و پێداویستی خەڵك بەرنامە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دابڕێژێت**

**گەیشتن بەپلەی خزمەتکاری میللەتی خۆت، لای بارزانی مستەفا کارێکی ئاسان نییە، بۆیە هەموو کات خۆزگەیەك بووە و هەوڵیداوە خۆی پێش هەر کەسێکی دیکە پێی بگات**

**لەبەر ئەوەی مێژوو بەرپرسیارییەتێکی گەورەی خستۆتە سەرشانی پارتی، ئەوا پێویستە پارتی جەختکردنەوەی سەرەکی لەپیادەکردنی سیاسەتدا، جەختکردنەوە بێت لەسەر ئاکام**

ئەم نیشتمانە و هەر لەسەر ئەم بنەما بەهێزەش ئاییندەیەکی بەهێز بونیاد دەنرێت، لەسەر ئاستی سیاسیش ئەوە ئەرکی سەرەکی پارتیە کە بتوانێت دیاردەی فرەلایەنی سیاسی بپارێزێت و زەمینەی بۆ خۆش بکات بۆئەوەی ئازادی ڕادەربڕین بەفراوانی بوونی هەبێت، بارزانی مستەفا لەشۆڕشی ئەیلوولدا خۆی زەمینەی بۆ فرەحزبی فەراهەم کردبوو، هەر بۆیە لەناو هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولدا ئەندامانی هەموو حزبەکان پێشمەرگەی کوردستان بوون لەژێر ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانیدا، بەڵام لەڕووی سیاسیەوە هەر لایەك بیروبۆچوونی سیاسی خۆی هەبووە و ڕێز لەبیروبۆچوونە سیاسیەکانیشان گیراوە.

**٣-** پارتی دەبێت لەخوێندنەوەی بۆ فیکری بارزانی مستەفا، ئەوە بپارێزێت کە کوردایەتی بۆ پراکتیزەکردنی بەپێی قۆناخ و سەردەمە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە ئەندامانی پارتی ئەوجا لەهەر پلەو پۆستێك بن، ئەو کاتە هەست بەگەورەیی خۆیان دەکەن کە بتوانن وەك خزمەتکار دەستەو نەزەر لەبەرامبەر فەرمانی گەلی خۆیان ڕاوەستن و ئامادەباش بن بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی گەلی خۆیان، ئەمەش ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە ئەرکی سەرەکی پارتی ئەوەیە:

ا- دەبێت ئەندامانی پارتی بزانن، سیاسەتی پارتی واتە ئەوەی خەڵك بەگرنگی دەزانێت و ئەوەی خەڵك دەیەوێت بۆی جێبەجێ بکرێت، بۆیە دەبێت خاڵی سەرەکی کە ئەندامانی پارتی جەختی لەسەر دەکەنەوە بایەخدان بێت بەخەڵك، بەخواستەکانیان.

ب- ئەندامانی پارتی دەبێت بزانن، حزبی هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ بۆئەوەی چارەسەر بەپێی ئیمکانییەتی سەردەم بۆ هەموو خواستی خەڵك و کەموکورتیەکانی کۆمەڵگە بدۆزێتەوە، دۆزینەوەی چارەسەریش ئەرکی سەرەکی پارتیە بەبێ ئەوەی منەت بەسەر هیچ لایەکدا بکات.

**پارتی وەك حزبێکی بەرپرسیار**

مێژووی بونیادنانی دەوڵەت و بونیادنانی نەتەوە، ڕاستیەکمان بۆ ئاشکرا دەکات، ئەویش ئەوەیە ئاکام بڕیار لەسەر هەموو شێوازێك دەدات، لەمبارەوە ئەبراهام لنکۆڵن کاتێك بڕیاری ئەوەیدا شەڕبکات لەپێناوی ئەوەی کۆتایی بەکۆیلە بێنێت و دووبارە پێناسەی کۆماری ئازادی ئەمریکای کردەوە، هێرشێکی ئەوتۆی کرایە سەر، کە لەکتێبی (لنکۆڵن: میراتی ئازادی) هاتووە، لنکۆڵن بەرامبەر ئەو هێرشانەی کراونە سەری گووتوویەتی: (ئەگەر خۆم بەوە سەرقاڵ



یان خۆشەویستی بۆ کوردستان هاوتای ئازادییە، شەیدای تاکی کورد بۆ ئازادی و سەرفرازی هیچ گومانێك هەڵناگرێت و تاکی کوردستانی قبوڵی ناکات ئازاد نەبێت، بۆیە پارتی هەوڵنادات تاکی کوردستانی بەمانای ئازادی ئاشنا بکات، بەڵکو هەوڵی پارتی لەو پێناوەدا هەموو تواناکان یەکبخات بۆئەوەی ماناکانی ئازادی بەجوانی دەربکەون و خەڵکی کوردستان هەست بەبوونیان بکات.

**٤-** جوانترین پێناسە کە مستەفا بارزانی بۆ ئەندامانی پارتی داڕشتووە ئەوەیە کە دەبێت ئەندامی پارتی خۆیان بەخزمەتکاری میللەتی خۆی بزانێت، گەیشتنیش بەپلەی خزمەتکاری میللەتی خۆت، لای بارزانی مستەفا کارێکی ئاسان نییە، بۆیە هەموو کات خۆزگەیەك بووە و هەوڵیداوە خۆی پێش هەر کەسێکی دیکە پێی بگات بۆیە گووتوویەتی: (چەند مەزنە مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت)، بەوردبوونەوە لەم گووتە بەرزەی بارزانی مستەفا و هەوڵدان بەهێز ئەو حزبەیە کە توانیبێتی جێگەی خۆی لەناودڵی خەڵکی خۆیدا بکاتەوە، هەروەك چۆن درەخت لەناو قوڵایی خاکدا جێگەی ڕەگەکانی خۆی دەکاتەوە، لەمەش گرنگتر دەبێت ئەندامانی پارتی بزانن، ئەگەر وەك ئەو درەختە ڕەگی پارتی لەناو دڵی خەڵکدا نەچەسپیبێت، ئەوا پارتی توانای گەشەکردن و پەلوپۆ هاویشتنی نامێنێت.

ج- لەبەر ئەوەی پارتی لەسەر بنەمای وەڵامدانەوەی خواست و پێداویستی خەڵك دامەزراوەو بێجگە لەجێبەجێکردنی خواست و هیواکانی خەڵك شتێکی دیکەی نییە، ئەوا دەبێت ئەندامانی پارتی دڵیان گەورە بێت و پشوویان فراوان بێت و لەوە تێبگەن، کە پارتی لەسەرەتاوە بۆ ئەوە دامەزراوە خەڵك خواست و پێداویستیەکانی خۆی ڕووبەڕووی پارتی بکاتەوەو، ئەوە ئەرکی سەرشانی پارتیە هەم بەڕوویەکی خۆشەوە گوێ بۆ خواست و گازندە و گلەیەکانی خەڵك بگرێت، هەمیش هەموو بکەم ئەوەی لەسەرم دەگوترێت وەڵامیان بدەمەوە، ئەوادەبێت واز لەهەموو شتێك بهێنم و خەریکی وەڵامدانەوەی ئەوانە بم.. من بڕیارێکم داوە (بەمەبەستی بڕیاری نەهێشتنی کۆیلەیەتی یە لەئەمریکا)، ئەگەر سەرکەوتم هەموو ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن، قسەکانیان هیچ مانایەکی نابێت و ئەگەر سەریش نەکەوتم من هەرچی بڵێم هیچ مانایەکی نابێت))، ئەم گوتەیە ئاستی بەرپرسیاریەتی لنکۆڵنمان بەرامبەر بڕیاری شەڕکردن لەپێناوی نەهێشتنی کۆیلەیەتی پێ دەڵێت، لەبەر ئەوەی لنکۆڵن بۆ ئەو شەڕە نەیتوانی ڕەزامەندی کۆنگرێس بەدەست بهێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی سەرۆکی وڵات بوو، دەستووری ئەمریکا ڕێگەی داوە سەرۆك لەکاتی پێویستدا بڕیار بدات بەبێ گەڕانەوە بۆ کۆنگرێس، بەو مەرجەی دوای کۆنگرێس لەسەر ئاکامەکەی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات، ئەوا لنکۆڵن لەو کاتەی بڕیاری شەڕیدا دەستی کرد بەدروستکردنی بینایەی کاپیتەڵ هۆڵ

و سەبارەت بەمە گووتویەتی: (من بڕیاری شەڕ دەدەم و بینایەی کاپیتاڵ هۆڵیش دروست ئەکەم، بۆئەوەی دوای تەواوبوونی شەڕ لەو بینایە ئەندامانی کۆنگریس لێپرسینەوەم لەگەڵدا بکەن)، ئاماژەکردن بۆ ئەم ڕووداوەی لنکۆڵن، بۆ ئەوەیە کە بزانین لەکۆمەڵگەی کراوە یان دیموکراتی، ناکرێت حزبێکی سیاسیی وەك پارتی کە ماوەی نزیکەی ٧٠ ساڵە لەگۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا حزبی یەکەمە و چی دەسکەوتێك بەدرێژایی ئەم مێژووە بۆ نەتەوە بەدەستهاتبێت یان لەسەر دەستی پارتی بووە یان پارتی ڕۆڵی سەرەکی تێدا گێڕاوە، ڕووبەڕووی ڕەخنە و هەندێ جار ڕەخنەی توندیش نەبێتەوە، بۆیە لەبەر ئەوەی مێژوو بەرپرسیاریەتێکی گەورەی خستۆتە سەرشانی پارتی، ئەوا پێویستە پارتی جەختکردنەوەی سەرەکی لەپیادەکردنی سیاسەتدا، جەختکردنەوە بێت لەسەر ئاکام و هەروەها بڕوای بەو قسەیەی لنکۆڵن هەبێت، ئەگەر پارتی سەرکەوتوو بوو، ئەوا ئەوانەی ئێستا ڕەخنەی لێدەگرن دوای دەرکەوتنی ئاکامەکانی سیاسەتی لۆژیکانەی پارتی ڕەخنەکانیان بێ مانا دەبن، خۆ ئەگەر خوانەخواستە سەرکەوتووش نەبوو، ئەوا ئێستا هەر چۆنێك بەشان و باڵی پارتی هەڵبدرێت ئەوکاتە بێ مانا دەبێت، ئەم مێتۆدە بەرەو ئەوەمان دەبات کە خاڵی جیاکردنەوەی پارتی لەهەر سەردەمێکدا، سیاسەتی واقعبینانەی پارتی بووە و جەختکردنەوە و بایەخدانی بووە بەو پێداویستیانەی کە لەو قۆناخەدا خەڵکی کوردستان بەگرنگیان زانیووە، ئەگەر لەمێژووی ئەم حەفتا ساڵەی ڕابردوو هەڵوەستەیەکی خێرا بکەین، دەبینن لەسەردەمە جیاوازەکاندا موزایەداتی سیاسیی جیاواز بەسەر سیاسەت و هەوڵەکانی پارتی کراوە، بەڵام ئێستا کە بەڕێز مسعود بارزانی داوای ئەوە دەکات گەلی کوردستان خۆی بڕیار لەچارەنووسی خۆی بدات، هەست دەکەی ئەوانەی پێشتر موزایەداتی سیاسیان بەسەر سیاسەتی پارتیەوە دەکرد، ئێستا مسعود بارزانی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە شەڕی دەرەکیان بۆ هەڵدەگیرسێنێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هەنگاوەکانی پارتی لەژێر سایەی مستەفا بارزانی و مسعود بارزانی، کوردیان لەکوێوە گەیاندۆتە کوێ و پێگەی کوردستانیان لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان لەکوێوە بردۆتە کوێ، ئەمەش ئەوەمان بیردێنێتەوە کە بەدرێژایی تەمەنی پارتی هەموو کات خەڵکانێك هەبوون لەبری ئەوەی بایەخ بە بەرنامەی سیاسیی خۆیان بدەن و هەوڵبدەن بەدیلی سیاسیی باشتر بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە بدۆزنەوە، هەموو کات کار و پیشەیان ئەوەبووە بەرنامە






بۆ پارتـــی دابنێن، هەروەك چـــۆن ئیتاڵیەكان دەیانویســـت عومەر موختار فێری تێگەیشتن لەقورئان بكەن، عومەری موختار پێی گووتن ئێوە قورئانەكـــەی خۆمانمان فێرمەكەن خۆمان دەزانیـــن قورئانی خۆمان چیمـــان پێ دەڵێت، ئەوانیش بەهەمان شێوەی ئیتاڵیەكان دەیانەوێت كوردایەتی بۆ پارتی پێناسە بكەنەوە، لەكاتێكدا خەڵكی كوردستان زۆر باش ئەركی كوردایەتی بۆ پارتی دیاریكردووە و پارتیش لەمیانەی ئەو ئەركەی گەلی كوردســـتان بۆی دیاریكردووە دەزانێت چۆن لەكوردایەتی تێدەگات و دەشزانێت كوردایەتی مانای گەیشـــتن بەئازادییە، بۆیە هیچ پێویســـت ناكات گروپ و لایەنی دیكە بەرنامە بۆ پارتی دابنێـــن یان پارتی فێربكەن چـــۆن كوردایەتی بكات، بـــەڵام ئەمەش بەو مانایـــە نییە كـــە پارتی لەســـەروو ڕەخنەوەیە یـــان نابێت ڕەخنەی لێ بگیرێـــت، نەخێر ئەوە ئەركـــی پارتیە خۆی زەمینـــەی ڕەخنە گرتن و ئـــازادی ڕادەربڕیـــن فەراهەم بـــكات، بۆیە خەڵـــك مافی خۆیەتـــی ڕەخنـــە لەپارتی و ســـەركردایەتی پارتی بگرێت لەســـەر ڕاست و دروســـتی و ئاكامی بڕیارەكانی پارتی، بەڵام هیچ لایەك مافی ئەوەی نییە تێكەڵاوی ئەوە بێت پارتی چۆن بڕیار دروســـت دەكات و چۆن بڕیارەكانـــی جێبەجێ دەكات، تەنیا پێوەرێك بۆ بڕیار و سیاســـەتی پارتی، پاراستنی ئازادییە. بۆیە ئەگـــەر بڕیارەكانی پارتی ســـەرئەنجام لەخزمەتی ئازادی و گەیاندنی كوردستان بێت بەرِۆژی ســـەرفرازی، ئەوا خەڵكی كوردستان ئەم ئەركـــە لەپارتـــی دەخوازێـــت و پارتیش مافـــی خۆیەتی هەموو هەوڵێكی بۆ ئەوە بێت فەرمانی سەروەریی خۆی كە گەلی كوردستانە بەجوانترین شێوە جێبەجێ بكات.

**ئەركی پارتی بۆ داهاتوو قورستر دەبێت**

ئەگەر دەستووری عێراق جێبەجێ نەكرێت، ئێمە لەئاییندەی عێراق بەرپرسیار نین، ئەم ڕستەیە ئەگەر دەقا و دەقیش گووتەی سەرۆك مسعود بارزانی نەبێت، مانای كۆی هەڵوێســـتەكانی ســـەرۆك مســـعود بارزانی-یە بـــۆ مانەوەی كوردستان لەعێراقدا، ڕاشكاوانەتر ئەگەر عێراق فیدرالـــی و دیموكراتی و پەرلەمانی و فرەیی نەبێت، ئەوا كوردســـتان ئامـــادە نابێت لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە، ئەم هەڵوێستە ڕاشكاوانەیە كە پارتی بەهۆی متمانەی خەڵكی كوردستانەوە پێیـــدراوە، لەهـــەر لایەنێكی سیاســـیی دیكە پشكی زیاتری بەردەكەوێت، ئەوا بمانەوێت یان نەمانەوێت لەداهاتوودا پارتی ئەركی قورســـتر دەبێت و دەبێت ئامادە بێت لەپێناوی پاراستنی ئەزموونی دیموكراتی هەرێمی كوردســـتان و بونیادنەوەی عێراقێكی دیموكراتی و فیدرالی قوربانییەكـــی گەورە بـــدات، پارتی پێش هەر لایەنێكی سیاسیی دیكە دەبێت باش لەو ڕاستیە تێگەیشـــتبێت، كە سەرۆك مســـعود بارزانی لەپێناوی جێبەجێكردنی دەســـتووری عێراق و بەدەستهێنانی لانی كەمی مافەكانی خەڵكی كوردستان لەم قۆناخە ئامادەیە قوربانی بەهەموو شتێك بدات و لەم هەڵوێستەشیدا هیچ دوودڵیەك بەدی ناكرێت، ئەوەی لەهەولێر بانگێشـــەی بۆ كردووە و لەئەنقەرەو واشـــنتۆن و پایتەختەكانی دەوڵەتانـــی ناتۆ و یەكێتـــی ئەوروپا و هەموو جیهانی لێ ئاگادار كردۆتەوە، لەمەش گرنگتر ئەوەیە كە گەلی كوردســـتانیش بەم هەڵوێستە كەمتر لەسەرۆك بارزانی و پارتی ڕازی نابێت، بۆیە لـــەم چوارچێوەیـــەدا قۆناخی داهاتووی پارتـــی قۆناخی وەڵامدانەوەی خواســـتەكانی گەلی كوردستان دەبێت لەسەر ئاستی نیشتمانی كە پێویســـتە هەرێمی كوردســـتان بەسنوری جوگرافـــی و مێژوویـــەوە بگرێتەوە، هەمیش دەبێت لەسەر ئاستی پێداویستیەكانی ڕۆژانەی خەڵكیش پارتی وەڵامدەرەوەی پێداویستیەكانی خەڵكی كوردســـتان بێت، ئەم خوێندنەوەیە بۆ پارتی یەك ڕاســـتیمان پێدەڵێت ئەویش ئەوەیە قۆناخەكانـــی پێشـــكەوتنی كۆمەڵگە چەند گۆڕانكاری بەسەردا بێت و چەند لەسەر ئاستی سیاسی بارودۆخەكە گۆڕانكاری بەسەردا بێت، ئەركـــی پارتی هەر یەك ئەركە و گۆڕانكاری بەســـەردا نایەت، ئەویش خزمەتكاری خەڵكی كوردســـتانە، ئەم ئەركـــەش ئەندامانی پارتی بەرەو ئەو لوتكەیە دەبات (چەند مەزنە مرۆڤ خزمەتكاری میللەتی خۆی بێت).

**هەنگاوەكانی پارتی لەژێر سایەی مستەفا بارزانی و مسعود بارزانی، كوردیان لەكوێوە گەیاندۆتە كوێ و پێگەی كوردستانیان لەسەر ئاستی ناوچەكە و جیهان لەكوێوە بردۆتە كوێ**

# حزب وەک ئامراز



د. سەربەست نەبی
تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی



**حزبەکان پێوەندی نێوان هاووڵاتیان و پرۆسەی سیاسی و پیادەکردنی پێکەوە دەبەستنەوە**

تاك خۆی لەڕێگەی کۆمەڵــەوە دووپات دەکاتەوە،نەك لــەدژی ئەو،ئەوەیـــان گوزارشـــتی یەکێکە بـــەو هەمــوو هزروخواســت وبیروبۆچوونـــەی کە هەیەتـــی، ئەمەش وا دەخوازێـــت لەگەڵ کۆمەڵـــدا پێکەوە بەشـــداربێت،جا بۆ ئەم مەبەســـتە تاك ئامادەگیی خـــۆی دەردەخات تا زیاتر گوێڕایەڵیی ڕێکخســـتنی کۆمەڵایەتی بێـــت، هەرکاتێك ڕەوشەکەی نائومێد بێت بە پێچەوانەی مەبەست و بەدەست خـــەم وکۆییلەیـــەوە بناڵێنێت جا هەر جۆرێـــك بێت ئەوا لەبەرامبەردا کۆشـــش دەکات بۆ ئازادبـــوون، بە واتایەکی دیکە،هەرچەند دووربێـــت لە وەدیهێنانـــی ئابڕوومەندیی مرۆڤایەتی، ئەوەندە ئامادەیە بۆ بەســـتنەوەی چارەنووسیی تاکایەتیـــی خۆی بە چارەنووســـی کۆمەڵێکەوە،بۆ ئەوەی لـــەم واقیعـــەی ئێســـتای دەربازبێـــت، ئەمەشـــە نهێنی ئەوەی کە تاکەکان دەچنە ریزی ڕێکخســـتنی سیاســـی و کۆمەڵایەتییەوە،ئینتیما بۆ کۆمەڵەیەکی ڕێکخراوی مرۆیی دەکەن، ئەمە دانپێدانانە بەوەی ئەو ڕێکخســـتنە هۆشیارە بە تەواوی دەتوانێت لەبەرامبەر چەنـــد کردارو پابەندبوونێکدا ڕێـــڕەوی ئاراســـتەکەی رووەو ئامانجـــە دیاریکراوەکانی ببات،کە ئامانجـــی تایبەتیی ئەون و لەهەمان کاتیشـــدا خواستی هاوبەشـــن، واتا خۆڕادەست کردنە بە توانای ئەو ڕێکخستنە کە دەتوانێت سنوور بۆ هەڵسوکەوتی تاکەکەسی و ئارەزووە تایبەتیەکانی دابنێت، کەپێویســـتە دەستبەرداریان بێت و خۆویســـتانەش ئامادە بێـــت و،قایلیش بێت بە چەند شێوازێکی چالاکی و هەڵسوکەوت،جا لەسەر هەمووی ئەوانە پێویستە کە دێنە ریزی ئەندامێتیی ئەم ڕێکخستنەوە باوەڕ بەم داواو داخوازیانە بهێنن،هەوڵ و قوربانیش بدەن، هاوکات تاك ڕێژیان لێبگرێت، ئا ئەمەیە دەسەڵاتی حزبی سیاسی و لە بەرامبەریشدا ئەرکی ئەندامی حزبی.

جیاوازیـــی ماددی و مەعنەویی نێـــوان تاکەکان ڕەگی قووڵی هەموو کێشەو ململانێی بەرژەوەندییەکانە، جیاوازیی کۆمەڵایەتـــی وکەلتووری لە دێرزەمانەوە بوونیان هەبووە،کە دەبووایـــە لە ئامرازێکـــی کۆمەڵایەتی ورێکخســـتنێکی سیاســـیدا دەربکەوتنایە،مەبەســـتیش لەمـــەدا وەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانـــی هەمـــوو لایـــەك و نوێنەرایەتی کردن و بەرجەستەکردنیانە لەسەر ئەرزی واقیعدا، ئا لێرەدا پێویستیی مێژوویی لە بوونی حزب و کۆمەڵگە ڕێکخراوە مرۆییەکاندا ســـەرهەڵدەدات، وەك گوزارشـــتێکی ئامرازی سیاســـی تایبەت بە خواســـت و بیروبۆچوونی ئەو لایەنە لە هەمبەر کێشـــەکاندا،حزب ئامرازێکی مێژوویـــی وکۆمەڵایەتی و سیاسییە بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندیی هێزە کۆمەڵایەتییەکان وبەرجەســـتەکردنیان لەسەر شـــانۆی مێژووییدا،بۆیە دەبێتە هۆکارێکی ماددی و مرۆیی بۆ گوزارشـــت کردن لە بیرو هزر،کە مرۆڤ هەردەم لـــە ململانێدایە لەو واقیعەی تێیدا دەژییێت.

لەم ســـۆنگەیەوە حزبە سیاســـییە تـــازەکان هاتنەئاراوە، لەوەتەی شۆڕشـــی فەرەنسا (یەعقوبییەکان و شاخاوییەکان وجیرۆندییەکان)کە کاریگەریی تەواویان هەبووە لە پێکهێنانی سیستەمی سیاسی لە فەرەنسادا،حزبە ئەوروپییەکانیش وەك حزبـــە ئینگلیزییەکان کە لە مێژوودا کۆنترن، ئامرازی کارا وهۆکاری ســـەرەکیی بوون لە گۆڕانکاریی و گەڵاڵەکردنی سیستەمی سیاســـیی لیبرالدا، بەڵام ئەوەندەی نەبرد حزبە ئەمریکییەکان کە بۆ وەدیهاتنی یەکێتیی دروستبوون، بوون بەو ئامرازە بەتوانایانەی کە سیاســـەتی ئەمریکا ئاراســـتە بکەن.

بێگومان چەندین جیاوازی هەن لە سیماو خەسڵەتەکاندا،کە حزبە هاوچەرخەکان لە حزبـــە کۆنەکان جودا دەکەنەوە،بەڵام لەبەرامبەریشدا هەیانە لە ڕووی فۆرم و پسپۆرییەوە یەکیان دەخات، بـــۆ نموونە هەموویان هاوبەشـــن لەوەی کە حزبی جەماوەرین،واتـــا لە هەموو ئاســـتێکی کۆمەڵایەتییان تێدا هەیە،بـــێ ڕەچاوکردنی ئینتیمای پێشـــتریان، وەکو ئایین و خێزان و چین وتوێژ، بەتایبەتیش لە لەدۆخی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیدا، ئەم ســـەربەخۆییەی سەرجەم توێژەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەرووی پرانســـیبەوە پێکهاتەیی چینایەتی و جیـــاوازی ئەندامانـــی حزبەکانیان قبووڵـــە، مادامەکی بەرژەوەندیی هاوبەشـــیان هەبێت لە ئازادیـــی نەتەوەیی لە ســـەردەمێکی دیاریکراودا،هەر بۆیە ئەو تاکانە لارییان نییە لـــە هاتنەریزی ئەو حزبانەوە مـــادام بەرژەوەندیی مێژوویی کۆیان دەکاتەوە.

لەبەرامبەردا حزبە چینایەتـــی و بیروباوەڕپارێزەکان بەوە دەناســـرێنەوە کە تاکـــەکان کۆ دەکەنەوەو لەســـەر بناغەی بارودۆخی ئابووریان و نوێنەرایەتی کردنی خواستەکانیان، ڕێکیان دەخەن، ئەم حزبانە زیاتر شـــێلگیرو توندن لە بەرنامە و بیروباوەڕەکانیاندا، تاکو هەموو ئەندامانی هەســـت بەوە بکـــەن کە یەك چارەنووســـی مـــاددی و دنیاییـــان هەیە، هاوکات تیۆرێکـــی کۆمەڵایەتیـــی دیاریکراویان هەیە لە بوون و چارەنووســـدا،کەبێبەری نین لـــە بەهای مۆراڵی و میتافیزیکی.سۆشیالیســـتە رووســـەکان ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە فەلسەفەی حزبی خاوەن بیروباوەڕ، کەپێیان وابوو حزب لەپاڵ ئەوەی ئامرازە گوزارشت لە هۆشیاریی سیاسیی بەرژەوەنـــدی و ئامانجەکانی کۆمەڵێـــك دەکات.لە هەموو حاڵەتێکدا ژیانی حزب دەوەســـتێتە ســـەر ئاستی ڕێکخستن وپابەندبوونی ئەندامەکانی وپلەی هۆشیارییان و ئامادەبوونیان بۆ کارکردن لە پێناو بەرجەستەکردنی دروشمەکان، ئەم پرسە ڕیشـــەییەش لە تیۆری حزبدا تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەســـتە بە گرنگیی داخوازییەکانی ئەوحزبەو بە ئاســـتی گوتاری سیاســـی و تا چەند ئەوگوتارە بەدەم پێداویستیی بەپەلەی جەماوەروتوێژەکانەوە دێت، هەر ئەمەشە بناغەی چەسپاوی گەورەیی ڕۆڵ و شکۆمەندیی هزری ئەو حزبە.

لە بەرانبەردا بە تەنیا نابێت حوکم لەســـەر حزب بکەین چ لە ڕێگـــەی ناوەکەیەوە یان لە میانەی ئەو دروشـــم و تەوزانەی کە ڕایاندەگەیەنێت، وەك چۆن لینین بە بەردەوامی ڕایدەگەیاند، بەڵکو لە میانەی هەڵوێســـتە پراکتیکیەکان و دەرئەنجامە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆیەکانییەوە بۆ چالاکییە فیعلیەکانی کە ئەنجامیان دەدات حوکمی لەســـەر دەدرێت، بەو شـــێوەیە هەیبەتی بیرو دروشمە ڕاگەیاندراوەکانی حزب دەبنە هەیبەتی پیادەکردنی مێژوویی یان دەبنە هەیبەت بۆ

هەڵوێست و ڕەفتار، ئەگەر تۆکمەیی ناوخۆیی حزب لەوەدا بێت کە لە پلەی دیسپلین و ئاستی ڕێکخراوەیی ئەندامانیدا ڕەنگبداتەوە، ئەوا تۆکمەیی دەرەکی حزب لە پلەی چەسپاوەیی و مەبدەئەکانیەوە ڕەنگدەداتەوە، کە پێوەندی توندوتۆڵی نێوان تیۆرو پراکتیك دەرخەرێتی و هەروەها نزیکایەتی دروشم و کردارەکانیشی بەو شێوەیە بەرجەستەدەبێتەوە، کە تێکڕا پێکەوە حزب بریتی دەبێت لە یەك یەکەی تیۆری و تەتبیقی، پتەوی و تۆکمەیی دەرەکیانەی حزب لە هەڵوێستە تیۆرییە ڕاگەیاندراوەکانیەوەیە، ئەم بەرجەستەبوونە مەبدەئیە هەست پێکراوە دیاری دەکات، بە تایبەتیش لە سلوك و پیادەکرنی سیاسیدا، هەر جیاوازی بوونێك لە نێوان وتەکان و کردارەکاندا بۆ خۆیان دەبنە حاڵەتێکی پاسیۆلۆژی بۆ هەیبەت شکاندنی دەرەکیانەی حزب، هەروەها کار لە ئاستی مەبدەئییانەی هەبوونی سیاسیانە دەکەن، هێمایەکیشن بۆ کەوتنی ئەرکە مێژووییەکەی، لەهەموو حاڵەتەکاندا خەسڵەتەکانی پێشووی حزبەکان کە لەشێوەو قاڵبی حزبە شۆڕشگێڕییەکاندان و زەمانی پێشتر لەخەباتی نهێنیدا کاریان دەکرد بەتایبەت لەهەردوو زەمانی سەدەی نۆزدەیەم و بیستەم کە لەژێر سایەی ململانێیەکی تەقلیدییانەدا بوون بۆ گەیشتن بەدەسەڵات و لەغیابی دامودەزگا دیموکراتیەکاندا هەڵدەسوڕان کە ئەو دەزگایانە بۆ خۆیان هەلومەرجی یاساییان بۆ بەشداریکردنی سیاسی ئاشکراو کراوە زامن کردووە، بەو شێوەیە لەسەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە لەو کاتەوەی کە دەوڵەتانی جیهانی خۆرئاوا لەجەنگی دووەمی جیهانییەوە سەرکەوتووانە وەدەرکەوتن، وەرچەرخانێکی قووڵ لە پێکهاتەی دامودەزگاکانی دەوڵەت و داڕشتنەوەی دەستوورەکاندا روویاندا، بۆ زەرووڕەتی بەشداریکردنی سیاسی گشتی کۆمەڵێك روانینی نوێ گەڵاڵە بوون، لەمەوە بە دوا زۆر لەشێوازە نوێیەکانی کاری هاوبەشی سیاسی جەماوەری پەرەی سەندووە، ئەمەش رەنگی دایەوە لەسەر شێوازو ڕێبازەکانی کاری حزبییانە، ئێستا سەمتێکی مەعریفیانە لەزانکۆو پەیمانگا جیهانییەکاندا لەژێر ناوی زانستی بەراوردکاری حزبە سیاسیەکان پشتی پێ دەبەسترێت، کە توێژەران بەقەناعەتێکەوە پێیان وایە گەورە بوونی قەبارەی بەشداریبوونی سیاسی و پەرەسەندنی شێوازەکان، لەڕێگای حزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوە ئەهلیەکان و چوارچێوە مەدەنیەکانەوە قەبارەیان گەورەتر دەبێت، ئەوەش دروستترین دەروازەیە بۆ گەیشتن بەهاووڵاتیبوونێکی تەندروست و ژیانێکی خاکڕاییانەی نیشتمانپەروەری تۆکمەو پشتبەیەك بەستوو، بەپێچەوانەی ئەمەوە لەکۆمەڵگادا جۆرێك لە ڕەشبینی سیاسی هەموو کەناڵەکانی ژیان دەتەنێتەوە، هەروەها هەستکردن بە نابەرپرسیاری و ناوابەستەبوون لای هاووڵاتیان بڵاودەبێتەوە، بەمشێوەیەو لەم سیاقەدا حزبەکان پێوەندی نێوان هاووڵاتیان و پرۆسەی سیاسی و پیادەکردنی پێکەوە دەبەستنەوە، کە لێرەدا چوارچێوەیەکی مەرجەعی بۆ بەهای سیاسی و ئامانجە گشتی و هاوبەشەکانی حزب دەردەکەوێت کە پێویستە وەڵامدەرەوەی بەرژەوەندییە ئەکتیفەکانی کۆمەڵگا بێت، بەمشێوەیە ئەم دامودەزگایە ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لەئاڕاستەکردنی ڕەفتاری سیاسییانەی هاووڵاتیاندا، ئەگەر نەبوونیان ئاماژە بێت بە دۆگمائیەت و نارێکی بزاڤی سیاسی، ئەوا ڕێگە لێگرتن و بەربەست بۆ دانان لە بەردەم هەر ڕەفتارێکی سیاسی بەبڕیارێکی دیکتاتۆریانەوە جۆرێك لەبۆشایی سیاسی و ئایدیۆلۆژی دەخولقێنێت، کە ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ خیتابێکی ئایدیۆلۆژییانەی سیستمکراوی سیاسی و دواجارئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە ناکرێت مەترسییەکانی ئەم هەڵوێستە بەکەم وەربگرین، مێژووی نزیك لەسیستمی سیاسی پێمان دەڵێت: ئەو مێژووەی کە بنەماکانی بەشداریبوونی ئازادی و دیموکراتی و ئامرازەکانی بە بنبەست دەگەیەنێت، بەربەست بۆ هەموو بەشداریبوونێکیش دادەنێت چ تاکگەراییانە بن یا بەشداری بوونی هاووڵاتیان خۆیان بێت، بەو شێوەیە ڕێگا بۆ ئایدیۆلۆژیا خۆش دەبێت کە بەرەو پەڕگیریی و توندڕەوی بڕۆن، چ توندڕەوی ئاینی یا تایەفەگەری و ئیتنی..تاد


دواتر ڕێگا خۆش دەکات بۆ جۆرێك لەخزانی کۆمەڵگای مەدەنی بەرەو ئینتما دەمارگیرو دواکەوتووەکان، بەمشێوەیە ناکۆکی ناوخۆیی لەنێوان پێکهاتەکاندا دروست دەبێت.

دەرکەوتنی کۆمەڵگەی تازە ئاماژەیەکی کۆتاییە بۆ ئازادبوونی تاکێتی مرۆڤ لە شێوە سیستمەکانی پێشووی کۆمەڵایەتی و ئاماژەشە بۆ پەرەسەندنی ئەو مرۆڤە و وەرچەرخانێتی بەرەو گەیشتن بۆ ئاستی زیندەبووەیەکی سیاسی هاوبەشانەی گشتی کە نەوەستێت لە چوارچێوەی دیاریکراوی بابەتی بووندا، بەڵکو لە ناو شێوازێکی باڵاتری ئینتیماییدا خۆی لەگەڵ ئەوانی تردا دەبینێتەوە، واتە پێکهاتەکەی حزبی سیاسی تێدەپەڕێنێت، بەو سیفەتەی لە ئەنجومەنێکی ڕێکخراوترو بە شێوەیەکی هاوچەرخانەتر ئینتیما تاکگەراییەکانی پێشووی خۆی تێدەپەڕێنێت، لە بەرانبەردا گەورەترین هەڕەشەی وێرانکەر بۆ پرۆسەی دیموکراتیەت لە لایەن حزبەکانەوە لەوەوە هەڵدەقوڵێت کە دەسەڵاتخواز بێت و وا لە کۆمەڵگەی سیاسی کارا بکات بچێتە خانەی ئۆلیگارشیەتی دەسەڵاتخوازی و دوور بکەوێتەوە لە مەدەنیەتی کۆمەڵگەیی و سیمای دەوڵەتیانە، ئەو حزبە دەسەڵاتخوازانە تەنیا ئامانجیان دەسەڵات سەپێنیەکەی خۆیان دەبێت و بەس، لە ئامانجە بنەڕەتیەکانی خۆیان لادەدەن کە ئامانجەکە لە بنەڕەتدا خزمەتگەیاندنە بە بەرژەوەندییەکانی گشتی کۆمەڵایەتی و نوێنەرایەتی کردنی ئەو بەرژەوەندییانەیە، لە بری ئەوانە بەرژەوەندی تاقمێکی سیاسی دەپارێزن، لەمەوە گەندەڵکاری سیاسی بەرفراوان تەشەنە دەکات، وەك لەو پرۆسە دیموکراتیەتانەی لە ئیتاڵیاو تورکیا بوونیان هەیەو هاوشێوەی ئەوان دەردەکەوێت، کە ئەوانە ناسراون بەوەی دیموکراتیەتی نائەوروپین، لەم ڕووەوە ئالان تۆرین سەرنج لە گەندەڵکارییەکی مەترسیدارتر دەدات، بەوەی دیموکراتیەت چیتر ئەو شێوازە دەبێت کە ڕێگە بۆ حزبە سیاسیەکان خۆش دەکات تا سامان کەڵەکە بکەن، بە شێوازێکی فرەو سەربەخۆییانەی دوور لە هاوبەشیکردنی خۆبەخشانەی ئەندامانی ئەو سامانە قۆرخ دەکەن، بەم شێوەیە داماڵینی دیموکراتیەت لە خەسڵەتە بنەڕەتیەکانی نوێنەرایەتی ڕاستەقینەو دواجار جۆرێك لە فەوزا خستنەوە، فەوزایەکی وەها کەتیایدا تاقمێکی حزبی قۆرخکاریی ئابووریی ڕێگە بۆ دیکتاتۆریەت خۆش بکەن تا لە کۆتاییدا بێنە پێشی پێشەوەو هەموو شتەکان بندەستی خۆیان بخەن..

**ئەگەر تۆکمەیی ناوخۆیی حزب لەوەدا بێت کە لە پلەی دیسپلین و ئاستی ڕێکخراوەیی ئەندامانیدا ڕەنگبداتەوە، ئەوا تۆکمەیی دەرەکی حزب لە پلەی چەسپاوەیی و مەبدەئەکانیەوە ڕەنگدەداتەوە**

**ڕێگە لێگرتن و بەربەست بۆ دانان لە بەردەم هەر ڕەفتارێکی سیاسی بەبڕیارێکی دیکتاتۆریانەوە جۆرێك لەبۆشایی سیاسی و ئایدیۆلۆژی دەخولقێنێت، کە ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ خیتابێکی ئایدیۆلۆژییانەی سیستمکراوی سیاسی**

# حزبی سیاسی...دەوڵەت.. کۆمەڵگە..
# رامان لە رۆڵی حزبی سیاسی لە کۆمەڵگەی نەریتپارێزدا



دکتۆر شێرزاد نەجار*
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویتی

حزبی سیاسی بە توخمی جەوهەری دیموکراسییەت و دەوڵەتی نوێ دەژمێردرێت،لەبەر ئەوەی حزبی سیاسی ئەو ئامرازەیە کە بۆ پەیرەوکردنی تاك و گروپەکاندا زۆر پێویستە وکاریگەریی کۆنکریتیی هەیە لەبەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی کۆمەڵگە و دەوڵەت،بۆیە بە ئامرازێکی میانگیریی نێوان هاونیشتمانیان ودەوڵەت دادەنرێت، واتا نێوان کۆمەڵگەو سیاسەت، لەم چوارچێوەیەدا حزبی سیاسی رۆڵێکی گرنك لە نێو دەوڵەتدا دەبینێت لەبەر ئەوەی پلەوپۆستی سیاسییان تێدا هەیە، هەر بۆیە کاریگەریی روونیان لە بڕیارو سیاسەتەکانی دەوڵەتدا هەیە،ئەمەش ئەوە دەردەخات کە حزبی سیاسی دەسەڵاتێکی زیاد لە ئاسایی هەیە،بەڵام ئایا ئەمە راستە و کاریگەرە لە کۆمەڵگە نەریتپارێزەکاندا کە هەوڵ دەدەن پێ بنێنە قۆناغی گۆڕانکاری ونوێبوونەوە؟

* بەر لە چوونەناو ئەم بابەتە، گرنگە لە سەرەتادا دوو هێمای گرنگ وەك دەستپێکی شرۆڤەکردن بخەینەروو:

١- ئەو کۆمەڵگەیانەی کەوتنەبەر نوێبوونەوەی ئەوروپا یان نوێبوونەوە لەسەرەوەڕا، ئەویش لەمیانی گواستنەوەی دەزگاکانی فەرمانڕەوایی ئەورووپی لەلایەن بژاردە سیاسییەکان یان سەرکردەنوێخوازەکانەوە، ئەوکۆمەڵگانە دووچاری ململانێیەکی سووکی شاردراوە بوونە لەنێوان ئەودەزگایانەدا،یەکەمیان:دەزگا نەریتییەکان(هۆز یان خێزان یان تیرە یان ئایینزا ) دووەمیان:دەزگا تازەکان : (پەرلەمان یان حزب،یان بەرژەوەندخوازان تاد..)

زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەم ئەم جۆرە ململانێیەی نێوان ئەو هەردوو جۆرەدەزگایەی بەخۆوەبینیوە.

٢- شارەزایی ئەو کۆمەڵگەیانە تا بە ئەمڕۆ دەگات لەسەر کۆششی بەردەوامیی دەوڵەت بووە بۆ لاوازکردنی کۆمەڵگە ودابڕانی لەتواناوهێز.

دەوڵەت هەوڵی داوە بوونی خۆی لەسەر حسابی کۆمەڵگە بچەسپێنێت،ئەویش لە رێی گۆڕینی دەزگا سروشتییەکانی کۆمەڵگە تا دەزگای تازەیان بخاتە شوێنیانەوە.ئەمەش لەمیانی پرۆسەیەکی خۆداسەپاندن زیاتر لە قەناعەت پێهێنان کەپشت بە بڕیارێکی دەسەڵاتخوازی دەبەستێت لەبری خوڵقاندن و پەرەپێدانی کلتووری سیاسی، هاوکات بە هێنانەئارای گۆڕانکاری لە سەرەوە زیاتر لەوەی لە ژێرەوە پەرەی پێبدات،ئەم حاڵەتەش جۆرێك لە بەرهەڵستیی نەریتیانەو شاردراوە لەبەرامبەر ئەو دەزگا تازانە دێنێتەئاراوە کە لە کلتوورێکی نەریتخوازانە سەرچاوە دەگرن و رەتکردنەوەی شاردراوە لە بەرهەڵستیی ئاشکرا بە پەسندتر دەزانن،هاوکات لەهەوڵی ئەوەدایە کە توخمی کات بقۆزێتەوە و گرەو لەسەر پەکخستنی ئەوانە دەکات کە بەرهەڵستیان دەکەن لەمیانی هاوبارگەنەبوون و رێکنەکەوتنی راستەقینە.

ئەگەر سەیری ئەزموونی ئەو کۆمەڵگایانە بکەین، دەبینین کە حزبە سیاسییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەریانهەڵدا و ئەو کاتە لە دەرەوەی چوارچێوەی سیستەمی سیاسییدا بوون،بگرە لە دەرەوەی گشت پرۆسە سیاسییەکەدا،چونکە بریتی بوون لە بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی، بە شێوەیەکی گشتی ئەوحزبانە نەبوون کە لە ئەدەبیاتی بەراوردکاریی سیاسی ناسراون،بەپێچەوانەی حزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا،کەحزبی سیاسییان تێدا بوو بە بەشێکی بنەڕەتیی سیستەم و دەزگای سیاسی،هەروەك بیرمەندی ناوداری بواری دەستووری (جۆرج پێردۆ) باسی دەکات کە دەوڵەتی تازە دەوڵەتی حزبە سیاسییەکانە. واتا ناکرێ دەوڵەت بوونی هەبێت بە بێ بوونی حزبی سیاسی.

*وێرای ئەوپەرەسەندنەی لەچەمك وئەرکی حزبی سیاسی لەجیهانی هاوچەرخدا سەری هەڵداوە، ئەو پرسیارەی کە زیاتر خۆی دەسەپێنێت پەیوەستە بە رۆڵی حزب لە کۆمەڵگە نەریتپارێزەکاندا،لەبەر ئەوە ئەم پرسانە دەوروژێنرێن:

بۆچی ئەو شێواندنە توندەی پیادەکردنی سیاسی لەلایەن حزبە سیاسییەکانەوە هەیە؟بۆچی ئەو یاخیبوونە بەرامبەر پەرەسەندن یان چاکسازیی لەنێو ئەوحزبانەدا بوونی هەیە؟ ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە تەگەرە لەبەردەم پەرەسەندنی دیموکراسی لەوکۆمەڵکانەدا؟بۆچی حزبە سیاسییەکان رۆڵی دینامیکی لەو پەرەسەندنانەدا ناگێڕن؟ئایا ئەمە حاڵەتێکی رەسەنە یان دەرئەنجامی هۆکارەکانە کە دەکرێ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و چارەسەر بکرێن؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە چەندین وەڵام لەئارادان، گرنگترین و راستتریان ئەوەیە کە ئەم دیاردەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ یاخی بوون لە دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وبەتایبەتیش لەکۆمەڵگەنەریتپارێزەکاندا،دەیگەڕێنێتەوە بۆ:

*پێکهاتەی رۆشنبیریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتیش ئەوپاشماوە کۆنەی فەرمانڕەوایی یان ستەمکاری یان دیکتاتۆری

* هۆکارەکانی هەیکەلبەندی کەپەیوەستە بە هێزو هەژموونی دەوڵەت.

* هۆکارە پراگماتییەکان کە پەیوەستن بە ترسی سیستەمە سیاسییەکان لە دیموکراسییەت چونکە دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئەو سیستەمانە.

* قەیرانی حزبەکان کە پەیوەستە بە بارودۆخی پەیدابوونیان و ئەوهێزانەی کە لەپشت دامەزراندنیانەوەیان دەوەستن و پەیوەندییان بە حوکمەوە هەیە،هەروەها ئاستی نوێنەرایەتی کردنی چین وتوێژەکۆمەڵایەتییەکان و رادەی لایەنگیریی میللی بۆ ئەو حزبانە، دواتر ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکانیان و سەرچاوەکانی هزریان.

* لەم شرۆڤەکردنەدا،دەکرێ بنچینەی قەیرانی حزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەنەریتپارێزەکان بۆ ئەم خاڵانە بگێڕینەوە:

* قەیرانی رۆشنبیری سیاسی لەوکۆمەڵگایانەدا کە تێکەڵەیە لە کلتوری گۆشەگیری و گوێڕایەڵی و ملکەچکردن

* قەیرانی سیستەمی سیاسی کە ئاراستەیەکی گشتی هەیە بۆ قەبەکردنی هێزی دەوڵەت و سەرکردایەتی کردنی پرۆسەی سیاسی راستەوخۆ لەلایەن خودی دەوڵەتەوە، هەربۆیەش دەوڵەت بووەتە خاوەنی هەموو رەهەندو توخمێك کە بناغەن بۆ داینەمۆی پرۆسەی سیاسی و تاکە گۆڕانکارییە جەوهەرییەکان.لەبەر

ئەوە دەستوور دەبێتە گوزارشتکاری خواستەکانی فەرمانڕەوا و گشت مافێکی دەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی میللەتدا، دەستوور دەسەڵاتێکی ڕەهای داوە بە فەرمانڕەوا کە بەشدارییەکی فراوانی هەبێت لە دەسەڵاتی یاسادانانندا، کە مافی پێشنیارکردنی یاساکان و دەرکردنی مەرسومی هەیە بە هێزی یاسا لە دۆخێکی دیاریکراودا.هەروەها ڕەخنەگرتن لە پرۆژە یاساییەکان، وێڕای ئەو دەقە دەستوورییانەی گوزارشت دەکەن لە مافی پێکهێنانی ڕێکخستنی حزبی سیاسی، بەڵام دەوڵەت لەوکۆمەڵگانەدا توانیویەتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی قۆرخ بکات و بەگوێرەی پێوانەو خەسڵەتەکانی خۆی پێکیان بهێنێت.

* قەیرانی دامەزراوەیی: بریتییە لە سەرەڕۆیی تاك و لاوازیی دامەزراوەکان کە یەکێکە لە لاوازترین خاڵی مێژوویی لەسیستەمی نەریتپارێزیی سیاسی، ئەو کۆمەڵگە نەریتپارێزانە بە درێژایی مێژوو سەرهەڵدانی ئەو دامەزراوانەیان بەخۆوە نەدیوە کەبەرهەڵستیی تاکی فەرمانڕەوا بکەن،یان بەرامبەر دەسەڵاتی تاکەکانی بژاردە یان تاکە حزبی فەرمانڕەوا بوەستنەوە،سیستەمی سیاسی کۆمەڵگەی لەسەر بناغەی تاکەکان بنیاد ناوە نەك لەسەر دامەزراوەکان، کە نەچەسپاون و دەبنە تەوەری سیستەمی سیاسی و ئەوهێزانەی جووڵێنەریانن وکارەکانیان رایی دەکەن،بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم دەزگایانە بوونەتە پاشکۆی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا.

* قەیرانی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە:کۆمەڵگە نەریتپارێزەکان بە درێژایی مێژوو سیستەمی فەرمانڕەواییان بەخۆوە بینیوە، کەتییدا دەوڵەت وەك تاك وبنەماڵە ستەمکار بەڕێوەی بردوون،بەڵام ئەمەیان شوێنەواری نەرێنیی حوکمیان لێنەکەوتۆتەوە هەروەکو مێژووی تازە و هاوچەرخ پێناسەی دەکات، چونکە مێژووی پێوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە نەریتپارێزەکان هەر وەك توێژەر( مجدال Migdal ) ئاماژەی بۆ دەکات نموونەی دەوڵەتی لاواز و کۆمەڵگەی بەهێزن تەنانەت هەندێ جار کۆمەڵگە زۆر بەهێز دەبێت کە دەتوانێت پارێزگاریی لە پەرەسەندنی خۆی بکات،جا ئەگەر دەوڵەت هەرەسی هێنا یان لاواز بوو،مانای وا نییە کە کۆمەڵگە لاوازە و هەرەسی هێناوە.

*قەیرانی پەیوەندیی نێوان ڕەوتی نەریتپارێز و ڕەوتی نوێخوازی:کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی بارێکی ململانێ بەخۆوەدەبینێت لە نێوان دەزگا تازەکان لەسەر نموونەی ڕۆژئاوا( سوپا،دامەزراوەی بیرۆکراتی، حزبە سیاسییەکان) و لە نێوان دامەزراوە نەریتپارێزەکان( خێزان، تیرە، هۆز)کە ڕاستەخۆ لەنێو ئەو کۆمەڵانەدا پەرەیان سەندووە، ئەمەش بووە هۆی بەشبەش بوونی کۆمەڵایەتی وسیاسی وکلتووری و پەیدابوونی حاڵەتێکی بەردەوامی ململانێ و گرژی و لەناوبردن بە جۆرێك هەر بەشێکی کۆمەڵگە دەیەوێت بەشەکەی دیکە لەناوبەرێت و چالاکییەکەی لاواز بکات.

ئەوەی کەپێوەستیشە بە حزبە سیاسییەکان وەك دامەزراوەیەك کە لەسەر نموونەی ئەورووپی بنیادنرابن،ئەمانە بۆ ئەوە هاتوون شوێنی دەزگا نەریتییە ناوبژیکارەکان بگرنەوە(وەك تیرەو پیشەو سەندیکاو دامەزراوەکانی زانا وبازرگان وپیاوماقوولان و دامەزراوەکانی هۆزو ئایینزاکان..تاد ) کە کار دەکەن بۆ لاوازکردنیان، بەڵام بەتەواوی لەبەین نەبران، تەنیا بە لاوازی مانەوە،بەمەش هەوڵیشیدا ڕێگە بە حزبی سیاسی نەدات تا سەقامگیر بێت و ڕەگ داکوتێت،دەرئەنجام دزەی کردە جەستەی حزبە سیاسییەکان و بە ڕەنگی خۆی دایپۆشین و هەوڵی دا ئەوحزبانە بکاتە درێژکراوەی سروشتیی خۆی، ئا بەم شێوەیە حزبی سیاسی لەکۆمەڵگە نەریتپارێزەکاندا شکستی هێناو نەیتوانی ئامانجەکانی بە تەواوی بێنێتەدی،بۆیە ئێستا حزبی سیاسی (نەخاسمە لەکۆمەڵگە نەریتپارێزەکاندا ) لەم سەدەی بیست ویەکدا بەرەوڕووی چەندین بەربەست دەبێتەوە کە هەندێکیان پەیوەستن بە بینای حزبی تازەی سیاسی یان نوێکرنەوەی بەشێکی دیکە، بە تایبەتیش لەو دەوڵەتانەی کە دیموکراسییەتیان تێدا نییە،ئەو حزبانە دەبووایە تەنیا ئەرکە بنەڕەتییەکانیان ئەنجام نەدابایە لە «هێنانەکایەی دیموکراسیەت» و کاندیدکردنی کادیر بۆ پۆستەکان وخۆسازدان بۆ هەڵبژاردن و هەیکەلبەندیی ئەجیندای سیاسی و پێکهێنانی حکومەت)بەڵکو دەبایە کاراکتەرێکی بنەڕەتی بانایە لە دامەزراندنی حکومەتێکی تازەی دیموکرات و لەهەمان کاتیشدا لەسەریان پێویست بوو دەست بکەن بە پرۆسەی بەدامەزراوەیی کردن وەك ڕێکخراوێکی کاریگەر، جا ئەگەر ئەو حزبە سیاسییانە نەیانتوانی بەرامبەر ئەو بەربەستانە بوەستنەوە،ئەوا خۆیشیان دەکەونەبەر هەڕەشەی پەرتەوازەبوون وهەرەسهێنانەوە.

پرسی هەرەسهێنانی حزبی سیاسی لە بازنەی توێژینەوەی زانستیی سیاسەتدا بەدەر نییە ) لەبەر ئەوەی کە کاریگەریی ئەوحزبە سیاسییانە لە جاران کەمترە و لە بەرژەوەندیی کۆمەڵێك بەرژەوەندیخوازو دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا پاشەکشەی کرد ) پێوانەی ئەو بانگەشانەش جیاوازن و بەم شێوەیە:

*ژمارەی ئەندامان
* ناسنامەی حزب
* ڕێکخستنی حزب
* کۆنترۆڵکردنی کاندید کردن بۆ پۆستەکان
* رایەڵی ئایدیۆلۆژی
* ڕۆڵی حزب لەحکومەتدا
* شێوازی دەنگدانی دەنگدەران و قەبارەی دەنگدان

کەواتە ئەمانەن بەرپرسیارێتیی گرنگ ومەترسیداری حزبە سیاسییەکان لە سەدەی بیست و یەکدا و لە کەشوهەوایەکی ڕوون و دیموکراسی کە پشت بەبیروبۆچوونی هاووڵاتیان دەبەستێت لەگەڵ مەودای قایل بوونیان بە ئایدیۆلۆژییەت و سیاسەت و بەرنامەی ئەو حزبە و دواتر دەنگ بۆدانی لە هەڵبژاردنەکاندا،بۆیە ئەم پێوەندییە لەگەڵا دەنگدەران دەبێتە بناغەیەکی گرنگ بۆ پێوانی سەنتەر و هێزی حزب بەڵام ئەم پێوەندییە نەگۆڕ نییە بەڵکو دینامیکییە و مایەی مەترسییە بۆ حزبی سیاسی،ئەمەش وای لێدەکات کە هەردەم وریا بێت بەرامبەر پێشهاتەکانی ڕۆژانە و ستراتیجییەکان کە لە سیاسەت وهەڵوێستەکان دێتە ئاراوە.کەواتە حزبی سیاسی لە کۆمەڵگە نەریتپارێزەکان و ئەو کۆمەڵگانەی ڕووەو دیموکراسین، لە بەردەم ڕێگەی سەخت و دژواردایە،جا یان دەبێت دینامیکی بێت لە سەنتەری سیاسەت بمێنێتەوە و کاری تێبکات و پێوەی کاریگەر بێت، یانیش بێ دەنگ بێت لە دەرەوەی سیاسەت،ئەوکات ئەگەری هەرەسهێنانی دەبێت.

**سەرچاوە:**


- **مۆریس دۆفرجێە،حزبە سیاسییەکان**
- **جۆرج بێردۆ،دەوڵەت**
- **محمەد نەسر عارف،قەیرانی حزبە سیاسییەکان**
- **ئوسامە غەزالی حەرب،حزبە سیاسییەکان لەجیهانی سێیەمدا**
- **شێرزادنەجار،توێکاریی حزبی سیاسی**
- **شێرزادنەجار،حزبی سیاسی:چەمکی کۆن و تەحەددای تازە**


*** سەرۆکی زانکۆی کوردستان- هەولێر**

**بیرمەندی ناوداری بواری دەستووری (جۆرج پیێردۆ) باسی دەکات کە دەوڵەتی تازە دەوڵەتی حزبە سیاسییەکانە. واتا ناکرێ دەوڵەت بوونی هەبێت بە بێ بوونی حزبی سیاسی**

**دەستوور دەسەڵاتێکی ڕەهای داوە بە فەرمانڕەوا کە بەشدارییەکی فراوانی هەبێت لە دەسەڵاتی یاسادانانندا، کە مافی پێشنیارکردنی یاساکان و دەرکردنی مەرسومی هەیە بە هێزی یاسا لە دۆخێکی دیاریکراودا. هەروەها ڕەخنەگرتن لە پرۆژە یاساییەکان**



## بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتان

# سەرۆکی حکومەت ئەنجومەنی باڵای خانمان

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای خانمان کۆدەبێتەوەو وێڕای دووپاتکردنەوەی پاڵپشتی خۆی بۆ دۆزی ئافرەتان، هۆکاری دواخستنی ئاوڕدانەوە لەو پرسە گرنگە بۆ «پێکهێنانی حکومەت و کۆکردنەوەی ئامار و داتای پێویست و توێژینەوەی مەیدانی لە بارەی پرسی ژن» دەگەڕێنێتەوە.

گۆڤاری گوڵان بەپێویستی زانی، ئامار و داتاکانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان، هەروەها رێکار و پێشنیارەکان بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردە ناشارستانییە لە کارێکی مەیدانیدا رووماڵ بکات.

**کۆبوونەوەی سەرۆکی حکومەت لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای خانمان**

ئێوارەی رۆژی ٢٠١٢/٨/٦ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەنجومەنی باڵای خانمانی کردوو لەگەڵ سەرۆك و ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە کۆبووەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی حکومەت گوێی لە کێشە و پرسەکانی تایبەت بە ئەنجومەنی باڵای خانمان گرت و رایگەیاند، هەفتەی داهاتوو لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرسی ژنان و رەوشی ئێستای ژن لە هەرێم بەگشتی و پرسی کوژرانی (نیگار رەحیم) لەگەرمیان، کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی



# کاراتر دەکات

بەدوای خۆیدا هێنا، تاوتوێی دەکرێت.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا، سەرۆکی حکومەت هۆکاری دواخستنی چالاکییەکانی کابینەکەی بۆ چارەسەری پرسی خانمان، بۆ «پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت و کۆکردنەوەی ئامار و داتای پێویست و توێژینەوەی مەیدانی لە بارەی پرسی ژن» گەڕاندەوە، بۆئەوەی بتوانن پلانێکی گونجاو بۆ جێبەجێکردن رابگەیەنن».

پێشتر لە لێدوانێکی رۆژنامەگەریدا سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای خانمان (پەخشان زەنگەنە) گوتبووی:»ماوەی (٨) مانگە ئەنجومەنەکەمان هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووە».

**نێچیرڤان بارزانی:**
**هەموو پێویستییەك بۆ کاراکردنی ئەنجوومەنی خانمان فەراهەمدەکرێت**

لەمیانەی یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لەگەڵ سەرۆکی حکومەتدا،(پەخشان زەنگەنە) ئاماژەی بۆ ئەو کێشانە کرد کە رووبەڕووی ئەنجومەنەکەیان بووەتەوەو باسی هەریەك لەپرسی پێداویستییەکانی ئەنجومەن لەڕووی یاسایی و ئیداری و جێبەجێکردنەوە کرد، بە پێویستیشی زانی بە ئیرادەی سیاسیی و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران پشتیوانییان بکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو ستراتیژییەتەی،کە ئەنجومەن بە مەبەستی بەرەو پێشبردنی رەوشی ژنان، ئامادەیان کردووە.

وەك لە راگەیەندراوی کۆبوونەوەکەدا هاتووە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە، ئەوان وەك حکومەت هەموو هەوڵێکیان دەخەنەگەڕ بۆ ئامادەکردنی یاسای ئەنجومەنەکە و وەڵامی ئەرێنی داواکارییەکانیان دەدەنەوە، هەروەها گوتوویەتی «هەموو پێویستییەك بۆ کاراکردنی ئەو ئەنجومەنە فەراهەم دەکەین».

**یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لەتوندوتیژی و کۆسپەکانی بەردەمی**

یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ - یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان. ئەم یاسایە پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢٨)ی رۆژی ٢٠١١/٢١٦ بڕیاری دەرچوواندنی دراوە. لە (١٠) ماددە پێکهاتووە، سزاکانی سەرپێچیکردن لەو یاسایەشدا دەستنیشان کراون. بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی تا ئێستا یاساکە جێبەجێنەکراوە؟

پەرلەمانتار هاژە سلێمان جێگری سەرۆکی لێژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت، لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت» پار لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەموارکرا، ئەوەی کە زیاتر شوێنی سەرنجی کۆمەڵگەیە، دواکەوتنی جێبەجێکردنی یاساکەیە، کەتا ئێستا جێبەجێنەکراوە، بۆ نموونە لەیاساکەدا بەندێك هەیە کە دەڵێت: دادگایەکی تایبەت بە توندوتیژیی خێزانی هەبێت، ئەو دادگایەش کە لەناو یاساکەدا جێگیرمان کردبوو، بریتی بوو لەوەی کە ئەو دادگایە لەدادوەر و لێکۆڵەرەوەی داد و سەرجەم فەرمانبەرانی ژن پێکبێت، لەڕووی یاساییەوە دادگای تایبەتمەند بە توندوتیژیی خێزانی سەر بە ئەنجومەنی دادوەری دەبێت، هۆکاری دواکەوتنی جێبەجێکردنی یاساکەش دروست نەبوونی ئەو دادگا تایبەتمەندەیە، کە بەداخەوە تائێستا ئەو دادگایە دروست نەبووە» .

**ئەنجومەنی دادوەری لەتوانایدا نییە دادگایەکی تایبەت بەتوندوتیژی خێزانی دابمەزرێنێت**

پەرلەمانتار هاژە سلێمان جەخت لەوە دەکاتەوە کە بۆ ئەو مەبەستە بەدواداچوونیان کردووەو بۆیان دەرکەوتووە کە ئەنجومەنی دادوەری لەمانگی (٩ـــ ی ٢٠١١)دا فەرمانی دامەزراندنی ئەو دادگا تایبەتمەندەی داوە، بەڵام «تائێستا بەشێوەیەکی کارا ئەم دادگایە نەچۆتە بواری جێەجێکردنەوەو نەتوانراوە ئەم دادگایە پێکبهێنرێت»، گوتیشی «ئێمە بۆئەم مەبەستە لەمانگی (٤ ی٢٠١٢) سەردانی ئەنجومەنی دادوەریمان کرد و وتووێژێکی دوور و درێژمان کرد، ئەنجومەنی دادوەری پێیراگەیاندین کە ئەوان لەتوانایاندا نییە دادگایەکی لەو شێوەیە دابمەزرێنن، چونکە ئەوەندە کارمەندی یاسایی، بەتایبەتی دادوەری شارەزایان نییە لەم دادگایەدا بیخەنەکار، لەبەر ئەوە تائێستا وەك پێویست نەیانتوانیوە ئەو دادگایە بخەنە بواری کارکردنەوە» .

جێگری سەرۆکی لێژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان، ئەوەشی خستەڕوو کە هەر لە بەدواداچوون و هەوڵەکانیان بەردەوام بوون و گوتی :»دووهەفتە پێش ئێستا نووسراوێکمان لە ئەنجومەنی دادوەری بەڕێزەوە پێگەیشت، کە ئەوان ئامادەن لەسەرجەم دادگاکاندا رۆژێك بۆ کەیسەکانی توندوتیژیی خێزانی دەستنیشان بکەن و دادوەری ئافرەت و لێکۆڵەرەوەی دادی ئافرەتیش دەستنیشان بکەن، بەڵام دیارە ئێمە وەك لێژنەی ژنان پێمانوایە کە پێویستە دادگا تایبەتمەندەکە پێکبهنرێت، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی رێکوپێك کەیسەکان بەڕێوە بڕوات» .

**دامەزراندنی پێکهاتەیەك لەپۆلیسی ئافرەت جێبەجێکردنی یاساکە دوادەخات**

ئەو پەرلەمانتارە ئاماژە بۆ خاڵێکی دیکە لەناو یاساکەدا دەکات کە بریتییە لەوەی پێکهاتەیەك لە پۆلیسی ئافرەت دروستبکرێت بۆ بەدواداچوونی کەیسەکان، کە سەربە بەڕێوەبەرایەتیی توندوتیژی دەبێت، گوتیشی « ئێمە بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی بەڕێز وەزیری ناوخۆمان کردو بەدواداچوونی خۆمان



لە وەزارەتی ناوخۆ ئەنجام دا، وەزیری ناوخۆش ئاماژەی بەوەدا کە ڕێژەی پۆلیسی ئافرەت زۆر کەمە، چونکە بەڕێوبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەسەرجەم شارو شارۆچکەکاندا هەن، ئەوەش پێویستی بە پۆلیس ئافرەتی زۆر هەیەو ئەو ڕێژە زۆرەی پۆلیسی ئافرەتیشیان نییە، لەبەر ئەوە ئەم خاڵەش بۆتە هۆی دواکەوتنی جێبەجێکردنی یاساکە».

## دابونەریت و ئاستی وشیاریی کۆمەڵگە ڕێگرێکی گەورەیە لەوەی ئافرەت کێشەی خۆی لەدادگا چارسەر بکات

هەر لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا بۆ گوڵان، جێگری سەرۆکی لێژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان، «دابونەریت و کەلتووری کۆمەڵگە»ی بە ڕێگرێکی گەورە زانی بۆ ئەوەی ئافرەت نەتوانێت کێشەی خۆی بباتە دەرەوە، یان لەدادگا چارسەری بکات، گوتیشی «نەریتێک هەیە خەڵک کێشەی ناوماڵی خۆیان نابەنە دەرەوەی ماڵ، یان ناچن لەدادگاکان چارەسەری کێشەکەیان بکەن، ئەمە بێجگە لەوەی کە کۆمەڵگەی ئێمە هەتا ئێستا بەشێوەیەکی تەواو وشیارییان بەرامبەر یاساکە نییە، چونکە بەر لە دەرچوونی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانیش، هەندێک یاسای عێراقی هەبوون کێشەکانیان پێ چارەسەر دەکرا، وەك (قانون الجزاء، قانونی عقوباتی ئێراقی) بە پێویستیشی زانی لەئاستێکی بەرفراواندا کۆمەڵگە سەبارەت بەگشت یاساکان وشاربکرێتەوە، بۆ ئەوەی تاکەکانی بتوانن کێشەکانیان لە ڕێگەی یاساوە چارەسەر بکەن.

## ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و ماڵی داڵدەی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو

بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان، ئاماری چوار مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرچوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بەم شێویە دەخاتەڕوو:

(١٥) حاڵەتی کوشتنی ئافرەتان، (١١) حاڵەتی خۆکوشتنی ئافرەتان، (١٢٠) حاڵەتی سووتانی ئافرەتان، (٢٧) حاڵەتی خۆسووتاندنی ئافرەتان و (٢٠٤) حاڵەتی ئەشکەنجەدانیان تۆمار کردووە. هەر لەو ماوەیەش (٨٧٦) ئافرەت سکاڵایان تۆمارکردووەو (٤٨) ئافرەتیش ڕووبەڕووی «گێچەڵی سێکسی» بوونەتەوە .

بەڕێوەبەری ماڵی داڵدەی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراویش بەم جۆرە ئامارەی شەش مانگی یەکەمی دەخاتەڕوو:


لەشەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٢ واتا لە (١-١-٢٠١٢) هەتا (٣٠-٦-٢٠١٢) ژمارەی حاڵەتەکان (٢٥٧) حاڵەت بوون کە ڕوویان کردۆتە ماڵی داڵدەی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو، هەشت حاڵەتیش ڕەوانەی دەزگای چاکسازی کراون، هەشت حاڵەتیش تەنیا ڕاوێژکاریان ویستووە، لەبەر ئەوەی شوێنی خۆیان ئارام بووە.

گوڵان بەپێویستی زانی، ئامار و داتاکانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان، هەروەها ڕێکار و پێشنیارەکان بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردە ناشارستانییە لە تەوەرێکی بەرفراواندا ڕووماڵ بکات.

## میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی یاساکە دیاریکراون، بەڵام کاریان بۆ نەکراوە

هەر سەبارەت بە هەمان پرس، عەلی کەریم سەرۆکی ئەنستیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ بەم جۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:

«ئیمە دەرچوونی یاساکە بە هەنگاوێکی گرنگ بۆ داکۆکیکردن و پاراستنی مافەکانی هەموان دەزانین، بەتایبەتی ژن و منداڵ لەناو



**هاژە سلێمانی:**

**هۆکاری دواکەوتنی جێبەجێکردنی یاسای توندوتیژی دروست نەبوونی دادگایەکی تایبەتمەندە بەتوندوتیژی خێزانی**



خێزاندا، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەم هۆکارانە کاری پێناکرێت، کە لەچەند خاڵدا ئاماژەی پێدەکەم :

١. دەسەڵات و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی جێبەجێکردنی یاساکە بە پۆلیس و دادگاشەوە بڕوایان پێی نییە .


٢. کۆمەڵگە نازانێت یاسایەکی وا هەیەو بە ناوەڕۆك و بەند و بەشەکانی هۆشیار نییە.

٣. میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی یاساکە دیاریکراون، بەڵام کاریان بۆ نەکراوە، بەتایبەتی دروستکردنی دادگایەکی تایبەتمەند بە توندوتیژیی خیزان.

٤. میدیا و ڕۆشنبیران و دەستەبژێری کۆمەڵگەی مەدەنی و زانکۆکانیش بێباکن بەرامبەر یاساکەو جێبەجێکردنی و ئامادەکردنی کۆمەڵگە بۆ قبووڵکردنی یاساکەو پابەندبوون پێیەوە.

٥. پەرلەمان خۆی لە جێبەجێنەکردنی یاساکە بێدەنگ کردووە.

٦. خەڵکێکی زۆر بە بێئاگایی دژایەتیی یاساکە دەکات و بە ناوزڕاندنی دەزانێت.



**بەهار ڕەفیق:**

**ئەوەی کە توندوتیژی دژی ئافرەت ئەنجامدابێت و سکاڵای لەسەر تۆمارکرابێت، ڕاستەوخۆ دەستگیرکراوە**

### ئەوەی توندوتیژی دژی ئافرەت ئەنجامدابێت وسکاڵای لەسەر تۆمارکرابێت، بەفەرمانی دادوەر دەستگیر کراوە

بەڕێوەبەری ماڵی داڵدەی ئافرەتانی هەرەشەلێکراو بەهار رەفیق، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا بەهۆی توندوتیژی بەرامبەر بەئافرەتان کەس سزا دراوە، بە گوڵانی گوت :»ئەو کەیسانەی کە ڕەوانەی لای ئێمەکراون، یان هەر ئافرەتێك کە هاتبێتە لای ئێمەو سکاڵای یاسایی لەسەر کەسێ تۆمارکردبێت کە توندوتیژی لەدژی بەکارهێناوە، ئەوا تۆمەتبار بەفەرمانی دادوەر دەستگیر کراوە، یان هەر ئیجرائاتێکی یاسایی کە پێویست بووبێت بەرامبەری کراوە، واتا ئەوەی کە توندوتیژی دژی ئافرەت ئەنجامدابێت و سکالای لەسەر تۆمارکرابێت، ڕاستەوخۆ دەستگیرکراوە».

گوتیشی «لەو کەیسانەی کەلای ئێمەن، کەمترین ڕێژەیان توندوتیژیی جەستەیین، واتە زۆربەیان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەروونی و مەعنەوی بوونەتەوە».

چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان (کازیوە سالح)، رای وایە «ئەو توندوتیژییەی ڕووبەڕووی ژنی کورد دەبێتەوە لە کوشتن و توندتیژیی فیزیکی و ئەتك کردنی ڕۆحی و مەعنەوی، پەرچەکرداری توندوتیژی بەرهەم دەهێنێتەوەو لە بەرانبەردا ژنانیش توندوتیژ دەبن بەرانبەر بە پیاوان، گوتیشی «ئەم جۆرە دڕندەییەی کە باوە بەرانبەر بە ژن، ژنی بکوژ بەرهەم دەهێنێت».

ئەو چالاکوانە ئەوەشی خستەڕوو کە لە هەشتی مارسی ٢٠٠٦ وتارێکی نووسیوە و تێیدا داوای کردووە «ڕیکخراوێکی پیاوانە بکرێتەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی پیاوان. گوتیشی «پاش ماوەیەکی کورت،پیاوان ئەم خەونەشیان هێنایەدی و ڕێکخراوێکی پیاوانەیان کردەوە، بەڵام نەك بۆ هۆشیاکردنەوەی پیاوان بەڵکو بۆ



**عەلی کەریم:**

**پەرلەمان خۆی لە جێبەجێنەکردنی یاساکە بێدەنگ کردووە**

خەندە ئەسعەد:

## هۆکارە گەورەکانی زیادبوونی توندوتیژی، بۆ نەبوونی خێزانێکی تەندروست دەگەڕێتەوە

سکاڵا و کرووزانەوە و ناردنە دەرەوەی ڕیپۆرتی توندوتیژییەکان بەرانبەر بە خۆیان».

جەختی لەوەش کردەوە کە «توندوتیژی یەکێکە لە هۆیەکانی لەشفرۆشی و بازرگانی سێکسی».

**لە ئاماری نێونەتەوەییەکاندا**

**پیاوی کورد لە ریزی یەکەمی لیستی ژنکوژەکاندایە**

کازیوە هێما بۆ ئەوەش دەکات کە «ژنی کورد هەتا ئێستا خۆڕاگرترین ژنی سەر زەوی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی ئاماری نێونەتەوەییەوە پیاوی کورد لە یەکەمی لیستی ژنکوژەکاندایەو لە هەر یەك لە ئامارەکانی ئەڵمانیا و بەریتانیا و سوید، زۆرترین ژن لە دەرەوە بە دەستی کورد کوژراوە، ئەمە و دۆخی مامەڵەکردنی ڕۆژانەی پیاوی کورد لە گەڵ ژنی ڕۆژئاواییدا، پیاوی کوردی کردووەتە خاوەنی خراپترین ناوبانگ».

هەروەها دەڵێت «پیاوی کورد بەرپرسە بەرانبەر دروستکردنی ئەو ناوبانگە نەوییەو ئەو توندوتیژییەی ئەمڕۆ هەیە و بەرپرسیشە لەو لەشفرۆشییەی لە داهاتووی نزیکدا دێتە ئاراوە، چونکە ئەم دووفاقی و بێدەنگییەی پیاوان و سەیرنەکردنی ئەو کێشەیە وەکو کێشەیەکی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییە کە نایانەوێت مافی ژنان وەك مافی مرۆڤ سەیر بکەن».

**یەکێك لە هۆکارەکانی زیادبوونی توندوتیژی نەبوونی خێزانێکی تەندروستە**

لەلای خۆیەوە بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، خەندە ئەسعەد، ئامار و داتاکانی خۆیانی بەم جۆرە بۆ گوڵان خستەڕوو:


«ئێمە وەك ئەنجومەنی قەزای هەولێری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ٢٠١٢ نزیکەی سی حاڵەتی توندوتیژی سەردانی ئێمەیان کردووە، هەریەکەشیان کێشەکەی جۆرێك بووە، ئێمەش بەهاوکاریی ئەو ستافە کۆمەڵایەتییەی کە لێرە کاردەکەین، توانیومانە تارادەیەکی باش کێشەی زۆربەیان چارەسەر بکەین، هەندێکیشان کێشەکانیان چارەسەر کراوەو هەندێکی دیکەش لە کەیسی توندوتیژییەکان بە هەماهەنگی ڕەوانەی شڵتەرەکان دەکەین».

خەندە ئەسعەد هۆکارەکانی بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتانیشی بەم جۆرە پۆلین کرد «یەکێك لە هۆکارە گەورەکانی زیادبوونی توندوتیژی، بۆ نەبوونی خێزانێکی تەندروست دەگەڕێتەوە، چونکە خێزانێك لەسەر بنەمای نەبوونی متمانە بێت، یان دروستبوونی خێزان بەرێگەی زۆرەملێ ئەمانە کاریگەرییەکی زۆریان هەیە». گوتیشی «بەداخەوە زۆر لەخێزانەکان لەسەر بنەمای لێکتێگەیشتن و پێکەوە گونجان دروست نەبوون، بۆیە زۆربەی خێزانەکان بەشێوەیەك لەشێوەکان ناتوانن پێکەوە بگونجێن و کێشەیان دەبێت».

لەبارەی جۆرەکانی توندوتیژی و ئەو کێشەیانەی کە ڕوو لە ئەوان دەکەن، گوتی: »کێشەکان جۆراوجۆرن هەر لە توندوتیژیی جەستەییەوە هەتا دەگاتە توندوتیژی سووکایەتی پێکردن بەهەموو جۆرەکانییەوە، وەك جنێو و تیروتوانج و قسەوقسەڵۆك و گاڵتەپێکردن، بوونی هەیە».

لەوەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا یاسای توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان دەتوانێت ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی توندوتیژی بگرێت، خەندە ئەسعەد گوتی:

«بێگومان ئەگەر یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەشێوەیەکی گشتگیر بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر کەم بوونەوەی توندوتیژی، چونکە ئەو یاسایە سزای داناوە بۆ ئەوکەسانەی کە توندوتیژی بەکاردەهێنن، ئەمەش کاریگەریی خۆی هەیە، گوتیشی: »بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا خەڵکانێك هەن هیچ گوێ بەمرۆڤ نادەن و هەڵسوکەوتیان نادروستە، بەڵام ئەگەر یاسایەك هەبێت، سزایان بدات، ناچار دەبن خۆیان چاك بکەن».



کازیوە ساڵح:

## ئەم جۆرە ڕەفتارەی کە باوە بەرانبەر بە ژن، ژنی بکوژ بەرهەم دەهێنێت

# ئازادیی ژنان



ڤینۆس فایەق

بەوپێیەی چەمکی ئازادیی ژن لێکدانەوە و پێناسەیەکی گشتگیر هەڵدەگرێت و چەند ڕەهەندێك لەخۆ دەگرێت، دەکرێت بڵێین: ئازادیی ژن بریتییە لە ڕزگاربوونی ژن لەو کۆت و زنجیر و بەربەستانەی کە ڕێگرن لەبەردەم چالاکبوونی لەناو کۆمەڵگادا و دەکاتە مەرجێکی گرنگ بۆ گواستنەوەی هەر کۆمەڵگایەك لە دواکەوتوییەوە بۆ پێشکەوتوویی. بەم پێناسەیەش مەرجی ئازادبوون و پێشکەوتنی کۆمەڵگا ئازادیی ژنە، چونکە وەکوو دەڵێن: ژن نیوەی کۆمەڵە. کەواتە پێش ئەوەی قسە لەوە بکەین ئایا چی ژن ئازاد دەکات، دەبێت بزانین ئەو بەربەستانە چین کە ڕێگرن لەوەی ژن ئازاد بێت.

هەڵبەتە لە کۆمەڵگایەکی وەکو کوردستاندا لە قۆناغی نووسینەوەی دەستووردا، هیواخوازبووین ئەو دەستوورە ببێتە زەمانەتێك بۆ دەستەبەرکردنی بڕێکی باش و شایستە لە ئازادیی بۆ ژن، بەڵام ئەزموونی دەستوور ئەوەی یەکلاکردەوە کە ئەو دەستوورە نەیتوانی هیچ لەو هیوایانەی ژن بهێنێتەدی، چونکە یەکەم، ئەو دەستوورە زیاد لە نیوەی کۆمەڵگا لێی ڕازی نییە و هەموومان خاڵە لاوازەکانی دەزانین. دووەم: ئەو دەستوورە نەیتوانیوە هیچ سەروەرییەك

# لە کوێیە؟

بۆ یاسا دابین بکات بۆ ئەوەی ئەگەر هەر پێشێلکاریەك رووی دا بەگەڕانەوە بۆ دەستوور یاساکە چاك بکرێت، سێیەم: ئەو دەستورە رێگەی بۆ تێکەڵکردنی ئایین لەگەڵ سیاسەت خۆشکردووە، کە بەناوی ئایینەوە جۆرەها بەربەست خراونەتە بەردەم ئازادیەکانی ژن.

هەڵبەتە ئێستاا لە کوردستانی ئێمەدا، تێکەڵ وپێکەڵییەکی ئاشکرا هەیە لە تێگەیشتن لە چەمکی ئازادیی ژن لەبەر رۆشنایی ئەو بیر و فکر و فەلسەفانەی کە تەرحیان هەبووە و هەیە بۆ ئەو چەمکە، وەکو تێگەیشتنی لیبرالی بۆ ئازادیی ژن، تێگەیشتنی مارکسی هەروەها تێگەیشتنی ئایینی بۆ چەمکی ئازادیی ژن .. هتد

لە کاتێکدا ئازادی بەپێی هەموو فکر و فەلسەفەیەك یەك مانا هەڵدەگرێت و قابیلی تەئویل و لێکدانەوەی دیکە نییە، ئەویش زۆر سادەیە، ئازادی بەمانای ئەوەی ئازادبیت. ئیدی لێرەدا جیاوازیی فکر و فەلسەفەکان دێتە پێشێ، وەختێ لە گۆشەنیگای خۆیانەوە پێناسەی ئازادبوون و چۆنییەتی ئازادبوون تەرح دەکەن.

جارێکیان لە میانەی بەدواداچوونێکدا کە بابەتەکەی ئازادیی ژن بوو لە ژنێکی پیری نەخوێندەوارم پرسی وەڵامی دامەوە: ئەگەر پێت بوو نانی خۆت دابین بکەیت ئەوەدەم تۆ ئازادی، ئەم فەلسەفەیەی ئەو ژنە پیرە هەتا ئێستاش هەر لە هزرمدا ماوەتەوە، چونکە ئەو بۆچوونەی بۆ پشتڕاست کردمەوە کە یەکێك لە سەرچاوەکانی ئازادیی ژن ئابوورییە، جگە لە هوشیاری و مەعریفە و دونیابینی بۆ ئەوەی بزانێت کامانەن ئازادییەکانی و چۆنیان دابین دەکات و لەکوێدا دەستپێدەکەن و لەکوێ تەواو دەبن.

یەکێکی دیکە لە فاکتەرەکان یاخود بەربەستەکان کە رێگرن لە ئازادبوونی ژن فاکتەری سیاسییە، کە ئەوەش گرێکوێرەکەیە لە کۆمەڵگایەکی وەکو کوردستاندا و هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کە وەکو کوردستانن. لە کوردستاندا دەسەڵاتێکی سیاسی بەڕێوە دەچێت رێزی بۆ یاسا نییە. دووەم: هیچ ژنێکی شیاوی بۆ شوێنی شیاو دانەناوە. سێیەم: ژنی بردۆتە پێشەوە تەنیا وەکو دیکۆر و بێدەنگ کردنی دەنگەکانی نارەزایی. چوارەم: بووەتە چەتر بۆ کۆمەڵێ رێکخراوی ژنان کە هەموویان بە عەقڵی پیاوەکان چالاکیی دەکەن و هەڵوێست دەنوێنن. پێنجەم: دژایەتیی هەموو دەنگ و رەنگێکی جیاواز و گەنج دەکات.

هەڵبەتە ئەمە بەتەنیا کێشەی کوردستان و کۆمەڵگا دواکەوتووەکان نییە، بگرە لە دونیای پێشکەوتووشدا هەمان دیاردە بە

**هەوڵی جیددی نەدراوە بۆ گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و خوێندن و داڕشتنەوەی لەسەر فەلسەفە و فکرێکی نوێ کە هەموو ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ رەچاوبکات**

سیناریۆی جیاواز دەبینینەوە، بۆ نموونە کۆندالیزا رایس کە لە سەردەمی بوشدا وەزیری دەرەوە بوو کە بەندە بۆ ماوەیەك بە ژنێکی جیاواز دەهاتە پێش چاوم، بەڵام ئەو ماوەیەی کە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکابوو تێگەیشتم کە گەیەنەری بڕیاری پیاوانە و چالاکێکی باشی دەستی سیاسەتمەدارە پیاوەکانە. ئەنجیلا میرگلی راوێژکاری ئەڵمانی ئێستاش نەیتوانیوە لە سیاسەتەکانیدا لەدەست بیری چینایەتی پیاوسالاری مەسیحی رزگاری بێت، نموونەی دیکەش زۆرن، کە ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە هۆی سەرەکیی ئەوەی ژن هەتا ئێستا ناتوانێت ئازادبێت، چونکە دەسەڵاتی ئابووری و کەڵەکەکردنی سامان هەمیشە لە دەستی پیاودایە و، ژن بەردەوام لە هەموو پۆست و پایەکاندا مووچەخۆری دەستی پیاوە، دوەم، چونکە سیاسەتی بەڕێوەبردن نەك تەنیا لە کوردستان بەڵکو لە زۆربەی جێگاکانی دیکەی جیهان لە دەستی پیاودایە و ئەویش بڕیاردەری یەکەمە.

بەم شێوەیەش دەبینین یەکەم: هیچ رێکخراو کۆمەڵیەك هێزێکی گاریگەری ئەوتۆیان نییە بەتایبەت بۆ گۆڕینی یاساکان، چونکە زۆربەیان یان خۆبەخشن یان لە ژێر چەتری حزبێکدان. دووەم: ئەو دەنگی نارەزایی و رەخنەگرانەی کە لە مەیدانەکەشدان هیچی هێزێکی ئەوتۆی کاریگەریان نییە، بەهەمان شێوە ناتوانن ببنە هێزێکی کاریگەر و فشار بۆ گۆڕینی یاساکان، چونکە تەنها دەنگن و زۆربەیان لە دەرەوەی حزبەکانن و هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی و ئابووری ویاساییان لە دەستدانییە. سێیەم: دەنگەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش دواجار بەهەمان سیستەم و ئالیەتی فیکری حزبی پیادە دەکەن و لەدەرەوەی سیستەمی بەڕێوەبردندان، هەروەها هیچ بوارێکی ئابووری گەورەی وڵاتیان بەدەستەوە نییە و جگە لەوەش بەهەمان عەقڵیەتی حزبەکانی دیکە هیچ پێگە و جێگەیەکی شیاو و شایستەیان نەداتەوە دەنگ و رۆڵی ژن، بۆیە هیچ گۆڕانکارییەکیان پێناکرێت.

هەڵبەتە لەهەرهەموو ئەمانەش گرنگتر هەتا ئێستا هەوڵی جیددی نەدراوە بۆ گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و خوێندن و داڕشتنەوەی لەسەر فەلسەفە و فکرێکی نوێ کە هەموو ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ رەچاوبکات و گرنگیی بدات بە بیری جیاواز و دەنگی رەخنە کە توانای گفتوگۆ کردنی هەبێت بە بێ ترس لەبارەی حەرام و حەڵاڵەوە و دەستبخاتە سەر ئەو ئیشکالیەتە ئایینیانەی کە بوونەتە هۆی گیرخواردنی فەلسەفەی ئازادیخوازی و فکریی پێشکەتووخواز. لەمەوە دەگەمە ئەو باوەڕەی کە ژن دەبێت بەخۆی شۆڕش بکات، دەبێت بەخۆی بچێتە سەرجادە و داوای مافەکانی بکات بۆ ئەوەی ئازادییەکانی بدۆزێتەوە و بەیاسایان بکات و بەرگریان لێبکات..

# یادەوەریی نەتەوە و مۆراڵی سیاسی

## -بەشی دووەم و کۆتایی-



د. ئاراس عەبدولکەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بەو حوکمەی ئەم باسە لەئاستی (نەتەوە)دا قسە لەسەر یادەوەریی دەکات، بۆیە چەمکی یادەوەری لەئاستی کۆهەست و هۆشیاریی دەستەجەمعیدا مامەڵەی لەتەکدا دەکەین، هاوکات ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەش فەرامۆش ناکەین کە ئەم چەمکە دەبەستێتەوە بە هەردوو چەمکی (ناسنامە) و (مێژوو)ەوە. کاتێکیش لەم دیدگا فرەڕەهەندییەوە دەڕوانینە یادەوەریی نەتەوەیی و وەک پرسێک لەبەردەم مۆراڵی سیاسیدا دایدەنێین، مەبەستمان خوێندنەوەو تەفسیرکردنی واقیعی سیاسیمانە لەبەردەم ئەم پرسەدا، هەڵبەتە دنیای سیاسیی ئێمە تائێستاش بونیادێکی دەستەبژێریانەی سیاسیی پەتییە کە بەتەواویی جۆرێک لە تاپۆی حزبییانە قۆرخیکردووە، واتە دنیای سیاسیی ئێمە ئەو جوگرافیایەیە کە تەنها حزبەکان هەناسەی تیادەدەن و تەفسیری دنیاو واقیع و چەمکەکانمان بۆ دەکەن، بۆیە ئەوەی لەم باسەدا تایبەتە بە مۆراڵی سیاسی، ڕاستەوخۆ مەبەست لێی مۆراڵی سیاسیی حزبە کوردییەکانە دەرهەق بە جیهانبینیان و تەفسیرکردنیان بۆ یادەوەریی نەتەوەیی و مامەڵەکردنیان لەتەکیدا.

ئاشکرایە کە چەمکی (مۆراڵ) لەنێو فیکرو مێژووی فەلسەفەدا شوێنێکی ئێجگار سێنتراڵیی لەنێو تیۆرە فەلسەفی و فیکرییەکاندا هەبووە هەرلە گەورە مێژوونووسی یۆنانی (هیرۆدۆتس) و تیۆرەی (ڕێژەگەرایی)ەوە تا تیۆرەی (فەرمانە ئاسمانییەکان)ی سوکرات و تیۆرەی (فەزیلەت)ی ئەرەستۆ و تیۆرەی (یاسای سروشتیی ئەخلاق)ی تۆماس ئەکوینی و تیۆرەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی)ی تۆماس هۆبزەوە تا (نیێچە) و (هیوٚم) و(سپینۆزا)، تا دەگات بە تێزەکانی (جۆن ستیوارت مێل) و (جێرمی بێنتام) و (ئەفلاتونیانی کامبریج) و (جۆن لۆک)ی دامەزرێنەری قوتابخانەی (سوودگەرایی) سەر ڕێبازی مۆدێلە بیرکارییەکەی (کانت) بۆ ئەخلاق، تا دەگات بە (مۆنتسکیۆ) و (ڤۆڵتێر) و (ڕۆسۆ) و بیرمەندانی دواتر، بە هەموو جیاوازییە گەورەو جەوهەرییەکانیانەوە بەگشتی لەوەدا یەکدەگرنەوە کە چەقی چەمکی ئەخلاق مرۆڤ خۆیەتی، ئیدی سەرچاوەی پێناسەکردن و پێوەرەکان ئاسمانی بن یان زەمینی، هاوکات ئەوەش کە پەیوەستە بە سیاسەتەوە، ئەگەر دابڕانێک لەنێوان سیاسەت و ئەخلاقدا هەبووبێ، دابڕان بووە لە فۆرمێکی دیاریکراوی ئەخلاق کە (ئەخلاقی ئایینییە) نەک دابڕان لە چەمکی ئەخلاق بەمانا فراوانەکەی. ئەگەر لەسەرەتادا پێوەری (چاکە و خراپە) وەک یەکەمین بنەما بۆ تەفسیرکردن و مانابەخشین بە مۆراڵی سیاسی مۆدێلی بیرکردنەوە بووبێت لە پرسی ئەخلاق لەبەردەم سیاسەتدا، ئەوا تا ئێستا ئەوەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێ، خودی پێوەرەکە نەبووە هێندەی دەلالەتەکانی ئەم پێوەرە بوون، ڕوونتر بڵێم گۆڕانکاری بەسەر جیهانبینی و خوێندنەوەکاندا هاتووە بۆ ئەوەی چی چاکە و چی خراپە نەک خودی دوالیزمی چاک و خراپ. لێرەوە هەڵسەنگاندنی مۆراڵی سیاسی هەر بونیادێکی سیاسی پەیوەست دەبێت بەوەی کەلەپێناو (چاکەی گشتی)دا چی دەڵێ و چی دەکات، هاوکات گرنگترین خاڵ لێرەدا بەراوردکردنی نێوان گوفتار و کرداری ئەو بونیادە سیاسییەیە کە لەلایەکەوە تا چەند گوفتارو جیهانبینی و ئایدیاکەی سەربە دنیای (چاکە) و (فەزیلەت)ە، لەلایەکی تریشەوە تاچەند ئەم جیهانبینییەی لەکایەی عەمەلیداو لەسەر زەمینەی واقیع بەرجەستەکردووە و ئیشی بۆ کردووە. ئەمە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیەش کە چ چەمکی مۆراڵ خۆی کاتێک دەبێتە سیستمێک و چ پێوەری (چاکەو خراپە) کاتێک دەبێتە بنەمایەک بۆ ناولێنان و مانا بەخشین بە بونیادو دیاردەکان لەڕووی ئەخلاقییەوە، سەد دەر سەد چەمکگەلێکی ڕێژەیین. لەهەموو بارێکدا مۆراڵی سیاسی بۆخۆی پێوەرێکیشە بۆ بەخشینی مانا و وێنا بەهەر بونیادێکی سیاسی کەتاچەند سەربە دنیا مۆراڵیەکەی سیاسەتەو تا چەندیش لە دەرەوەی ئەو دنیایەدایە.

> **مۆراڵی سیاسی بۆخۆی پێوەرێکیشە بۆ بەخشینی مانا و وێنا بەهەر بونیادێکی سیاسی کەتاچەند سەربە دنیا مۆراڵیەکەی سیاسەتەو تا چەندیش لە دەرەوەی ئەو دنیایەدایە**

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مەبەستی سەرەکیی ئەم نووسینە کە قسەکردنە لەسەر مۆراڵی سیاسی لەبەردەم پرسی یادەوەریی کۆ (نەتەوە)دا، هاوکات بەگەڕانەوەمان بۆ دیوە مۆراڵییەکەی یادەوەری لای (پۆل ریکۆر) کە پێشتر لە (پیشەسازی یادەوەری)دا ئاماژەمان بۆکرد و ئەو هێڵە سوورەمان بە تۆخی لەنێوان (یادەوەریی ساختە) و (یادەوەریی ساغڵەم)دا کێشا. ئیدی پێوەرێک کە بشێت بۆ هەڵسەنگاندن یان بەراوردکردنی ڕێژەییانە بۆ بونیادە سیاسییەکانمان لەم کایە مۆراڵیەدا پشتی پێببەستین، بریتییە لە ئیشکردنی هەر لایەنێکی سیاسی چ لەنێو یادەوەریی نەتەوەییدا و چ ئیشکردنی لەسەر ئەو یادەوەرییە. ئەمەش دوو ڕەهەند لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان ڕەهەندی ئەنتۆلۆجیانەیە کە پەیوەستە بە ئامادەبوونی

کۆنکرێتیانەی ئەو لایەنەوە لەنێو مێژووی نەتەوەدا و دووەمیشـــیان ڕەهەندێکی مێژووییە کە پەیوەستە بە ئیشکردنی ئەم لایەنە لەسەر ئەو مێژووە.

لێرەوە، بابەتێک کە بەرلەهەر شـــتێکی دی دێتە بەردەممان، بابەتی هەستکردنە بە (زەمەنی نەتەوە)، دەقاودەق ئەو هەستەی کە (هۆسێرل) بە (هەستکردنی بەهێز بە زەمەن) ناوی دەبات و بەگرنگترین میکانیزم بۆ پەیوەندی بەستنێکی دروست بە مێژووەوە لەقەڵەمی دەدات.

(هۆســـێرل) لــە (چەنــد وانەیــەک لەبــارەی هۆشـــمەندییەوە بۆ زەمەن)دا یادەوەریی بەســـتۆتەوە بە ڕاددەی هۆشمەندی و هەســـتکردنەوە بە زەمەن، هەســـتکردنێک کە بەبێ ئەو، مەسەلەی ئامادەبوون لەنێو زەمەندا (لەنێو مێژوودا) هەمیشە لە ئیشکالی و قەیرانێکی گەورەدا دەبێت، هەر بوون و ئامادەبوونێکی ئاوا قەیراناویش بۆخـــۆی (بەمانا ئەنتۆلۆجییەکەی بوون)، لەو ســـنوورە خەتەرناکـــە نزیک دەبێتەوە کە (هۆســـێرل) بە (مردن لەنێو مێـــژوو)دا ناوی دەبات. ئالێرەوەیـــە کە یادەوەریـــی وەک میکانیزمێک بۆ پاراســـتنی بوون (وجود) لەنێو مێـــژوودا و بەماناو ناوو ناســـنامەیەکی تایبەتمەنـــدەوە، گرنگی خۆی دەســـتەبەر دەکات، هەربۆیە مەسەلەی دوورکەوتنەوە و نزیکبوونەوە لەو هێڵە ســـوورە، مەســـەلەی مانەوە یان مردن لەنێو مێژوودا بەندە بە ڕاددەی ساغڵەمیی یادەوەرییەوە.

لەم دیدگایەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە دەبێ بنەمایەکی سەرەکی و پێوەرێکی گرنگی مۆراڵی بۆ حزبی سیاسی ئێمە بریتی بێت لە ڕاددەی ئیشکردنی بۆ دروستکردن یان پتەوکردنی یادەوەریی ساغڵەمی نەتەوەیی، بەم پێیە ڕەفتاری هەر حزبێکی سیاســـی لەڕەهەندی مێژوویی و پەیوەست بە یادەوەری نەتەوەییەوە تاچەند بە ئاڕاستەی (پیشەسازی یادەوەری) ئیشی لەنێـــو مێژووماندا کردبێ، ئەوەنـــدە نامۆراڵ و دوور لە ئەخلاقی سیاســـیانەیە، واقیعی سیاسی و خودی یادەوەریی نەتەوەییشـــمان زیاد لە بەڵگەیەکیان هەیە لەم لایەنەوە بۆ بەخشـــینی شوناسێکی نامۆراڵی بە سیاسەتی حیزبێک یان زیاتری کوردییەوە. هەڵبەتە یادەوەریـــی هیچ نەتەوەیـــەک بەتەنیـــا خەزێنە و میراتییەک نییە بۆ وێنە جوان و ڕووداوە شیرینەکان و سەرکەوتنە گەورەکان، بێگومان یادەوەریی نەتەوەیی ئێمەش وەک هەر نەتەوەیەکی دی هەڵگری دنیایەکە لە وێنەی جوان و ناشـــیرین، ڕووداوی شیرین و تاڵ، ســـەرکەوتن و شکستی گەورەو شانازی و شەرمیش. بەڵام کێشـــە ئەوەیە کە (بۆ هـــەر بیانوویەک بێت) لەنێوەندو دنیای سیاســـیی نەتەوەیی خۆماندا، حزبی سیاســـیمان هەبێت لەنێو (گەمەی ئەنقەست)دا ئەو یادەوەرییە بشێوێنێت و وێنەی جوان کاڵ بکاتەوە یان فڕێبدات و لە میانەی (پیشەســـازیی یادەوەرییەوە) وێنەیەکی نائامادە بخاتە جێگەی، یان ســـەرکەوتن بە شکســـت وێنا بکاو شـــانازی لەخانەی شەرمدا دابنێت. لەهەموو بارێکدا ئەم کارە لەسەرچاوەیەکەوە دێت کە کەمترین هەســـتی بەرپرسیاریی لا ئامادە نەبێت لەو ڕەهەندە (هۆسێرل)ییەوە کە بە هۆشمەندی و هەستکردن بە زەمەن (مێژوو)ەوەوە دەستنیشانکراوە، ئەگەر لــە گرنگیی یادەوەریی تێگەشـــتبین وەک میکانیزمێکـــی پارێزگاریـــی بـــۆ مانـــەوە بەمانا ئەنتۆلۆجیەکەی، ئەوا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هەســـتنەکردن بە یادەوەریی نەتەوە کە هەستنەکردنە بە زەمەنـــی نەتەوە دەقاودەق بەمانی هەســـتنەکردن دێت بە بوونـــی نەتەوە. ئەم هەســـتنەکردنەش هەتا ئەو شـــوێنە کێشە نییە ئەگەر ئەو حیزبە سیاسییە لە ئەدەبیات و گوتارە سیاسیەکەیدا هیچ ئاماژەیەک بە جیهانبینیی نەتەوەیی نەدات، بەڵام کاتێک گوتاری سەرلەبن خەون و خەمەکانی نەتەوەیی لێ هەڵبڕژێ و لەولایشەوە یادەوەریی نەتەوەیی بریندار بکات، جگە لە بـــێ مۆراڵییەکی گەورە هیچیدی ئەنجام نەداوە. ئێمە زیاد لە ناوێکـــی مێژووییمان هەیە، کەدەرهەق بە زەمەن و ئامادەبوونی خۆیان، لە ئاستی سیمبولی نەتەوەییدان، ئەمە نەخواست و نەکاری هیچ حیزبێکی سیاسی یان زیاتر توانای دروستکردنی ئەم وێنەیەیان لەنێـــو یادەوەریـــی نەتەوەییدا نییـــە، بەڵکو خودی خاوەنی ئەو وێنەیـــەو پێگە و کاریزماکەی خۆیەتی لەگەڵ هۆشـــمەندی و هەستی دەســـتەجەمعیدا کە ئەو ئامادەبوونە زیندووە ببەخشـــنە ئەو ناوە، هاوکات حیزبی کوردیشمان هەیە کە ساڵانێکی دوورودرێژی بەســـەربردووە بـــۆ کاڵکردنەوە یان ســـڕینەوەی ئەو وێنەیە لە هـــزرو یادەوەریی نەتەوەییدا، بۆئەم کارەش دەشـــێ زیاد لە وێنەیەکی تری وەک ئەڵتەرناتیڤ بەکارهێنابێ، دەرئەنجامی ئەمە ئەگەر نەشیتوانیبێ ئەو وێنەیە بسڕێتەوە، لایەنی کەم جۆرێک لە گومانی لەدەوەری وروژاندبێ، ئیدی مەبەستی خۆی لەڕووی سیاسییەوە پێکاوە. بەڵام لە ڕەهەندی ئەخلاقییانەی ئەم کردە سیاسییەوە، بەتەواویی پێناسەی نامۆراڵیی سیاسیانەی بەسەر خۆیدا سەپاندووە، ئەمەش لەوەوەنا کە چی دەرهەق بەهەر ناوو وێنەیەک کردبێ، بەڵکو لەو ڕووەوە کە چی دەرهەق بە یادەوەریی نەتەوەیەک کردووە. ئەوەی ئـــەم حیزبە سیاســـییە کردوویەتی جگە لە شـــێواندنی یادەوەریی نەتەوەیی، کەشـــتنی ئەو هەســـتە نەتەوەییە بە زەمەن کە لای (هۆسێرل) مەرجێکی ســـەرەکییە بۆ ئامادەبوون لەنێو مێژوودا و ڕۆنەچوون بەرەو (مردن لەنێو مێژوودا).

دواین شـــت، بـــۆ هەڵســـەنگاندنی مۆراڵییانەی حزبی ئێمە، دەشێ (یادەوەریی نەتەوەیی) و شێوازی مامەڵەکردنـــی هەر حزبێک لەگەڵیـــدا، پێوەرێکی واقیعی بێت بۆ ناوزەدکردنی لەخانەی مۆراڵی یاخود نامۆراڵی سیاسیدا.

**دەبێ بنەمایەکی سەرەکی و پێوەرێکی گرنگی مۆراڵی بۆ حزبی سیاسی ئێمە بریتی بێت لە ڕاددەی ئیشکردنی بۆ دروستکردن یان پتەوکردنی یادەوەریی ساغڵەمی نەتەوەیی**

**لەنێوەندو دنیای سیاسیی نەتەوەیی خۆماندا، حزبی سیاسیمان هەیە لەنێو (گەمەی ئەنقەست)دا یادەوەریی دەشێوێنێت و وێنەی جوان کاڵ دەکاتەوە یان فڕێی دەدات و لە میانەی (پیشەسازیی یادەوەرییەوە) وێنەیەکی نائامادە دەخاتە جێگەی، یان سەرکەوتن بە شکست وێنا دەکات و شانازی لەخانەی شەرمدا دادەنێت**



**سادق جەلال عەزم بیرمەندی گەورە و ناسراوی عەرەب ئێستا لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدایە و لە ئەڵمانیە نیشتەجێ یە، یەکێکە لەو رۆشنبیرانەی کە بەبوێری رەخنەگرتن لە کۆمەڵگەی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناسراوە و هەموو کات کتێب و نووسینەکانی دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەسەر ئاستی عەرەبی و جیهان دروستکردووە، سادق عەزم کە خاوەنی هەردوو شاکاری (ظهنیه التحریم و مابعد ظهنیه التحریم) ە، ئەم دوو کتێبە جیا لەوەی خوێندنەوەی هەمەجۆری لە ئاستی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بۆکراوە، لەهەمانکاتدا بۆتە هۆکاری ئەوەی کە سادق عەزم رووبەڕووی هەڕەشەی گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکان بێتەوە و تەکفیری بکەن.**

**سادق عەزم لەبواری کاری فەلسەفی وەك ئەکادیمیەك و**

**گوڵان:** ئایا بەهاری عەرەبی بریتیە لە بەهاری نەشونماو گەشەکردنی ئازادی گەلانی ناوچەکە، یان دەکرێت وای لێ تێبگەین ئەم بەهارە فڕوفێڵ و قۆرخکاری کردنە سەر ئیرادەو ئازادی ئەو گەلانە بێ؟ ئەگەر وا بێت وەك گومانخوازان دەیڵێن کەواتە ئاکامەکەی بریتی دەبێت لە نسکۆیەکی مێژوویی بە پێی بۆچوونی ئەوانەی بەگومانن لەم بەهارەو وای بۆ دەچن؟

**سادق جەلال عەزم:** لەسەر ئەم پرسیارەت تێبینیەکم لا دروست بووە، دەمەوێ سەرەتا لێت بپرسم، کاتێك ئێوە قسە لەسەر فێڵ و قۆرخکاری دەکەن، مەبەستتان لە فێڵ و ساختەکردنە لە ئیرادەو ئازادی گەلان چییە، وادیارە وای دەبینن کە نسکۆیەکی مێژوویی لە دوا بێت، وەك بیریارانی رێبازی گومانکاری باسیان لێوە کردووە، بێ زەحمەت مەبەستت لە گومانکردن چییەو، کێن ئەو بیریارە گومانخوازانەی باسیان دەکەن، جارێك ئەمەم بۆ روونتر بکەنەوە؟

**گوڵان:** بە نموونە سەمیر ئەمینی بیریار، دەڵێت: بەهاری عارەبی بووەتە بەهارێك بۆ بزاڤە ئیسلامیەکان..!

**سادق جەلال عەزم:** بە داخەوە، من ماوەیەکە هیچ تێزێکی ئەو بەرێزەم نەخوێندۆتەوە، من سەر دائەنوێنم بۆ ڕای بیرمەندێکی وەك سەمیر ئەمین، بەڵام بەهەڵە تێگەیشتنێك لە بۆچوونی هەندێك لە چەپەکاندا دەبینم، تەنانەت لە ئەوروپاو ئەمەریکاش رەوتێکی دیاریکراو لە ناو ئەم چەپڕەوانە هەن بەو شێوەیەن، هەڵەکە لەوێدایە کەسێك و ڕژێمێکی وەك بەشار ئەسەد تەنیا لەبەر ئەوەی بڵێت من دژی داگیرکاران و ئەمەریکاو ئیمبریالیەتم، کەسانێك لەم وڵاتانەی ناوچەکە ئەوە بکەنە پاساو بۆبەرگریکردن لە بەشار و ئۆتۆماتیکیەن لەگەڵیابن ئەمە دژ بە لۆژیك و زانست و حەقیقەتی مێژووییە..

**گوڵان:** لێرەدا مەسەلەکە هەڵوێست وەرگرتن نییە لە ئیمپریالیەت، بەڵکو بیرو بۆچوونە

## سادق جەلال عەزەم بیرمەندی گەورەی عەرەب بۆ گوڵان:

# مەغزای ڕاستەقینەی بەهاری عارەبی گەڕانەوەی خەڵکە بۆ سیاسەت و هاتنەوەی سیاسەتە بۆ لای خەڵک

### بۆ پشتگیری کردنیان لەگەلی سوریا ستایشی هەڵوێستی ئازایانەی سیاسەتی هەرێمی کوردستان دەکەم

**مامۆستای زانکۆ، لەچەندین زانکۆی عەرەبی و ڕۆژئاوا وانەی گۆتۆتەوە، لەساڵی ٢٠٠٧ لە زانکۆی بریستۆن لە بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست توێژەر بووە و لەو چوارچێوەیە فەلسەفەی ئیمانۆئیل کانت تەرکیزی لەسەر جیهانی ئیسلامیی و پێوەندییە هاوچەرخەکان بووە لە نێوانی ئەو جیهانەو وڵاتانی خۆرئاواییدا ئەم کاری کردووە، هەروەها بە داکۆکیکارێکی مافەکانی مرۆڤ ناسراوە..سەبارەت بە دوا پێشهاتەکانی دۆخی سووریا و ڕۆڵی کوردی ناو ئەو وڵاتەو هەڵوێستی هەرێمی کوردستان و زۆر بابەت و مەسەلەی تر گۆڤاری گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ بیرمەندی گەورە سادق جەلال عەزم سازداوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

گومانکارییەکان پشتبەستوون بە هەژموونی ئیسلامەویەکان بەسەر خیتابی باوی ئیسلامییەوەو بەسەر دۆخەکەشەوەو هەروەها هەناردەکردنی بێ پەرەوای بیری خۆیان بۆ ئەو شۆڕشانەو قۆرخکردنی پێشەوەی ڕووداوە سیاسیەکانی لە پێناوی باڵادەستی خۆیاندا، بەو شێوەیە گوایە پشتبەستون بە چەندین دەرهاویشتەی واقیعیانەوە؟

**سادق جەلال عەزەم:** لە وڵاتی لیبیا شتێکی وا ڕووینەداوە کە پێی بووترێت دەرهاویشتەی واقیعیانە، بینیمان چۆن بەهۆی هەڵبژاردنی ئازادانەوە ئەم تەوژمە ئیسلامیە لەو وڵاتە تێکشکێنرا، بابەتەکە لەوێدا جێی مشتومڕ دەبێت ئەگەر بێت و ئەم تەوژمە ئیسلامیانە لە ئەزموونی داهاتووی هەڵبژاردنێکی تردا شکست بخۆن لەوەدەست هێنانی دەنگی پێویست، ئایا دەساو دەسکردنی دەسەڵات بە سەلامەتی دەردەچێت، هێشتا زووە بۆ بڕیاردانی پێشوەختە هەرچۆنێك بێت لە تونس و میسر بە هەڵبژاردن بردیانەوە و سندوقەکانی دەنگدانیان بۆ هاتنە پێشەوەی خۆیان بەکار هێناوە؟

**گوڵان:** لەو بڕوایەدایت ئیسلامیەکان لە توانایاندا هەبێت، هەستن بە هاوچەرخەنەکردنی دەسەڵات لەو وڵاتانەی کە بە هەڵبژاردن تێیدا دەبنە فەرمانڕەوا، لە کاتێکدا خۆت باش دەزانیت کە ئەم شۆڕشانە کاردانەوەیە دژ بە میراتی ستەمکاریی تەقلیدییانەی خۆرهەڵاتی؟

**سادق جەلال عەزەم:** ئێوە لەگەڵمدا سەرنج بدەن، دەوڵەت بە سروشتی خۆی وەك دامودەزگا، شتێکی نوێیە بە نیسبەت ئەم کۆمەڵگانەی شۆڕشیان تێدا بەرپا کراوەو دیاردەو نەزعەیەکی توندی تازەکردنەوەیان تێدایە، ئیستیحقاقات و بەرپرسیاریەتیەکانی کە بەڕێوەبردنی وڵات لەو شوێنانەدا پێویستی پێیەتی، ئەوانەیە دەستنیشانی سروشت و سیماو جۆری دەوڵەتەکە دەکات، نەك پرۆژەی بە ئیسلامیبوون..

**گوڵان:** کەواتە تۆ گرەو لەسەر دەوڵەت دەکەیت وەك پێکهاتەو لۆگۆسێکی ناوخۆیی؟

**سادق جەلال عەزم:** بەتەواوی لە مەبەستت تێناگەم، هێندە لە مەبەستتان تێدەگەم دەتانەوێت چەمکی دەوڵەت ببەستمەوە بە مۆدێرنەوە، لەسەر ئەویش دەدوێم، لە سەردەمانی عوسمانیەکانەوە مۆدێرنە لە ڕێگەی دەوڵەتەوە هاتە ناو ئەم کۆمەڵگانەوە، توخمی مۆدێرنە بە بەردەوامی بەسەرماندا دەرژا لە ڕێگەی دەزگای دەوڵەتەوە..

**گوڵان:** ئایا ئەم دەوڵەتەی ئێستا بە نموونە بڵێین دەوڵەتێکی وەك سووریا یان لیبیا و تونس جگە لە میسر کە دۆخێکی مێژووی تایبەتیانەی هەیە، ئایا لۆگۆس لە ناو جەوهەرو ناخی ئەم دەوڵەتانە بوونی هەیە؟

**سادق جەلال عەزم:** لەو بڕوایەم کۆمەڵێك بەرژەوەندی لە پێش بێت بۆیە هەوڵ دەدات بگاتەوە بە جیهانی پێشکەوتوو..

**گوڵان:** مەبەستت لەوەیە خیتابی سیاسی ئیسلامیەکان ناتوانێت لەپێش لۆژیکی مێژوویی و لۆژیکی دەوڵەت و مۆدێرنە بوەستێت؟

**سادق جەلال عەزم:** خۆم لە شیکارکردنی خیتاب هەڵناقورتێنم، خیتاب شتێك نییە پشتی پێ ببەسترێت، بە نموونە دەتوانم لەم سەمتەدا ئاماژەیەك بدەم بە خیتابەکانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی میسری محەمەد مورسی چی تێدا گۆڕدران دوا بە دوای هەڵبژاردن، بەهۆی خیتابی دیاریکراوەوە سەرکەوتە سەرەوەو ئەو خیتابانەی دابووی بە بەراود بەوەی لە زەمینەی واقیع ڕوویدا لە (سینا) دوو شتی جیاواز بوو

پێشتر بەڵێنی بە کردنەوەی ڕێڕەوی (ڕەفەح) دا، کەچی بەڵێنەکانی وەك هەڵاو دروشمسازی وا بوون، بەڵام لە پاش ڕووداوەکەی ئێستا کە قەوماوە، بە لۆژیکێکی دوور لە لۆژیکی دروشمبازی و حەماسەت هەڵسوکەوت دەکات، ئێستا ماوەی دوور و جیاوازی نێوان دروشمبازی و مومارەسەی لە واقیعدا دەرکەوتووە، بە تایبەتی لە ڕووداوەکەی سیناوە بە لۆژیکی دەوڵەت هەڵسوکەوت دەکات، دوای ئەوەی بەهۆی کردەیەکی تیرۆریستیەوە سوپای میسری ئەو هەموو کوژراوو بریندارەی لێ کەوتەوە..

با پێت بڵێم مەغزای ڕاستەقینە بە نیسبەت بەهاری عارەبیەوە گەڕانەوەی خەڵکییە بۆ سیاسەت و هاتنەوەی سیاسەتە بۆ لای خەڵکی، دوا بە دوای ئەوەی لەناو دەوڵەتەکانی کە ئەم بەهارە گرتیەوە خەڵکی قۆناغێکی دوورو درێژی قۆرخکاری و دیکتاتۆری سەربازییان بینی، بە تایبەتی لە کاری سیاسیدا، واتە بەهاری عارەبی بە کۆتایی هێنانی گشتگیرییەکی سەربازییانەی ڕووپۆشکراوە بە دەمارگیری قەومی و ئایینی، ئەوەی بیەوێت فێڵ لەم تەوژمە بکات ئەوە خۆی تووشی پوچگەرێتی دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت ڕزگار بوون لە ستەمکاری و سەرکێشی سەدام حسێن و قەزافی و ئال ئەسەد بە نسکۆ لە قەڵەم بدرێت، ئەگەر لەسەر ئەوەش ڕێکەوتین کە کەوتن و نسکۆی ئەو دیکتاتۆرە گەورانە نسکۆی مێژووییە، ئەمەی وا بیردەکاتەوە، ئەوە مەبەستێتی پێمان بڵێت، ئەمانە بریتین لە مێژوو بە واتای ئەوەی سەدام حوسێنیش لە پاڵ مێژوودا بووەو نەمانی دیکتاتۆرێکی وەك ئەو، وەك نسکۆیەکی مێژووییە؟

**گوڵان:** بە ڕای تۆ ئیسلامیەکان سازو ئامادە نین بۆ پێشکەشکردنی مۆدێلێکی ناهەموارتر لە مۆدێلی ستەمکارێتی سەدام و بەشارو قەزافی؟ مێژوو ئەگەری دووبارە بوونەوەی نییە؟ یان چی ڕێ لەوە دەگرێت ئەمانیش مێژوو دووبارە نەکەنەوە وەك ستەمکارانی پێشوو؟

**سادق جەلال عەزم:** ئەگەر هەموو دەرفەتەکان بۆ ئەوان بەجێبهێڵرێت بێ گومان مێژوو دوپات دەبێتەوە، بەڵام ئەوەی لەم بزاڤە دیقەتی لێ دەدەم وەك وتم بەکۆتا بوونی ڕژێمە گشتگیرە سەربازییەکانە کە پاڵپشتن بۆ دەمارگیری قەومی و ئایینی.

**گوڵان:** کەواتە ئەم ڕووداوە مێژووییە لە شۆڕشەکانی عارەبیدا سیمایەکی گشتگیرانەی هەیە، پرسیارەکە لێرەوە دروست دەبێت، ئەو شۆڕشانەی لەو وڵاتانە دروست بوون لە ناواخنی هۆکاری زاتییەوە هەڵقوڵاون یان بەهۆی دەستێوەردانی دەرەکیەوە بەرپا کراون، خۆت ئاگاداری بنکەو پەیمانگاکانی توێژینەوەی زانستیت بە تایبەتی ئەمریکیەکان کە لە دوای ڕووداوەکەی سێبتەمبەرەوە دامەزراون، ئەوانە پاڵنەر بوون بۆ دروست بوونی ئیسلامێکی میانڕەوی ئەلتەرناتیڤ بۆ ئیسلامی ڕادیکاڵی کە بگونجێن لەگەڵ ڕۆڵی ئەمەریکاییدا، بەو مانایەی ئەم شۆڕشانە تەنیا بە فاکتەری ناوخۆیی دروست نەبوون بەڵکو کۆمەڵە ئەڵقەو بازنەیەکی دەرەکی لە پشتەوەیان هەن، کە بەرژەوەندییەکانیان وا دەخوازێت لە ناوچەکەدا ئەلتەرناتیڤ بۆ سەرمایەداری جیهانی و خۆیان بدۆزنەوە؟

**سادق جەلال عەزم:** جیاوازییەك لە نێوان بەرپاکردنی شۆڕش و هاندان بۆ شۆڕشکردن هەیە، بنکەکانی توێژینەوەی خۆرئاوایی شۆڕش بەرپا ناکەن، بەڵکو شرۆڤەیان دەکەن لە دوای بەرپابوونیان، تا لە داوڕۆژدا وەچەکانی داهاتوو یان ناوچەی تر لە جیهان سوودو وانەیان لێ وەربگرن، ئەو بنکانە لە توانایاندا نییە، شۆڕش دروست بکەن، بە ڕای من بەهای شۆڕشەکانی سوریاو میسرو هەر ناوچەیەکی تر چرووك و گچکە دەکەینەوە ئەگەر بیانگێڕینەوە بۆ هۆکاری دەرەکی، ئەوەی بنەڕەتییە لەم شۆڕشانەدا توخم و ڕەگەزە ناوکۆییەکانە، تۆ باش ئاگاداریت قسەی سەرشەقامی ئەم پێنج ساڵەی دوایی خەڵکی سووریا تەنیا ئەوە بوو دەوترا (دەنکە شقارتەیەکی بەسە)، یان دەیانوت (تەرەقەیەکی دەوێت تا بتەقێتەوە)، ئەم قسەیە واتای ئەوە بوو سووریاییەکان بە پێشبینیە سادەکانی خۆیانەوە دەیانزانی لە داهاتوودا چی ڕوودەدات، چونکە وڵاتەکە وەك بەرمیلێك بارووت وا بوو لە چاوەڕوانی دەنکە شقارتەیەکدابوو، خەڵکی بە هەستی ناواخنی خۆیانەوە هەستیان بەم دۆخە ناهەموارانە کردبوو، کە پاشتر بەرەو کوێ دەڕوات، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی بنکەکانی توێژینەوەی یەکێتی ئەورووپی و ئەمەریکی پلان و بەرنامەیان یان بیرکردنەوەیان بۆ داهاتووی ناوچەکە چییە.

**گوڵان:** باشە تێبینی ئەوە ناکەیت لە سایەی ئەم واقیعەوە ئەمریکیەکان و ئەوروپییەکان

**بەرژەوەندییەکانە کە پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان رادەگرێت نەك پابەند بوون بە بەهاو مەبدەئەکانەوە. بەڵام ئەگەر ئومێدت بە یەکسانی و ئازادی و دیموکراتیەتە. پێویستە هەوڵ بدەیت لە پشتگیرییەکانی ئەوروپییەکان و ئەمەریکیەکان سوودمەند بیت**

بە تایبەتیش فەرەنسییەکان خەریکن بە موساوەمەکردنەوە لەسەر بابەتەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و ڕووی خۆیان کردۆتە ئیسلامیەکان و چاوپۆشی لە ئاڕاستە فکرییەکەیان دەکەن، بە واتای ئەوان بە تەنیا خۆیان خەریك و ماندوو کردووە بە لادانی ڕژێمەکانی ئێستاو بەردەوام لە هەوڵدان بۆ هێنانی سیستمی تازە بێ ئەوەی هیچ بایەخێك بدەن بە سروشتی سیستمە تازەکان و پلەی گونجاندنی ئەو سیستمانە لەگەڵ بەهاکانی مۆدێرنەو ئازادییەکاندا؟


**سادق جەلال عەزم:** تۆ باش ئەوە دەزانیت کە بەرژەوەندییەکانە کە پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان ڕادەگرێت نەك پابەند بوون بە بەهاو مەبدەئەکانەوە، بەڵام ئەگەر ئومێدت بە یەکسانی و ئازادی و دیموکراتیەتە، پێویستە هەوڵ بدەیت لە پشتگیرییەکانی ئەوروپیەکان و ئەمەریکیەکان سوودمەند بیت لەم ڕووەوە.


لە ڕاستیدا توخمە ئاینی و قەومی و ئیتنیەکان هەموویان لە ناخەوە چەپێنراون، هەشن وادەزانن سیستمی ئیسلامگەرا هاوردەکراوە بۆ ئەم وڵاتە، وشەی هاوردە ورد نییەو پڕ بە پێستی واتا نییە، ئەم بابەتە مێژووییانە پێویستی بە هەبوونی ژینگەیەك و توخمی ناوخۆییە نەك دروستکراو، بۆ دامەزراندنی سیستمێکی ئیدیۆلۆژیایی ناتوانرێت سوود لە شتی هاوردەکراو ببینرێت..

**گوڵان:** پێتان وا نییە تەنگژەی ئەم کۆمەڵگە عەرەبیانەو کاردانەوە مێژووییەکەی لە تەنگژەی تازەکردنەوەی دەسەڵات و دەوڵەتەوە دروست بووبێت، باشە

**ئێمە هەموومان دەمانەوێت لە ستەمکاری دەوڵەتی سەنتراڵی ڕزگارمان بێت هەروەها لە قەومچێتی و بیرۆکە خراپەکانی دوور بکەوینەوە**


**مالیکی چۆن باس لە پرۆتۆکۆلی دەستوەرنەدان لە کاروباری سووریا دەکات لە کاتێکدا بیری چۆتەوە لە بەغدا خۆی چۆن گەیشتۆتە سەر کورسی فەرمانڕەوایی و پێشتر خۆی چی بووە؟ ئایا بە هێزی زاتیی خۆی ڕژێمی ڕووخاندووە؟**

















**ئەو سیاسەتەی سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان گرتویەتیە بەر، دووبارە سەری ڕێزی بۆ دادەنوێنم و لە بیری ناکەم و بۆ مێژوو بەهەند وەردەگیرێت، لەبەر ئەوەی لە بەرانبەر شۆڕشی سووریادا خاوەنی هەڵوێست بوون و بە زۆر شێواز هاریکار بوون**

**ڕژێمی سەدام بە دەستی عیراقیەکان نەڕووخا، وێڕای ئەو هەموو خەبات و قوربانیانەی خەڵکی عیراق بە تایبەتی کورد لەو پێناوەدا دەیانبەخشی، بەڵام لە سووریا خەڵکی بەو توانا زاتیانەی خۆیەوە لانی کەم توانیویەتی ڕژێمەکە لاواز بکات**

**ئەردۆگان ئیرادەی سەرکەوتنێکی ئابووریانەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەو بە سروشتی حاڵ ئەم سەرکەوتنە ئابوورییە پابەندە بە هەلومەرجی سەرکەوتنیەوە لە تازەکردنەوەو هاوچەرخەنەبوونی سیستمی بەڕێوەبردن و بەرهەمهێنان**

ئیسلامگەریی نوێ چەند لە توانایدایە ئەم پرۆسەیە وەدیبهێنێت؟

**سادق جەلال عەزەم:** وەك پێم ڕاگەیاندن دەزگای دەوڵەت دەزگایەکی هاوچەرخە لە ڕاستیدا، دەسەڵات بە گشتی مەیلدارە بە لای تازەبوونەوەدا بە تایبەت لە کۆسوڕی یاساکان و نەریتەکاندا کە هەموویان لە مۆدێرنەوە وەرگیراون، بە تایبەتی تەشریعەکانی کە لە دەزگای پەرلەمانی و ئیرادەی گەلان و تاکەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت، لەو بڕوایەشدام تەنگژەکە بە سروشتی خۆی تەنگژەیەکی تازەبوونەوەی دەوڵەت و دەسەڵات نییە هێندەی تەنگژەی کۆمەڵگەکانی ئێمەیە لە بەرانبەر تازەگەری و مۆدێرنەدا، یان تەنگژەی تازەکردنەوەی هەموو کۆمەڵگەیە تا چ ئاستێك کۆمەڵگەکانمان مۆدێرنەو بەهاکانی تازەگەرییان قبووڵە، لە زۆربەی کاتەکاندا دەزگاکانی دەوڵەت مۆدێرنیتیك و تازەگەرییان بە بێ ڕەزامەندی توێژە میللیەکان دادەسەپاند واتە لەسەرەوە بۆ خوارەوە دایاندەسەپاند.

**گوڵان:** لێرەدا ئاماژەبە مۆدێلی ئەتاتورکی دەدەن؟

**سادق جەلال عەزەم:** بەڵێ تا ئاستێك، نەك بەو نموونەیەش بە تەنیا، بەڵکو ئەوروپا کە بە قۆناغی لیبرالیبووندا تێپەڕی دەسەڵاتێکی داسەپێنەرانەی هەبوو، دیموکراتیەت لە پاش خەباتێکی میللیانەی دوورودرێژ هاتە ئاراوەو بەهاکانی هاوولاتیبوون و مافە بنەڕەتیەکان و بنەماکانی ئازادییە بنچینەییەکان بە تەنیا تایبەتمەند نین بە چین و توێژێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو هەموو کۆمەڵگە بە هەموو چینەکانیەوە دەگرێتەوە.

**گوڵان:** پێتان وایە ئیسلامی تازە بەم خیتابە سیاسیەی ئێستایەوە لە توانایدایە ئیستیعابی ئەم هەڵوێستەو پرۆسەیە بکات چ ئەوەی پێوەندداربێت بە ئیخوان موسلمین یان بە مۆدێلە ئەردۆگانیەکەوە یان مۆدێلی بزاڤی نەهزە لە تونسدا؟

**سادق جەلال عەزەم:** بە ڕای من مۆدێلی ئەردۆگان و نموونەکانی هاوشێوەی ئەو، پاڵ بە مۆدێرنەوە نانێت بە شێوەیەکی ئیرادەگەریانەی مەبەستدار بچێتە پێش، بەڵکو ئەوە مۆدێلێکی مۆدێرنەبوونی دەوڵەتیانەیەو کۆمەڵگە هەڵدەسوڕێنێت، لەو بڕوایەدام ئەردۆگان ئیرادەی سەرکەوتنێکی ئابووریانەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەو بە سروشتی حاڵ ئەم سەرکەوتنە ئابوورییە پابەندە بە هەلومەرجی سەرکەوتنیەوە لە تازەکردنەوەو هاوچەرخەنەبوونی سیستمی بەڕێوەبردن و بەرهەمهێنان و شتەکانی تری کە پێوەی پێوەندیدارن..

**گوڵان:** باشە ئەگەر ئیسلامیەکان لە سووریا گەیشتنە دەسەڵات و بوونە فەرمانڕەوا ئایا ئیخوان سازو ئامادەیەبۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی تەحەدیاتی مۆدێرنە ئایا لە توانایاندایە ڕووبەڕووی تەنگژەکانی کۆمەڵگەی سووریایی ببنەوە؟

**سادق جەلال عەزەم:** نەخێر لەو بڕوایەدام ئەمەیان پێ ناکرێت، بەڵام ڕێچکە مێژووییەکە پێمان دەڵێت ڕۆڵێك دەگێڕن، لێیان بگەڕێ بەختیان تاقیبکەنەوەو ئومێدەکانیان وەدیبهێنن، لەو بڕوایەدام ئیخوانەکانی میسر هەمان ڕێچکەی ئیسلامیەکانی تورکیا دەگرنە بەر، لەسەر ئاستی ڕاپەڕینی ئابووری ئێستا، چاودێریی ڕووداوەکان دەکەن و چاویان لەسەر تورکیایە کە چی لەوێ دەگوزەرێت، تێبینی ئەوەشم کردووە کە گرفتەکانی میسریش هێندە بنج داکوتاوو قوڵن زەحمەتە لەسەر ئیسلامیەکان چارەسەری ڕیشەهێنیان بۆ ئەو گرفتانە پێ بێت..

**گوڵان:** چۆن تەماشای ڕۆڵی ئیسلامی سیاسی کە بە میانڕەو دەناسرێت دەکەن، ئەوەیان کە لەسەر مۆدیلی تورکی و تونسییە سروشتی ئەو ئیسلامەو جەوهەری سیاسیانەی چۆنە چۆن تەماشای تێزەکانی دەکەن؟

**سادق جەلال عەزەم:** ناتوانین ئێستا بڕیارلەسەر مۆدێلە تورکیەکە بدەین هێشتا بە تەواوی تاقینەکراوەتەوە و هێشتا زووە بۆ بڕیارلەسەردانی، کاتێك خیتابی حزبی نەهزەو و ئیخوانەکانی تونسم گوێ لێ دەبێت وا دەزانیت گوێبیستی فکری مۆنتیسکۆو دیدرۆ دەبیت، بۆیە من زۆر دڵخۆش نیم بە مەسەلەی خیتاب، ئەوەی بەلامەوە گرنگ بێت کارو کردەوەو واقیعە لەسەر زەوی، بۆیە خێرا بڕیارڕ نادرێت، لەسەر هیچ یەك لەمانە، بەڵام مۆدێلە میسرییەکە هەوڵ و ئومێدی زۆری بە پێشکەوتنی ئابووری هەیە کە ڕەنگە بەهۆیەوە کارێکی تازەکاریی بهێننە ئاراوە..

**مەغزای ڕاستەقینە بە نیسبەت بەهاری عارەبییەوە گەڕانەوەی خەڵکییە بۆ سیاسەت و هاتنەوەی سیاسەتە بۆ لای خەڵکی، دوا بە دوای ئەوەی لەناو دەوڵەتەکانی کە ئەم بەهارە گرتیەوە خەڵکی قۆناغێکی دوورو درێژی قۆرخکاری و دیکتاتۆری سەربازییان بینی، بە تایبەتی لە کاری سیاسیدا!**

**گوڵان:** ئایا هیچ هەڕەشەیەکتان ئاگا لێیە کە لای ئیسلامیەکانی سووریاوە هەبن بۆ داهاتووی سیاسی ئەو وڵاتەو کەلتوورە مەدەنیەکەی

**سادق جەلال عەزم:** سەرەتا من لەگەڵ ئێوە هاوڕا نیم لەسەر ئەوەی کەلتووری سورییایی هەمووی مەدەنیانە بێت، وەك هەر کەلتوورێکی تر کەلتوورێکی تێکەڵە بە مەدەنیەت و بەداوەت و خێڵەکیی و لادێی و زۆر توخمی لابەلای ترەوە کە لە ناو پێکهاتە کەلتوورییەکەیدا هەن، پۆلینبەندی کۆمەڵایەتی هەیە لە ناو کۆمەڵگەو کەلتووری سورییاییدا، چینێکی مەدەنیی تێدایە کەڵەکە بووە بەسەر چینەکانی تردا پێویست بە پشکنین دەکات، ئەرکی ئێمە پشتگیری کردنە لەو چینەی کە تازەکارو مەدەنییە، لە کاتێکدا ئیسلامیەکان لە هەوڵدان بۆ پشتگیری کردن و هاندانی کەلتووری ئەهلی و میللیانەی پەتی، نەك مەدەنیانەی هاوچەرخ، واتە زیاتر بایەخ بە مەسەلە تایەفەگەریی و مەزهەبی و ئایینیەکان دەدەن، تا کەلتووری سووریا بخەنە سەر ئەو ڕێچکانە، واتە لەم سیاقەدا توخمەکانی بەر لەمەدەنیەت لە ناو کەلتووردا دادەسەپێنن، ئەمەش بۆ خۆی هەڕەشەیەکی مەترسیدارە بۆ توخمەکانی مەدەنیەت چ لە کەلتووری سورییاییدا یان میسریدا ئەگەر دروست بێت.

**گوڵان:** ئایا ئیسلامیەکانی سووریا لە توانایاندایە چارەسەر بۆ کێشەکانی فرەیی ئیتنی ناو سووریا بدۆزنەوە، بە تایبەتی



## پوختەی وێستگەکانی ژیانی سادق جەلال عەزم:

**خوێندنی بواری فەلسەفیی لە زانکۆی ئەمریکایی تەواوکردووە**

**دواتر لە زانکۆی یاڵ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا درێژەی داوە بە خوێندنی زانکۆیی و وەک مامۆستایەکی زانکۆ لە ئەمەریکا وانەبێژ بووە بەر لەوەی ساڵی ١٩٦٢ بگەڕێتەوە بۆ دیمەشق و ببێتە ئوستاد لە زانکۆی دیمەشقدا**

**هەروەها لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣ تا ١٩٦٨ لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت بووە، وەک ئوستادێکی زانکۆیی لە زانکۆی ئەردەن وانە بێژ بووە دواتر بووەتە سەرنووسوری گۆڤاری توێژینەوەی عەرەبی کە لە بەیرووت دەردەچوو..**

**ساڵی ١٩٨٨ گەڕاوەتەوە بۆ زانکۆی دیمەشق و لە لایەن چەندین زانکۆی بیانییەوە بانگهێشت کرا تا ڕووی لە تاراوگە کردووە و لە چەندین زانکۆی بەناو بانگی ئەڵمانیایی و ئەمریکیدا موحازەراتی دەوتەوە. زۆری لەسەر فەلسەفەو بابەتی تایبەت بە کۆمەڵگەو فکری عەرەبی هاوچەرخ نووسیوە**

**شاکارەکانی سادق جەلال عەزم:**

**ڕەخنە لە فکری ئایینی (١٩٦٩)**

**خۆرهەڵاتناسی و خۆرهەڵاتناسی پێچەوانە (١٩٨١)**

**لە پاش زاینیەتی تەحریم کردنەوە (١٩٩٢)**

**بەرگریکردن لە دیالەکتیکی مێژوویی**

**سەبارەت بە ئەوین و ئەویندارى پاکیزەیی**

مەسەلەی کورد لە سووریا چۆن چۆنی ئێوە بۆی دەڕوانن؟

**سادق جەلال عەزەم:** بە بڕوای من ئەو گرێ کوێرەیەی لای ئیسلامیەکانە مەسەلەی فرەیی ئیتنی نییە، بەڵکو لە فرەیی ئاینی و مەزهەبی و تایەفەگیریدایە، لە ناو کۆمەڵگەی سوورییایی کە زەحمەتە بۆیان بکرێتەوە. مادامەکێ کورد لە سوریا موسڵمانی سوننە مەزهەبن، خۆی کێشە نییە کورد مەسیحی بێت یان شیعەمەزهەب یان موسڵمانێکی سوننە مەزهەب یان بەهائی بێت، ئەمانە یەکلاکەرەوەی چارەنووس دەبن، کەواتە ئەم ریزبەندی ئایینیە کێشەکە دروست دەکات لای ئیسلامیەکانەوە، بە دەربڕینێکی تر ئەگەر تەنیا کوردبوونەکە بێت بۆ خۆی ئەوە کێشەیەك نییە بۆ یەکلاخستنەوەی حوکم دان لەسەر کورد، مادامەکی موسڵمانی سوننە مەزهەب بێت، بە پێچەوانەی ئەمەوە مەترسیدار دەبێت بۆ داهاتوویان، مەسەلەی وابەستەبوونی نەتەوەیی گرفتێك نییە تەنیا بەلای شۆڤێنستە قەومیەکانی عارەبەوە ڕەنگە کێشە بێت کە تۆ کورد بیت یان تورکمان بیت..

**گوڵان:** بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە، ئیسلامگەرا سوونە مەزهەبیەکانی عیراق ناتوانن دان بە حاڵەتی هەبوونی کوردا بنێن و پێیان قبوڵ ناکرێت، بە تایبەتی لەدوای کەوتنی سەدام حوسێنەوە لە کاتێکدا کوردی ئەو وڵاتە زۆربەی زۆریشیان لە سوننە مەزهەب پێکدێن..

**سادق جەلال عەزەم:** من ئەوەم بۆ باس کردی بە شێوەی گشتی، کێشە بەلای ئیسلامیەکانەوە چ سوننە بن یان شیعە، مەسەلەی نەتەوەیی بوونی موسڵمانەکەی کورد نییە، هێندەی مەسەلەی ئینتیمای موسڵمانە بۆ مەزهەبێك لە مەزهەبەکان.

**گوڵان:** چۆن دەڕواننە ئایندەی کێشەی کورد لە سووریا؟

**سادق جەلال عەزەم:** ئەوەی تێبینی دەکەم، سووریای دوای بەشار بە ڕێچکەی جیاوازدا دەڕوات، بەرەو هەرێمێکی سەربەخۆی زاتیدا لەسەر ئاستێکی بەرز دەچێت بە تایبەتی بە نیسبەت ناوچە کوردییەکەیەوە، نزیك بەو مۆدێلەی کوردی عیراق هەیانە..

**گوڵان:** مەبەستت لە فیدرالیەت یان جۆرێك لە لامەرکەزییە؟

**سادق جەلال عەزەم:** بەڵێ بێ ئەوەی بە ڕاشکاوانە ئەمە ڕابگەیەنرێت، دیفاکتۆیەك ئەم واقیعە دەسەپێنێت بەسەر هەمووان‌دا، دواتر ڕەنگە فتوای سیاسی و دەستووری بۆ بدۆزرێتەوە، لەسەر نموونەی فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی ئایندە ئەمە یەکلایی دەکاتەوە


**گوڵان:** تۆ پشتگیری لەم تێزانە دەکەیت؟

**سادق جەلال عەزەم:** لەو بڕوایەدام ئەمە ڕووداوەدات و منیش لە دژ ئەم ڕێچکەیە ناوەستمەوە، بەڵکو لە ناخەوە پشتگیرییان لێ دەکەم، چونکە ئێمە هەموومان دەمانەوێت لە ستەمکاری سەنتراڵیانەی دەوڵەتی ناوەندی ڕزگارمان بێت هەروەها لە قەومچێتی و بیرۆکە خراپەکانی دوور بکەوینەوە..

**گوڵان:** ئەی پێتان وا نییە کە بە سەربازیکردنی شۆڕشی سووریا شۆڕشی سووریای خستۆتە دوڕیانێکی مەترسیدارەوە، ئەویش دوڕیانی جەنگی ئەهلییە، ئایا ئەمە بە باشترین شێوە خزمەتی بە ڕژێمەکە نەگەیاندووەو پاساوی زۆری نەخستۆتە بەردەم ڕژێمی بەشار تا زۆرترین خەڵك لەناو ببات و کۆمەڵکوژی بکات و بە وێرانەیی وڵاتەکە کۆتایی بێت، ئایا ئەلتەرناتیڤی ڕاپەڕینی ئاشتیخوازانەی گشتگیرو سەرتاسەری زەمانەتێکی زیاتری نەبوو بۆ وەرچەرخانی دیموکراتی لە سووریادا وەك ئەوەی لە ڕۆمانیا یان وڵاتانی تر ڕوویاندا؟

**سادق جەلال عەزەم:** با قەناعەتی خۆمت زیاتر بۆ ڕوون بکەمەوە، شەڕی سەرتاسەری ئەهلی لەو شێوەیەی جەنگی ناوخۆی لوبنانی، ئەوە ئەگەرێکی دوورە بۆ سووریا، سووریا پاڵێوراو نییە بۆ ئەو جۆرە جەنگانە، ڕەنگە هۆکارەکەشی بگەڕێتەوە بۆ فرەیی پێکهاتەکانی ناو سووریا چ مەسیحی بن یان ئیسماعیلی یان دروز یان زۆرینەی عارەبی سوننە مەزهەبی سووریاش ئەم ئەگەرەیان بەلاوە دوورە، تەنانەت ئەگەر پڕ چەکیش بکرێن، ئەوە تەنیا بۆ بەرگری لە خۆکردنیانە، نەك بۆ هێرش کردنەسەر کەمینەکان و تۆڵەکردنەوە، زۆرجار گوێبیستی ئەو قسانە دەبین، گوایە زۆرینەی عارەبی سوننە لە دەرفەت دەگەڕێت تا کەمینەکان لەناو بەرێت، ئەمە جۆرێکە لە وڕێنە، جۆرێکە لە ترسێك کە لە جێی خۆیدا نییەو تەنانەت ڕێگە خۆشکردنە بۆ تیرۆرێکی فکری و ناعەقڵانی، بە نیسبەت بەسەربازی کردنی شۆڕشەکەوە ئەگەر گەلێك لە تواناییدا نەبێت بە توانا زاتیی و ئاشتیخوازانەکەیەوەو لە ڕێی دەربڕینی ناڕەزایی ئاشتیخوازانەوە ڕژێمێك برووخێنێت لەمە زیاتر چی بکات، بە نموونە وەك دەزانن ڕژێمی سەدام بە دەستی عیراقیەکان نەڕووخا، وێڕای ئەو هەموو خەبات و قوربانیانەی خەڵکی عیراق بە تایبەتی کورد لەو پێناوەدا دەیانبەخشی، بەڵام لە سووریا خەڵکی بەو توانا زاتیانەی خۆیەوە لانی کەم توانیویەتی ڕژێمەکە لاواز بکات، لە عیراق خەڵك نەیدەتوانی تەنانەت پەیکەرێك لە پەیکەرەکانی سەدام تێکبشکێنێت، ئەگەر تانکەکانی ئەمریکایی نەبوونایە و وەك بینیشمان، لە دوای گەیشتنی تانکەکانی ئەمەریکی بۆ ناو جەرگەی بەغدا ئینجا پەیکەرەکان کەوتن، هیچ نەبێت خەڵکی سووریا هەرچی پەیکەرو وێنەی بەشارو باوکیەتی ڕایانماڵیوە

نموونەیەکی تر بهێنمەوە، ئەگەر لەم بارەیەوە نموونە بهێنینەوە زۆرن، ڕژێمی (بۆل بۆت)لە کەمبۆدیا. مەحاڵ بوو بۆ گەلی کەمبۆدی بە بێ پشت و پەنا خۆیان لەو ڕژێمە سەرکوتکارە ڕزگار بکەن، تا لە ئاکامدا سوپای ڤێتنامی دەستێوەردانی کردو لەسەر فەرمانڕەوایەتی پۆل پۆتی داگرت، یان لە ئۆگەندا کێ هەیە ڕژێمی عیدی ئەمینی خوێنمژو بکوژی وەیاد نەبێت، کە خوێنی گەلی خۆی خستبووە کاسەوە، دواتر سوپای تەنزانی توانییان لە ناوی بەرن، یان ڕژێمی غباغبۆ لە ساحیلی عاج کە لە کۆشکەکەی خۆیەوە هەر دیکتاتۆریەتی وڵات بوو، بەسەر گەلەکەیەوە دیکتاتۆر بوو، وێڕای ئەوەش کە لە ڕێی هەڵبژاردنەوە سەرۆکێکی تازەش هەڵبژێردرابوو بەڵام هەر دەستی لە فەرمانڕەوایەتی بەرنەئەدا تا سوپای فەرەنسی دەستێوەردانیان کردو بەسەر کورسیەکەیەوە فریان دایە خوارەوە تا بۆ دواجار ئەو سەرۆکەی لە لایەن گەل هەڵبژێردرابوو توانی سەرۆکایەتی وڵاتەکە بکات، بۆیە دەڵێم: ئەو بە سەربازی کردنەی لە شۆڕشی سووریا ڕوویداوە لە ئاکامی ئەوەیە کە سوورییەکان نەیانتوانیوە



لە ڕێی پرۆسەیەکی ئاشتیخوازانەوە ڕژێمی بەشار ئەسەد لە حوکم دابگرن..

**گوڵان:** چۆن هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرانبەر ڕووداوەکانی سووریا هەڵدەسەنگێنن بە تایبەتی هەڵوێستی سەرۆك بارزانی کە جیاوازە لە هەڵوێستی ئەو حکومەتەی لە بەغدا نووری مالیکی سەرکردایەتی دەکات؟

**سادق جەلال عەزەم:** سەرەتا دەست خۆشی و ستایشی هەڵوێستی ئازایانەی کورد دەکەم لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەو وەستاندنەوەیەیان لە بەرانبەر سوپای مالیکی کە ڕەوانەی سەر سنووری نێوان هەرێم و سووریای کراوە، هەڵوێستەکانی مالیکی گوزارشتە لە واقیعێك کە بە زمانی سیاسەت پێی دەوترێت ڕیسوایی سیاسی و مرۆیی و نزمی لە بەهاکاندا، چۆن باس لە پرۆتۆکۆلی دەستوەرنەدان لە کاروباری سووریا دەکات لە کاتێکدا بیری چۆتەوە لە بەغدا خۆی چۆن گەیشتۆتە سەر کورسی فەرمانڕەوایی و پێشتر خۆی چی بووە؟ ئایا بە هێزی زاتیی خۆی ڕژێمی ڕووخاندووە؟ ئەو سیاسەتەی سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان گرتویەتیە بەر دوبارە سەری ڕێزی بۆ دادەنوێنم و لە بیری ناکەم و بۆ مێژوو بە هەند وەردەگیرێت لەبەر ئەوەی خاوەنی هەڵوێست بوون لە بەرانبەر شۆڕشی سووریاداو بە زۆر شێواز هاریکاری بوون، چ هاریکاری کردنی ئەو هاووڵاتیانەی سووریا کە وەك نەوایەکی ئارام ڕوویان کردە هەرێمی کوردستان، یان لە ڕێی بەرپەرچدانەوەی سیاسەتە هەڵەکانی مالیکی کە وێنەی نییە لە هەڵەپاسیدا، یان سیاسەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە کە هەمیشە باس لە قەیرانی سوریا دەکات بێ ئەوەی ئاماژەیەك بە بوونی گەلێکی شۆڕشگێڕ بدات..

من ئاگاداری وتەو خوتبەو بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانم کە پشتگیرییە لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی سووریا، جێی پێ زانین و بە هەند وەرگرتنە، وەك هاووڵاتیەکی سووریایی سڵاوێکی گەرم بۆ ئەو سیاسەتە دەنێرم کە لە هەرێمی کوردستانەوە بە ڕاشکاوانە پشتگیری لە گەلی سووریا دەکەن..

**گوڵان:** ئێمەیش سوپاسی تۆ دەکەین بۆ ئەم هەڵوێستە ڕوون و ڕاشکاوانەی بەڕێزتان.

# گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و بۆچوونەکانی لایەنی سێیەم

**ئێمەی تورك هەمیشە دوو بۆچوونمان هەیە. بۆچوونێکی ڕەسمی. کە لەلایەن حکومەت و بەرپرسەکانیەوە ڕادەگەیەنرێت، ئەویش تەنیا ئەو کاتە ڕەخنەی لێدەگیرێت کە دەردەکەوێت هەڵەیە. بۆچوونەکەی دیکە پتر بۆچوونێکی شەخسیە، کە لە باشترین حاڵەتدا لەلایەن بۆچوونی سەرەکی نێو گروپە پێشەنگەکانمان پاڵپشتی لێدەکرێت. واتە بە دەگمەن بۆچوونی سێیەم لەبەرچاو دەگرین، بەڵام کاتێك لەبەرچاویشی دەگرین، ئەوا بە گشتی یان بۆ سەرزەنشتکردنی بۆچوونێکی سلبیە یاخود بۆ گەورەکردنی هەڵسەنگاندنێکی ئیجابیە لەسەر خۆمان و وڵاتەکەمان. واتە زۆر دەگمەنە بۆچوونی لایەنی سێیەم بکەینە سەرچاوەی فێربوون و پێوانەکردنی کار و بڕیارەکانمان. چونکە ئێمە باوەڕمان بەو دەستەواژەیە هەیە کە دەڵێت «ئێمەی تورك جگە لە خۆمان کەسی دیکە دۆستمان نییە.»**
**لەگەڵ ئەوەشدا هەڵسەنگاندنی جددی هەیە بۆ پەرەسەندنەکانی پەیوەست بە کێشەی کوردەوە کە کاریگەری هەیە لەسەر ئاییندەی تورکیا. من چەند بەشێك لە سێ سەرچاوەوە دەخەمەڕوو:**



دۆغو ئەرگیل*
مانگانە تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

١. جەیمس دۆرسەی (لە هەفینگتۆن پۆست: لە ٢٠١٢/٨/٨) دەڵێت، «لە کاتێکدا شەڕی ناوخۆی سوریا لە پەرەسەندندایە، ئەوا تورکیا ڕووبەڕووی ڕەهەندێکی دیکەی کێشەی کورد دەبێتەوە لە وڵاتەکەیدا کە کێشەیەکی درێژخایەنە...دوای ئەوەی توانیویەتی بە فیعلی و لە شەڕێکی ١٦ ساڵەدا ئەو یاخیبوونە لەناو ببات کە لە وڵاتەکەدا هەبوو، تورکیا خۆی لە دۆخێکدا بینیوە کە واقیعەکە گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەرداهاتووە، مەبەست لەو دەوڵەتە کوردیەیە کە پێشبینی دەکرێت لە باکووری عێراقدا دروست بێت، کە ئەویش دوای سەپاندنی ناوچەی دژەفڕین بە سەرکردایەتی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٩١ و دوای ڕووخاندنی دەسەڵاتەکەی سەددام حوسێن بوو لە ساڵی ٢٠٠٣ هاتە ئاراوە.
دەستبەسەرداگرتنی شارۆچکە کوردیەکانی نزیك سنوورەکانی تورکیا لەلایەن چەکدارە کوردەکانی سەر بە پارتی یەکێتی دیموکراتی «پەیەدە»، کە باڵی پەکەکەیە لە سوریا، تورکیای خستۆتە بەردەم واقیعێکی هاوشێوە، بەڵام بە پێچەوانەی حاڵەتی عێراقەوە، ئەمجارەیان تورکیا چارەسەری ئامادەی نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەحکەمبوونی دەسەڵاتی کوردەکانی سوریا ئەو پرسیارە دەوروژێنێت کە ئایا تورکیا دەتوانێت بەردەوامی بە بەرهەڵستیکردنی خۆی بدات بۆ خەون و ئاواتی کوردەکانی سەر سنوری وڵاتەکەی، یاخود ئایا بەرژەوەندی تورکیا لەوەدایە سیاسەتێکی کوردی چالاك بگرێتەبەر کە ناسیونالیزمی کوردی لە ئاسیای ڕۆژئاوادا بگەیەنێتە دۆخێکی لەبار، بە چەشنی ئەوەی لە باکووری عێراقدا کردی؟
لەوەش زیاتر بەرهەڵستیکردنی تورکیا بۆ خەونەکانی کورد-ئەمە سەرەڕای پشتیوانیکردنی لە موعارەزەی عەرەبی سوننە لە سوریا- مەترسی ئەوەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە کە تورکیا بچێتە پاڵ ڕوسیا و چین لە کەمپی ئەو وڵاتانەی بەرهەڵستی سەرهەڵدانی دۆخێك دەکەن لە دوای ئەسەد کە دۆخێکی پتر دیموکرات و فرەیی بێت.
سەرەڕای ئەو مشت و مڕەی لە ڕاگەیاندنەکاندا دەکرێت دەربارەی پێویستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەڵام تا ئێستا ئەوە بەدی ناکەین کە سەرکردە تورکەکان ئاماژەکان دەخوێننەوە.
ئەوەش بەخشینی تەواوی مافە دیموکراتیەکان و دەرفەتە گوزارشتی سیاسی و کەلتوری بە کوردەکانی تورکیا لە خۆدەگرێت کە دەبێتەهۆی ئەوەی پەکەکە پارێزراو بێت و ئەوەی ئەو شێوازەی لە کوردستانی عێراقدا پیادەی دەکات درێژبێتەوە بۆ نێو کوردەکانی سوریا و ئێرانیش.»
لە کاتێکدا کوردەکانی سوریا هەوڵی بەدەستهێنانی مافی زیاتر و ئیدارەیەکی خۆبەڕێوەبەر دەدەن، نەك سەربەخۆیی، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە تورکیا تەنیا تەماشاکار بێت و دەستێوەردان نەکات، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە لە خاکی سوریاوە هێرشی دەکرێتەسەر.
سەرهەڵدانی هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەری کوردی دیکە لەسەر سنورەکانی تورکیا، نەك تەنیا سیاسەتی تورکیا لە ئاست کوردەکاندا دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو پێداچوونەوە بەو سیاسەتەدا دەکاتە شتێکی پێویستتر، ئەو سیاسەتەی تورکیا دەخاتە ڕیزی پێشەوەی پەرەسەندنەکانی ناوچەکە و ڕۆڵی تورکیاش دەچەسپێنێت وەك سەرکردەیەك لە کاتی گۆڕانی جیوپۆلەتیکیدا.
٢. مۆرگان لۆرەین ڕۆچ لە وتارێکیدا بە ناونیشانی «قەیرانی سوریا کە جەسارەتی کوردەکان زیاتر دەکات، مایەی کێشەیە بۆ تورکیا» دەڵێت:

«ئەسەد وەك پێشتر کۆنترۆڵی کوردەکان و چەکدارەکانیان ناکات، بەڵکو شەڕی بە وەکالەتیان پێدەکات و لە دژی تورکیا بەکاریان دەهێنێت... ئەنقەرە ترسی هەیە لەوەی دەسکەوتەکانی کورد سەربکێشن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی-یاخود بەلای کەمەوە هەرێمێکی کوردی خۆبەڕێوەبەری بە چەشنی ئەوەی لە باکووری عێراقدا هەیە- کە ئەمەش دەبێتەهۆی پەکخستنی سنورەکانی تورکیا....ڕاپەڕینەکەی سوریا هاوسەنگی هێز لەنێوان کورد و حکومەتی تورکیادا دەگۆڕێت. ئەگەرچی زۆر زووە پێشبینی ئەوە بکەین کە چۆن کوردەکان سوود لە ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد وەردەگرن، بەڵام زەحمەتە بتوانرێت ئەم تین و تاوەی کوردەکان کۆنترۆڵ بکرێت.

٣. دانیاڵ برۆد، لە وتارەکەیدا بە ناونیشانی «سنوردارکردنی هەڵکشانی کوردستان»( العربیە نیوز، کە لە ٢٠١٢/٨/٨ نووسیویەتی و دەڵێت:

لە ١٧ی تەممووزدا، بە هەزاران سەربازی عێراقی و تانك و تۆپ ڕەوانەکران بۆ کۆنترۆڵکردنی زوممار لە باکووری عێراق کە دەکەوێتە دەروازەی فیشخابوور لەسەر سنوری سوریا. کە لەلایەن ٣,٠٠٠ پێشمەرگەی کوردیەوە کە تۆپەکانیان دامەزراندبوو ڕێگریان لێکرا،- بە ئامانجی سەلماندنی ئەوەی چیتر بەغدا باڵادەست نییە. بەرەو ڕاوەستانێکی پڕ لە گرژی لە نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە ڕوویدا کە بەهۆی فشاری ئەمەریکاوە خاوبۆوە.. کوردستانی عێراق سوورە لەسەر ئەوەی خۆی لە بەغدا ڕزگاربکات و خۆی وەك گەمەکارێکی ئیقلیمی دابمەزرێنێت، هەروەها هێزی گەشەکردوی خۆی بۆ پاراستنی کوردەکانی دیکەی ناوچەکە بەکار بهێنێت. لە هەمووشی گرنگتر، هەوڵدانی دەوڵەتە ڕکابەرەکان بۆ لەباربردنی خەونەکانی کورد هەڕەشەی دووبارە هەڵگیرساندنەوەی خولێکی دیکەی شەڕی کوردەکان دەکات لە ناوچەکەدا کە ئێستا لە بڵێسەدایە.

ئەم ناوچە سنوریە(تاکە دەروازەی سنوری نێوانیان لەگەڵ سوریا ) کێشەی لەسەرە لە نێوان حکومەتی بەغدا- کە شیعەکان باڵادەستن بەسەریدا- و حکومەتی هەرێمی کوردستان) پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات دەستی بەسەردا ناگرێت.( لە بەرامبەردا، بەغدا لە ژێر کاریگەری نفوزی ئێراندا نایەوێت) ئەم سنورە واڵابێت بۆ ئەوەی پێوەندیی بەردەوام لە نێوان کوردەکانی عێراق و سوریادا هەبێت....تەنیا چەند گەمەکارێکی کەم، جگە لە ئیسرائیل، پەرۆشی ئەوەن دۆخی کوردەکان بەرەو هەڵکشان بچێت، چونکە ئەو دەستکەوتانەی کوردەکان بەدەستی دەهێنن بەلای زۆرێك لە دەوڵەتانەوە دژ بە بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانیان لێکدەدرێتەوە.

ئەو هێزەی باڵادەستە بەسەر -ناوچە کوردەکانی سوریادا- بریتیە لە پارتی یەکێتی دیموکراتی «پەیەدە» کە بەهێزترین پارتی کوردی سوریایە، کە هاوپەیمانێکی ناو بەناوی ئەسەد و گرێدراوی پارتی کرێکارانی کوردستانە کە پارتێکی چەکدارە. ئاشکرایە لە کاتێکدا تورکیا و عێراق لەسەر زۆر مەسەلە ناتەبان لە ئێستا، بەڵام هەردوولایان بەرهەڵستی کۆنترۆڵکردنی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا دەکەن لەلایەن کوردەکانەوە.

خواستی تورکیا بۆ ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد و بینینی ڕۆڵێکی سەرەکی لە دوای ئەسەد بێ دەرئەنجام و ڕەنگدانەوە نابێت. ئەم هەوڵەی تورکیا بۆتەهۆی ئەوەی دوژمنی تورکیا، کە پەکەکەیە، بهێنێتە سەر سنورێکی دیکەی ئەو وڵاتە. بەلای تورکیاوە، کە گرفتارە بە دەست شەڕێکی خوێناوی دەیان ساڵەوە لەگەڵ پەکەکەدا و لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەدا، کردنەوەی بەرەیەکی نوێ لەگەڵ میلیشاکانی پەکەکەدا پەرەسەندنێکی نەخوازراوە. لەلایەکی دیکەوە بەغدا نیگەرانە لە زیادبوونی ئاستی خۆبەڕێوەبردنی کوردەکان، لە ئاست یەکێتیەکەی و گرێبەستە نەوتیەکان و هێزە سەربازیەکەی، هەموو ئەمانە هەڕەشەن بۆ سەر عێراقێکی بەهێز، یەکگرتوو و سەقامگیر.

کاتێك بەراوردی دەکەین بە زۆربەی بەشەکانی دیکەی عێراق، ئەوا ئەو سەقامگیریەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە زۆر زیاتر و باڵاترە، هەروەها سەرۆك بارزانی کە کوردێکی عێراقیە کاردەکات بۆ ئەوەی کوردەکانی سوریا کە پێوەندیی خزمایەتیان هەیە و هاوئیتنن ئاستتر دەستکەوتەکانیان بەدەست بهێنن. لە کاتێکدا دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردەکانی عێراق لە هەڵکشاندایە، ئەوا ئەمە گوڕ و تین بە کوردەکانی دیکەش دەدات.

ڕوونە دەوڵەتە ئیقلیمیەکان لە هەوڵدان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵکشانی پێشبینی نەکراوی کوردەکان، لەبەر ئەوەی بە هەڕەشەی دەزانن بۆ سەر بەرژەوەندیەکانیان، کە بریتییە لە سیاسەتی هێز. لە کۆتاییدا، بە بەراورد بە دەیەکانی ڕابردو واقیعە جیوپۆلەتیکیەکان لە ٢٠١٢دا جیاوازە، ئەمەش لە پەرەسەندنەکانی هەرێمی کوردستاندا خۆی دەبینێتەوە کە زیاتر و زیاتر هەنگاو بەرەو ئەوە هەڵدەگرێت ببێتە گەمەکارێکی دەستڕۆیشتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەوەی جێی داخە بۆ ڕکابەرەکانی ئەوەیە کە توانایەکی کەمیان هەیە ئەم پەرەسەندنانە بوەستێنن.

ئەمانە ئەو بۆچوونانەن کە لە دەرەوەی تورکیادا هەن. ئەوە ڕوون نییە تا چەند دەرئەنجامەکانی حەماس و پەرۆشی تورکیا بۆ گۆڕینی ڕژێم لە سوریادا لەبەرچاوگیراوە. هێشتا بۆچوونی ڕەسمی دەوڵەت لەم بارەیەوە بڵاونەکراوەتەوە و هێشتا گوزارشت لە بۆچوونی ناڕەسمیش نەکراوە لە ئاست ئەم مەسەلەیەدا.

**ئێمە باوەڕمان بەو دەستەواژەیە هەیە کە دەڵێت «ئێمەی تورك جگە لە خۆمان کەسی دیکە دۆستمان نییە.»**

**تورکیا خۆی لە دۆخێکدا بینیوە کە واقیعەکە گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەرداهاتووە. مەبەست لەو دەوڵەتە کوردییە کە پێشبینی دەکرێت لە باکووری عێراقدا دروست بێت**

**سەرهەڵدانی هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەری کوردی دیکە لەسەر سنورەکانی تورکیا، نەك تەنیا سیاسەتی تورکیا لە ئاست کوردەکاندا دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بەڵکو پێداچوونەوە بەو سیاسەتەدا دەکاتە شتێکی پێویستتر**

**ئایا بەرژەوەندی تورکیا لەوەدایە سیاسەتێکی کوردی چاڵاك بگرێتەبەر کە ناسیونالیزمی کوردی لە ئاسیای ڕۆژئاوادا بگەیەنێتە دۆخێکی لەبار، بە چەشنی ئەوەی لە باکووری عێراقدا کردی؟**

ژمارە (٨٩٢) ■ ٢٠١٢/٨/١٣



## بوڵنت کێناش سەرنووسەری تودەی زەمان بۆ (گوڵان):

# تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرامبەر رەوشی سوریا نیگەرانن و پێویستە هەڵوێستی هاوبەشیان هەبێت

**پرۆفیسۆر بوڵنت کێناش ئەکادیمی و رۆژنامەنووسە و ئێستا سەرنووسەری رۆژنامەی توودەی زەمانی تورکی چاپی ئینگلیزییە، یەکێکە لەو رۆژنامەنووسە دیارانەی کە شارەزایە لەسەر پرسی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان و هەروەها پەیوەندییەکانی تورکیاو عێراقیش. بۆ قسەکردن لەسەر سەردانی ئەم دواییەی داود ئۆغلۆ بۆ هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوە هاوبەشەکانی، هەروەها بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی سیاسی ناوچەکە، پێوەندیمان بە بوڵنت کێناش کردوو لە وتووێژێکی تایبەت دا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** سەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیا، بەڕێز داود ئۆغلۆ بۆ هەرێمی کوردستان نیشانەی پەیوەندی باش و دۆستانە و هاوکاری نێوان هەردوولایە، ئێوە چۆن ئەم سەردانەی بەڕێز ئۆغلۆ بۆ لای بارزانی لە هەولێر دەخوێننەوە؟**

- ئەمە یەکەم سەردانی بەڕێز ئۆغلۆ نییە بۆ هەولێر، چونکە ئەوەندەی من لە بیرمە چەند ساڵێك پێش ئێستا سەردانی هەولێر و هەروەها موسڵی کرد کە پارێزگایەکی عێراقیە، ئەویش گرنگ بوو لەبەر ئەوەی یەکەم سەردان بوو لەو ئاستەدا، کە دوای ئەو سەردانە کونسوڵی گشتی کۆماری تورکیا لە هەولێر کرایەوە و گەشتی ئاسمانی نێوان ئیستانبوڵ و هەولێر دەستی پێکرد، کەواتە ئەمە یەکەم هاتنی وەزیری دەرەوەی تورکیا بەڕێز ئۆغلۆ نییە، بەڵام هاتنی بەڕێزی گرنگی خۆی هەیە، بە ڕەوچاکردنی بەهاری عەرەبی و پەرەسەندنەکانی سوریا ئەوا نیگەرانیەکی زۆر هەیە لە ناوچەکەدا و کوردستانی عێراق و تورکیاش زۆر نیگەرانن لە ئاست پەرەسەندنەکانی سوریا، واتە بەرژەوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا لێکتر نزیك بوون، بە تایبەتی دوای پێکهێنانی پارتی یەکێتی دیموکراتی «پەیەدە» لەلایەن پەکەکەوە لە باکووری سوریا، کە ئەمە نیگەرانیەکی زۆری بۆ تورکیا دروست کردووە.

*** بەڵام مەترسی ئەوە هەیە دوای رووخانی رژێمەکەی ئەسەد، سوریا بکەوێتە ناو بازنەی شەڕی ناوخۆو توندوتیژییەوە، ئایا چۆن ئەکرێ ئامادەکاری بکرێت بۆ پاراستنی سەقامگیری سوریا دوای رووخانی ئەو رژێمەو، ئایا تورکیا تاچەند نیگەرانە لەمبارەیەوە؟**

- تۆ ئاماژەت بە شەڕی ناوخۆ کرد، من پێم وایە حاڵی حازر ئەوەی لە سوریادا ڕوودەدات شەڕی ناوخۆیە و بگرە چەند مانگێکە دەستی پێکردووە، لەبەر ئەوەی هێزەکانی ئەسەد هێزی نیزامی دەوڵەت نین، بەڵکو بناغەیەکی تائیفی و کۆمەڵایەتیان هەیە و سەر بە کەمینەی عەلەوین، واتە شەڕی نێوان هێزەکانی ئەسەد و هێزەکانی موعارەزە سروشتێکی ئاینی و ئیتنی هەیە. بێگومان مەترسیەکی گەورە هەیە کە ئەم شەڕە ناوخۆییە دوای کەوتنی دەسەڵاتی ئەسەدیش بەردەوام بێت، ئەمەش جێی داخە. لەلایەکی دیکەوە ڕژێمی ئەسەد نیازی باشی نییە و پلان بۆ ڕۆژگاری دوای ئەسەدیش دادەنێت، بۆ ئەوەی دوای رووخانی خۆشی سوریا سەقامگیری بەخۆیەوە نەبینێت، ئەمەش مەترسیەکی گەورەیە لەسەر سەقامگیری ئەو وڵاتە لە داهاتوودا، لەبەر ئەوە دەبێت تورکیا و هەرێمی کوردستان هاوکاری یەکتر بکەن بۆ پاراستنی یەکپارچەیی سوریا و کارکردن بۆ ئەوەی هەموو هاوڵاتیانی سوریا بە بێ جیاوازی، بە بێ ڕەچاوگرتنی خەلفیەتی ئیتنی و تائیفی پشتیوانی لە فرەیی و دیموکراسی و ئازادی بکەن لە سوریادا دوای ڕوخانی دەسەڵاتی ئەسەد، بەڵام یەکێك لە هەڕەشە گەورەکان ئەوەیە سوریا زەمینە بۆ ئەوە خۆش دەکات پەکەکە بوونی هەبێت لە باکوری سوریادا. لەبەر ئەوەی لە بەرژەوەندی بارزانی و تورکیایە ڕێگە بە پێکهاتنی قەوارەی ئیتنی و تائیفی نەدەن، لەبەر ئەوە دەبێت سیاسەتی ئەنقەرە و بەغدا و هەولێر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی سوریا بێت لە ڕێی دەستەبەرکردنی هەموو ماف و ئازادییە دیموکراتیەکان و ڕەنگە ئۆتۆنۆمیش بێت بۆ هەموو گروپەکانی وڵاتەکە.

*** ئێمە دەزانین هەڵوێستی هەرێمی کوردستان و تورکیا هەڵوێستێکی هاوبەشە لە ئاست بارودۆخی سوریادا، بەڵام حکومەتی عێراق پشتیوانی لە ڕژێمی ئەسەد دەکات، ئەم جیاوازییە لە هەڵوێستەکاندا بۆتە هۆی ئەوەی حکومەتی عێراق فشار بخاتە سەر هەرێمی کوردستان، کە دەبینین گرژی سیاسی لە نێوان مالیکی و بارزانیدا هەیە و بەم دواییە نزیك بوو ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی ڕوویدات لە نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستاندا، هەروەها کاتێك بەڕێز ئۆغلۆ ویستی سەردانی هەرێم بکات بەغدا زیاتر فشاری دروست کرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر حکومەتی عێراق هەڕەشە لە هەرێمی**



**کوردستان بکات تورکیا چۆن مامەڵە دەکات و ئایا تاچەند سەقامگیری هەرێم بەلای تورکیاوە گرنگە؟**

- لەبەر ئەوەی لە عێراقدا هەرێمی کوردستان نزیکترین دراوسێی تورکیایە ئەوا سەقامگیری و ئاشتی و ئاسایشی هەرێم گرنگە بۆ تورکیا. هەروەها ئێمە دەزانین دابەشبوونی گەورە هەیە لە نێوان هەولێر و بەغدا، ئەویش لەسەر داهاتی سەرچاوە سروشتیەکانی وەك نەوت و غاز، هەروەها کێشەی ئیداریشیان هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین حکومەتەکەی مالیکی سیاسەتێکی تائیفی پیادە دەکات و هەوڵدەدات گروپی سوننەکانیش تاوانبار بکەن، واتە بە نەفەسێکی تائیفیەوە هەوڵدەدات سیاسەتی عێراق بخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە و لەم سیاسەتەشدا ئێران پشتیوانی دەکات، کە هەر لە بەسراوە تاوەکو ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست لە ژێر نفوزی ئێراندایە، هەربۆیە ئەوەندەی من بتوانم شیکردنەوە بۆ بارودۆخەکە بکەم، ئەوا تورکیا پشتیوانی حکومەتەکەی بارزانی دەکات لە حاڵەتی هەر هێرشێکدا کەلەلایەن حکومەتی مالیکی لە بەغداوە بکرێتە سەری، ئێمە دەزانین پێش سەردانەکەی بەڕێز ئۆغلۆ بۆ هەولێر و کەرکوك، ئەیاد عەللاوی سەرۆکی لیستی ئەل عێراقیە سەردانی ئەنقەرەی کرد، لەبەر ئەوە سەردانەکەی ئۆغلۆ بۆ هەولێر بە دوور نەبوو لە گرژییەکانی نێوان تورکیا و بەغدا.. لەبەر ئەوەی دابەشبوونێکی گەورە هەیە لە نێوان هەولێر و بەغدا و هەروەها ئەنقەرە و بەغدا، پێم وانییە بتوانرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم کەلێنە پڕبکرێتەوە، لەبەر ئەوەی بەم زووانە مالیکی واز لە سیاسەتی تائیفی خۆی ناهێنێت لەبەر ئەوەی هەست دەکات حکومەتی ئێران بەردەوامە لە پشتیوانیکردن لە حکومەتە تائیفیەکەی.

*** پەیوەندییەکی ئابووری و بازرگانی باش هەیە لە نێوان تورکیا و کوردستاندا، بە تایبەتی کە ئێستا کوردستان نەوت هەناردەی تورکیا دەکات، واتە پەیوەندییەکان بەهێزتر بوونە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی تورکیا پشتگیری هەرێمی کوردستان بکات لە حاڵەتی هەر ناکۆکیەك لەگەڵ بەغدا یان هەر دەوڵەتێکی دیکە؟**

- واقیعەکە ئەوەیە تەنها ناوچەیەکی عێراق کە تورکیا پەیوەندی باشی هەبێت لەگەڵیدا باکووری عێراقە، کە پەیوەندییەکی باشە و پەیوەندی ئابووری و بازرگانییە، ...کە پێم وایە ئەو پەیوەندیانە لە داهاتوودا زیاتر بەرەوپێش دەچن، یەکێك لە هەڕەشەکانی سەر ئەم پەیوەندیانە فشاری بەغدایە لەسەر حکومەتەکەی بارزانی، پەیوەندی ئابووری لە نێوان تورکیا و باکووری عێراقدا هەیە، هەروەها پەیوەندیی کەلتوری و ڕۆشنبیریش هەیە، بۆ نموونە چەندین قوتابخانە و زانکۆی تورکی لە کوردستاندا هەن، بەڵام تاوەکو پەکەکە بوونی هەبێت لە باکووری عێراقدا و تاوەکو بەغدا فشار لەسەر ئیدارەی بارزانی بکات، ئەوا ئەم پەیوەندیانە لە دۆخێکدا دەبن کە پارێزراو نابن، لەبەر ئەوەی ئەو هەڕەشانە ڕێگا نادەن سەقامگیرییەکی درێژخایەن دروست بێت، لەبەر ئەوە دەبێت پەیوەندی تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرفراوان بێت نەك تەنها بۆ بایەخدان بە کێشەی سوریا، بەڵکو بۆ نەهێشتنی هەموو مەترسیەکانی نێوان هەردوو لا، واتا ئەمە شتێکی زۆر زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییانە پەیوەندی درێژخایەن و بەردەوام بن.

*** دوا وتەت چیە؟**

- وەك هاووڵاتیەکی تورکیا هیوادارام ئاشتی و ئاسایش باڵ بەسەر هەموو ناوچەکەدا بکێشێت، نەك هەر تەنها تورکیا، بەڵکو ئێران و عێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵام بۆ هێنانەدی سەقامگیری دەبێت سەرکردەی ئەم وڵاتانە لە ئاست خواست و پێشبینیەکانی خەڵکەکەیاندا بن، واتە دەست بە چاکسازی دیموکراتی و بە دەستەبەرکردنی ئازادیەکان بکەن لە سەرجەم دەوڵەتەکانی ناوچەکەدا، بە دڵنیاییەوە یەکێك لەو دەوڵەتانەش تورکیایە، واتە دەبێتە خەڵکی سەرجەم ناوچەکە کار بۆ بەرەپێشبردنی دیموکراسی بکەن.

# کۆمەڵەی هەقە
# نموونەی کۆمەڵگای هاوبەشیی و یەکسانیی



ئازا حەسیب قەرەداخی

**هەرچەندە هەقە بزووتنەوەیەکی ئایینی بووە، وەلێ ئاوات و ئامانجەکانی دامەزرێنەران و شوێنکەوتووانی زۆرتر پێویستییە ماتریال و ژیارییەکان بووە، کە گوزارشت لە پێویستییە ژینوارییەکانی کۆمەڵگایەکی جووتیاری دەکەن**

دەرکەوتن و دروستبوونی ڕێبازە سۆفییەکانی ناو مەزهەبی سوننە، وەکو پەرچەکردارێك بۆ هەڵکەوتی سیاسی و ئابووری و فیکری باو و زاڵ کە بە پاساوی جۆراوجۆری ئایینی و کۆمەڵایەتی ڕێی لە هەموو جۆرە بزاوتێکی هەڵکشاو گرتبوو، هاتوونەتە ئاراوە. نموونە لەو بارەیەوە دەرکەوتنی ڕێبازی نەقشبەندییە کە لە دۆخێکدا هاتە ئاراوە کە ڕێبازی قادری ببووە ڕێبازێکی زاڵ و بەشێك لە سیستەمی سیاسیی دەسەڵاتەکەی میرنشینی بابان و لە کاتێکدا پشتگیری و کۆمەکی ئەو دەسەڵاتەی دەکرد کە لەناو کۆمەڵگادا گۆڕانکاری قووڵ و ریشەیی ڕوویان دابوو، توێژگەلێکی کۆمەڵایەتی دروست ببوون ناکۆکییان لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە کۆنەدا هەبوو. ئا لەم دۆخەدا ڕێبازی نەقشبەندی وەك هێزێکی بەرهەڵستکار هاتە ئاراوە و ڕووبەڕووی سیستەمی سیاسی ـ ئایینیی میرنشینی بابان بۆوە، بۆیە زۆر ئاسایی بوو کە خەڵك لە دەوری ئەم ڕێبازە نوێیە کۆببنەوە، بەو هیوایەی کە سیستەمێکی نوێ و هەڵکەوتێکی ئابووریی باشتریان بۆ فەراهەم بکات و ڕێگەی بزاوت و هەڵکشانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییان بۆ بکاتەوە.

لە ساڵی ١٩٢٠ دا و دوابەدوای جەنگی یەکەمی جیهان، ئاسۆیەك لە پەرەسەندن و گۆڕانکاریی جیهانی دەرکەوت، لە کوردستانیشدا ڕەنگدانەوەی هەبوو. خەڵکی کوردستان ڕووبەڕووی کۆلۆنیالیزم بوونەوە و دژی داگیرکاری وەستانەوە، جووتیاران دژی دەرەبەگەکان ڕاپەڕین، هەروەها لە ڕووی سیاسی و فیکرییەوە کاریگەرییەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ڕووسیا و بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازی و سۆسیالیزم لەناو ڕۆشنبیران و نوخبەی سیاسیدا دەرکەوت. لەناو پەیڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندیشدا ڕێچکەیەکی نوێ سەری هەڵدا کە دواتر بە کۆمەڵەی (هەقە) ناسران و بزووتنەوە و تایەفەیەکی نوێی ئایینزاییان پێکهێنا. (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) ڕۆڵی هەرە گرنگی هەبوو لە دامەزراندن و پەرەپێدانی بنەما فیکری و ڕووحی و تەنانەت کۆمەڵایەتییەکانی ئەم ڕێچکە نوێیە و یەکەم پیری ئەم کۆمەڵەیە بووە. پاشی مردنی بەشێك لە شوێنکەوتووانی وازیان لە هاوبەشی کۆمەڵەکەیان هێنا و ژمارەیەکی کەمیشیان دوای «حەمە سوور» کەوتن و لە گوندی کلاوقووت لەناوچەی شوان نیشتەجێ بوون. زۆربەکەیشیان «مامە ڕەزا» ی برای شێخ عبدولکەریمیان هەڵبژارد و کردیان بە سەرۆکی کۆمەڵەکەیان.

هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە، سیمای ئابووری و رووکردنە گۆڕینی ژیان و گوزەرانی جووتیارانی کوردستان بە ڕێبازی کۆمەڵەی هەقەوە دەرکەوتووە، بۆیە لەسەر قەولی مامۆستا «هەمزە عەبدوڵڵا»، دەتوانین بڵێین (کاکڵی بزووتنەوەی هەقە ئەوەیە بزووتنەوەیەکی جووتیاران بوو بە مەبەستی رزگاربوونیان لە پێوەندی پڕ لە جەورو ستەمی کۆمەڵایەتی و خوێنمژانەی کۆن)[١].

مامۆستا «محەمەدی مەلا کەریم» لە پەراوێزێکیدا لەناو کتێبەکەی (مستەفا عەسکەری)دا نووسیویەتی: (تێکڕا ڕێبازی هەقە گەلێ پەیوەندی بەو ڕێبازە ئایینی و فەلسەفییانەوە هەیە کە بە درێژایی مێژوو لەناو موسڵمانانا پەیدابوون و لام وایە جێ پەنجەی هەندێ ڕێبازی فەلسەفیی نوێیشی پێوەبێ)[٢]. تەنانەت لە هەندێ باردا، بەشێوەیەك گۆڕانکاری بەسەر ڕێبازی نەقشبەندیدا هێناوە کە (هەست بە لێدەرچوون و ناکۆکیش لەنێوانیاندا دەکرێت. بە کورتی بیری هەقە، لادانێکی لە ئاراستەی تەریقەتی نەقشبەندیدا دروست کرد کە لەلایەکەوە لە تێڕوانینی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەوە سەرچاوەی گرتبوو، لەلایەکی تریشەوە لەو گۆشەنیگایەوە سەرچاوەی گرتبوو کە پەیوەندی بە بیری پێشکەوتنخوازی و دەرەنجامی ئاسۆی گۆڕانکاری: ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، نەتەوەیی ئەو ڕۆژگارە هەبوو)[٣].

هەرچەندە هەقە بزووتنەوەیەکی ئایینی بووە، وەلێ ئاوات و ئامانجەکانی دامەزرێنەران و شوێنکەوتووانی زۆرتر پێویستییە ماتریال و ژیارییەکان بووە، کە گوزارشت لە پێویستییە ژینوارییەکانی کۆمەڵگایەکی جووتیاری دەکەن. کۆمەڵگایەك خەونی بە رزگاربوون لە چەوسانەوەی دەرەبەگەکانەوە بینیوە و چاوی بڕیوەتە شێوەیەك لە شێوەکانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

بەپێی لێکدانەوەی مامۆستا «هەمزە عەبدوڵڵا»، سێ ئامانج و خەون بوونەتە هۆی بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی کۆمەڵەی هەقە لە ناوچەیەکی بەربڵاوی کوردستانی باشووردا:

یەکەم: رزگاربوونی جووتیاران لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و چەوسانەوەی دەرەبەگ.

دووەم: رزگاربوونی ئافرەت لە کۆت و زنجیری قورسی ساڵەهای ساڵ و ڕێگەپێدانی کە بە ئارەزووی خۆی هاوبەشی ژیانی خۆی هەڵبژێرێ.

سێیەم: ئەو هاوکارییە برایانە بەسۆزەی نێوانیان.

جووتیاران لە پێناوی ئەم خەونەدا کە پێویستی بە جۆرێك لە گۆڕانکاری لە سستەمی کۆمەڵایەتیدا هەبووە و ئاسۆ لەبەردەم بزاوتێکی شاقوولیدا بکاتەوە، وەکوو «دکتۆر ڕەشاد میران» دەڵێ، چاوەڕێی هاتنی مەهدیان نەکرد و لە ئاسمانیشدا بەدوای دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا نەگەڕان، بەڵکو لەسەر زەوی لەپێناویدا تێکۆشان[٤]. بۆیە بزووتنەوەی هەقە لەناو شوێنکەوتووانیدا، لەو گوند و ناوچانەی تێیدا دەژین، ڕۆڵی لە دامەزراندنی ئەو کۆمەڵگا خەون پێوەبینراوەدا هەبووە. لەناو ئەواندا جیاوازی لەنێوان شێخ و جووتیاردا نییە، جیاوازی لەنێوانی دەوڵەمەند و هەژاردا نییە. تەنانەت سیان لەو دەرەبەگانەی کە دەرەبەگی دەستڕۆیشتووی

دەوڵەمەند و خودان سامان و زەوی زۆر بوون، کە چوونەتە ریزی کۆمەڵەی هەقەوە وازیان لە هەموو ئەو سامان و زەوییانە هێناوە و پشتیشیان کردۆتە ئەو بەهایانەی لەگەڵ بزووتنەوەکەدا نەگونجاوە.

سەبارەت بە جیاوازی ئابووری و نەتەوەیی و رەگەزی، بە گوێرەی ئەوسای کۆمەڵگای کوردییەوە، لەناو کۆمەڵەی هەقەدا زۆر کەمتر بووە. هەروەها سەبارەت بە دابەشکردنی تاکەکەسەکان، بە شێخ و رابەرانیشەوە، بۆ کارکردن لەناو گوندەکانیاندا، لەنێوانی ئیشی ناوماڵ و جووتیاری و شوانیی و فرۆشتنی بەروبووم و کاری دەستی جیاوازی نەکراوە. ئەوان وەکوو موڵکێکی کۆمۆنە، ماڵ و موڵك و سامانیان یەکخستووە تاکو ببێتە ئامرازێك بۆ گەیشتن بە (لەناوبردنی جیاوازییە چینایەتییەکان)[5].

ئافرەتیش لەناو کۆمەڵەی هەقەدا ئازادە. لە شوێنگەی کۆمەڵایەتیدا، هاوشانە لەگەڵ پیاودا، بەشداری دەرچوواندنی هەموو ئەو بڕیارانە دەکات کە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵەکەن.

لە کۆی گشتیدا، کۆمەڵێك بنەما هەن، خەسڵەتی کۆمەڵایەتی و جۆری پەیوەندییەکانی ناو شوێنکەوتووانی کۆمەڵەی هەقە دیاری دەکەن. جگە لە هەقپەرستی و ئابوونە و رەوشت و کاروباری رێکخستن، سێ بنەمایان پەیوەست بە بابەتی ئێمەوە گرنگترینیانن و بریتین لەمانە:

١- برایەتی، کە هەموو هەقەکان براو خوشکی یەکترن و هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا نییە و نابێ ببێ، چ بەهۆی دەوڵەمەندی و هەژاری و چ بەهۆی رەگەزی کۆمەڵایەتییەوە. «محەمەدی مەلا عوبێد» کە یەکێکە لە هەقەکانی کلاوقووت قسەی بۆ دکتۆر «عیززەددین مستەفا رەسول» کردووە و وتوویەتی: (ئەوەتەی ئێمە هاتووینە سەر ئەم دینە،... موڵك و ماڵمان کردووە بەیەك. تا بتوانین لەیەك مەنجەڵ نان دەخۆین.[6]

٢- گیانی هاوبەشی لە سامان و داراییدا بەگشتی، هیچ کەسێکی هەقە خۆی بەخاوەنی ماڵ و سامان نەزانیوە هەرچییەکی هەبووبێ هی هەمووان بووە و بێ پرسی ئەوانی دیکە، یان بێ بەشدارییان دەستی لە ماڵ و سامانی خۆی نەداوە.

٣- تەگبیر و ڕا گۆڕینەوە، بنەمای بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵەی هەقەیە. ئەم شێوازەیان ناو ناوە «پرس و رای ناو برایەتی». لەم پرۆسەیەدا هەموو هەقەیەك مافی بەشداری هەبووە، قسەی کردووە و لە بڕیاریشدا خودان دەنگ بووە، جا چ پیاو بێ یان ئافرەت.

لە ناو کۆمەڵەی هەقەدا شوێنگەی کۆمەڵایەتی و پلە و پایە و پۆلبەندی چینایەتی چ لەسەر بنەمای ئایینی و چ لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی نییە، جگە لە شێخ، کە تەنانەت بە رای شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەی رابەر و دامەزرێنەری بزووتنەوەیش شێخایەتیش نەماوە و تەنیا برایەتی هەیە، دوو جۆری براکان هەن، یەکەمیان: (برا سەیارەکان)ـن واتە گەڕیدەکان، کاریان بڵاوکردنەوەی رێبازی هەقەیە. ئەمانە لە سەردەمی مامە رەزادا پەیدابوون، نوێنەرایەتی ئەویان کردووە و دوو دوو بە مەڵبەندەکانی هەقەدا بڵاوبوونەتەوە و گەڕاون و قسەیان بۆ خەڵك کردووە و کێشەکانی ئەوانیشیان هێناوەتەوە بۆ خانەقا و لای مامە رەزا بۆ چارەسەرکردن. دووەمیان: برا موخلیسەکانن. ئەمانە ئەو برایانەن کە لە گوند و مەڵبەندەکانی هەقەدا نیشتەجێ و جێگیرن.

ئەم پۆلبەندییە هیچ لێکەوتەیەکی چینایەتی و بەرژەوەندی و پایە بڵندی بۆ ناولێنراوەکانی نییە، تەنانەت بۆ شێخ و رابەر و پێشەواکانیشیان.

مامۆستا «هەمزە عەبدوڵڵا» بۆ سەلماندنی ئەم راستییە، باسی ئەو کاتە دەکات کە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە دەگیرێت و دەخرێتە ژێر لێپرسینەوەوە و (لە کاتی داوەری کردنیدا لە کەرکووك لێی دەپرسن: ئیشی چییە؟ وەڵامی دایەوە: جووتیارم)[7] ، واتە ئەوی رابەر و پیری کۆمەڵە خۆی هەر بە جووتیار زانیوە، نەك پلەیەکی کۆمەڵایەتی و ئایینی بەرزتر.

بەڵگەیەکی دیکەیش هەر لەم بارەیەوە ئەوەیە کە «حەمەسووری کلاوقووت» کە دوای شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە بۆتە رابەری باڵێکی کۆمەڵەی هەقە، لە بنەماڵەی شێخەکان نەبووە، رەشە مسکێن بووە، ماوەیەکی زۆر لە ماڵی شێخ عەبدولکەریمدا دارکێش و گۆلکەوان بووە، پاشان تەریقەتی وەرگرتووە و لەگەڵ سۆفی و موریدەکانی دیکەدا هەڵساوە و دانیشتووە و بەوجۆرە وردە وردە برووزی کردووە تا بووە بە یەکێ لە پێشەوایانی هەقە[8].

لەم گەشتە خێرایەدا بەناو کۆمەڵەی هەقەدا، بەو مەبەستەیش کە پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە هەیە سەبارەت بە کرانەوە و داخرانی کۆمەڵایەتی بەهۆی پۆلبەندیی چینایەتی و لەسەر بنەمای ئایینی، بۆمان روون بۆوە کە کۆمەڵەی هەقە وەکو رێبازێکی ئایینی توانیویەتی خۆی بگەیەنێتە رادەیەکی پێشکەوتوو لە کرانەوەی کۆمەڵایەتی و تەجاوزکردنی جیاکارییە چینایەتییەکان و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی بێ چین و یەکسان و هاوبەش لە سامان و موڵك. بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵەکەش ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و راوێژکردنی گشتی و بە بەشداری هەمووان، چ پیاوان چ ژنان، کاروبارەکان رێکدەخرێن و بڕیار دەدرێ و هیچ کەسێك خودان دەسەڵاتی رەها و تاکڕەو نییە. تەنانەت لە پەیوەندیی نێوان ژن و پیاویشدا سنووری جیاکارییان تێپەڕاندووە و یەکسانی پەیڕەو دەکەن.

کۆمەڵەی هەقە، نموونەیەکی دیکەی کرانەوەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردییە، بەڵام دوو تایەفەی دیکەی ئایینی دیکە لە کۆمەڵگای کوردیدا هەن، رێك پێچەوانەی کۆمەڵەی هەقەن و نموونەی داخرانی تەواوی کۆمەڵایەتین. ئەوانیش (ئێزیدییەکان) و (کاکەییەکان)ـن، ئەگەر خوا یار بێ لە بابەتی دیکەدا باسیان دەکەین.


**سەرچاوە:**

١ - پاشبەندی مامۆستا «هەمزە عەبدوڵڵا» بۆ کتێبی (ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە) لە نووسینی «مستەفا عەسکەری»، ل٦٣

٢ - عەسکەری، مستەفا، ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، چاپخانەی علا،بەغدا، چاپی یەکەم، ١٩٨٣، ل ٢٠

٣ - تۆفیق، رێبوار حەمە، کۆمەڵی هەقە (لە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەوە تا حەمەسووری کلاوقووت-١٩٢٠-١٩٨٦)، ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٥٥

٤ - میران، رشاد، رەوشی ئایینی و نەتەوەیی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، چاپی ٢، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٦٤

٥ - هەمان سەرچاوە، ل ١٩

٦ - عەسکەری، مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠

٧ - پاشبەندی مامۆستا «هەمزە عەبدوڵڵا» بۆ کتێبی (ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە)، ل٦٢

٨ - هەمان سەرچاوە، ل٣١


**کاکڵی بزووتنەوەی هەقە ئەوەیە بزووتنەوەیەکی جووتیاران بوو بە مەبەستی رزگاربوونیان لە پێوەندی پڕ لە جەورو ستەمی کۆمەڵایەتی و خوێنمژانەی کۆن**

**ئافرەتیش لەناو کۆمەڵەی هەقەدا ئازادە. لە شوێنگەی کۆمەڵایەتیدا، هاوشانە لەگەڵ پیاودا، بەشداری دەرچوواندنی هەموو ئەو بڕیارانە دەکات کە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵەکەن**



## دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای دانوستان لەگەڵ بەغدا

# هەنگاوێکی گرنگ بۆ یەکبوونی


دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای دانوستاندن بۆ وتوویژ لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق، هەنگاوێکی دیکەیە لەجێبەجێکردنی بەرنامەی کابینەی حەوتەمی هەرێمی کوردستان و هەوڵێکی دیکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانیە بۆئەوەی یەکریزی و هاوهەڵوێستی لەنێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەسەر پرسە نیشتمانیەکان دروست بێتەوە، دوای بەدوای ئەم بڕیارەش ڕۆژی شەممەی ڕابردوو ٢٠١٢/٨/١١، لەناو تەلاری پەرلەمانی کوردستان یەکەمین کۆبوونەوە بۆ پێکهێنانی ئەم لیژنەیە گرێدرا، لەم کۆبوونەوەیەدا باس لەوە کرا ئەم لیژنەیە بەیاسا پێکبهێنرێت و جەخت لەسەر ٣ خاڵکرایەوە کە ئەوانیش بریتی بوونە لە، یەکەم: ئامانجی ئەم لیژنەیە، دووەم: هەیکەلی ئەم لیژنەیە، سێهەم: ئەو نەگۆڕانەی کە هیچ جیاوازییەکیان لەسەر نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە لەچوارچێوەی ئەم لیژنە باڵایەی کە کۆبوونەوەکانی بەردەوام دەبێت بۆئەوەی لەزووترین کاتدا ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، بۆ بەدواداچوون لەسەر



# گوتـــاری سیـــاسی

ئەم پرسە فاتیح دارائاغایی پەرلەمانتاری کۆمەڵــی ئیســلامی لەپەرلەمانی عێراق جەختی لەســەر ئەوەکردەوە ئــەم لیژنەیە بەدەستپێشــخەری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ســەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەرزاوە و لایەنەکان پێشوازیان لێکردووە و لەمبارەوە و لە لێدوانێکی تایبەت بۆ گولان وتی: (ئەم ئەنجوومەنی باڵای دانوســتانە لەسەر دەستپێشخەری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســتان دامــەزراوەو هەموو لایەنەکان بەشدارییان تیا کرد، ئەمە شتێکی باشــە و دەتوانم بڵێم سەرەتای دەسپێکردنی قۆناغێکی نوێیە لەحســاب بۆ یەکترکردن و یەکتر خوێندنەوە و ڕێکخســتنی خیتابی کــورد بەتایبەتی بەرامبــەر بە بەغدا، کە ئەمرۆ عێراق

## ئەشواق جاف بۆ گولان:




**پێکهێنانی لیژنەی باڵای دانوستاندن ڕێگر دەبێت بەرامبەر هەر کەسێك دەیەوێت بڵێت یەك حزب هەموو شتەکانی بەدەستی خۆی گرتووە**

## فاتیح دارائاغایی بۆ گولان:



**سەرەتای دەسپێکردنی قۆناغێکی نوێیە لەحساب بۆ یەکترکردن و یەکتر خوێندنەوە و ڕێکخستنی خیتابی کورد**

## ئازاد چالاک بۆ گولان:



**مەسەلەی موناوەزات و دیاریکردنی چارەنووسی میللەتێك دەبێت بەسەر هەموو لایەنەکاندا دابەش بێت بەرپرسیاریەتیەکەش دەبێتە بەرپرسیاریەتی جەماعی**

کەوتۆتە ناو قەیرانێکی سیاسی گەورە و هەموو کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغداش بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، هەربۆیە چارەسەری ئەو کێشانە پێویستی بەگوتاری یەکگرتووی کورد هەیە، ئەم یەکگرتنەی گوتاری سیاسیی کوردیش بەقۆناخێکی نوێ و چارەنووسساز دەزانم، هەر بۆیە ئەگەر لەبواری جێبەجێکردن گرفتی نەیەتە پێش، بەبۆچوونی من قۆناغێکی نوێیە و هەنگاوی بۆ نراوە. لێرەدا دەتوانین بڵێین کردنەوەی دەرگایەکی گرنگە لەهەموو بوارەکانی تر، لەهەموو بوارەکانی جێبەجێکردنی ئەو پاکێجانەی کە ئۆپۆزسیۆن لێرە هەیانە، پاشان لەهەمان کاتدا بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کورد لەبەغدا وەزن و قورساییەکی خۆی دەبێت، چونکە بەبوونی یەکدەنگی و خیتابێکی یەکگرتووی کوردی لەبەغدا، داخوازییەکانیش بەرزتر دەبێتەوە و هۆکارێکی سەرەکیش دەبێ بۆ وەڵامدانەوەی ئیجابی بەرامبەر، لەکاتێکدا کە دەبینن یەکریزی و یەکخیتابی و یەکدەنگی لەناو کورد و سەرکردایەتی کورد هەیە. هەربۆیە ئێمە وەك کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ هەموو ئەو هەنگاوانەین کە بەرژەوەندی باڵای میللەت و ڕەهەندە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لەبەرچاوبگرێت و بیخاتە سەرووی بەرژەوەندییە تایبەتییە حزبییە تەسکەکان، بەڵام دەبوو ئەم هەنگاوە گرنگە زووتر هەڵبگیرایە)).

ئەشواق جافیش پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی لەپەرلەمانی عێراق هەر لەسەر هەمان پرسی دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای دانوستانەکان ئاماژەی بەوەکرد، بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم ئەنجوومەنە پێشنیاری نێچیرڤان بارزانی بووە بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و ئێستاش ئەو پیشنیارە جێبەجێ دەکرێت، لەمبارەوە لەلێدوانێکی تایبەتدا بەگوڵانی ڕاگەیاند: (بیرۆکەی پێکهێنانی لیژنەی باڵای دانوستاندن لەسەرەتای ئەمساڵدا لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانی باسکراوە، ئەم لیژنەیەش هەموو حزبە سیاسییەکان ئامادەکاری بۆ دەکەن و هەمووشیان بەشداری تێدا دەکەن، بۆئەوەی هەموو بەشداربن لەچارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، بێگومان ئەمەش هەنگاوێکی ئیجابیە و پێشتر ڕاستە کێشەکان بەپێی دەستوری عێراق چارەسەری بۆ دەدۆزرایەوە بەڵام حکومەتی بەغدا پابەندی ڕێککەوتنەکان نەدەبوو، هەربۆیە بۆ ئەم قۆناخە لەباری ئێستا هەست دەکرێت ئێستا ئەو بارودۆخە کامڵبووە کە هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی ئەو پیشنیارە هەڵبگیرێت، بۆ ئەمەش چەند کۆبوونەوەیەك لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کراوە لەسەر چۆنیەتی دامەزراندنی هەیکەلی ئەو لیژنەیە کە لیژنەیەکی هەماهەنگی دەبێت، هەر بۆیە پێموایە جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیە

## نەجیب باڵەتەیی بۆ گوڵان:




**هەمووومان وەك لایەنی کوردستانی دەبێ ڕێککەوین لەسەر دیدێکی ڕووشن لەسەر ئاستی عێراق ئێمە وەکو کورد چیمان دەوێت**

شتێکی ئیجابییە و هەروەهاش بەڕاستی ڕێگر دەبێت بەرامبەر هەر کەسێك دەیەوێت بڵێت یەك حزب هەموو شتەکانی بەدەستی خۆی گرتووە، بەڵام دوای دامەزراندنی ئەم لیژنەیە ئەو قسانەش نامێنن)).

ئازاد چالاکیش ئەندامی پەرلەمانی بزووتنەوەی گۆڕان، دامەزراندنی ئەم لیژنەیە بەئیجابی وەسف دەکات و پێیوایە کە دامەزراندنی ئەم لیژنەیە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە دانوستانەکان زیاتر شەفاف بێت و پەرلەمانی کوردستانیش دەبێتە مەرجەعی بڕیارە کوردستانیەکان، لەم چوارچێوەیەدا و لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و گووتی: (ئێمە پێمانوایە دامەزراندنی ئەم لیژنەیە چەند خاڵێك لەخۆی دەگرێت، یەکەمیان ئەوەیە کە مەرجەعیەت دەبێتە پەرلەمانی کوردستان و لەبەر ئەوەی ئەم لیژنەیە بەبڕیاری پەرلەمانی کوردستان دادەمەزرێت، دووەمیان ئەوەیە ئەو دانوستاندنەی لەمەودوا لەگەڵ بەغدا دەکرێن شەفاف دەبن و هەموو لایەنەکان تیایدا بەشدار دەبن، هەربۆیە ئەگەر بێت و ئەم کۆمسیۆنە یا ئەم لیژنەیە پێکبێت، ئەوا ئەوکاتە دەتوانی مەلەف و ئەرشیف و ئەوانەی بۆ درووستبکەیت، هەروەها بەرپرسیاریەتیکەش دەبێتە بەرپرسیاریەتی جەماعی، چونکە مەسەلەی موفاوەزات و دیاریکردنی چارەنووسی میللەتێك دەبێت بەسەر هەموو لایەنەکاندا دابەش بێت، ئەو کاتە کۆدەنگی لەسەر پرسەکان دروست دەبێت)).

ئەوەی لەم پرسەدا جێگەی خۆشحاڵیەو هەموو پەرلەمانتاران بەبۆچوونی جیاوازەوە جەختی لەسەر دەکەنەوە، ئەوەیە ئەم لیژنەیە هەوڵێکە بۆئەوەی گوتاری سیاسی کورد بەیەکگرتوویی قسە لەگەڵ بەغدا بکات و هەنگاوێکە بۆئەوەی ئەو پرسانەی ڕەهەندی نیشتمانیان هەیە کۆدەنگی هەموو لایەکی لەسەر دروست بێتەوە، سەبارەت بەم لایەنە نەجیب باڵەتەیی پەرلەمانتاری یەکگرتووی ئیسلامی لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و گووتی: ((ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئەم هەیئەتە یان دەستەیە دابمەزرێت، دەتوانم بڵێم ئەمە برگەیەك بوو لەبرگەکانی پڕۆژەی چاکسازی ئۆپۆزسیۆن کە دەبێ هەموو ئەو بابەتانە کە ڕەهەندی نیشتمانییان هەیە بەتەوافوق و کۆکبوونی سیاسی هەموو لایەنەکان لەسەری ڕێککەون، ئەمڕۆ ئەمە هەنگاوێکی باش بوو بەس تەئکیدمان کرد لەسەر ئەوەی ئێمە هەمووومان وەك لایەنی کوردستانی دەبێ ڕێککەوین لەسەر دیدێکی ڕووشن لەسەر ئاستی عێراق ئێمە وەکو کورد چیمان دەوێت، خاڵی دووەمیش تەئکیدمان لەسەر مەوزوعی یەکهەڵوێستی کرد، هەمووومان ڕێککەوتین لەسەر ئەوە، بۆنموونە ئەبێ لایەنەکان تێدا بەشداربن بەتایبەتی لایەنی سەرەکی و ئۆپۆزسیۆنیش، هەموو لایەنەکان بەتایبەتی بۆنموونە ئێستا ئەوانەی کە نوێنەریان هەیە لەبەغدا، ئەبێ نوێنەریان تێدا هەبێت و ئەبێ ڕێککەون لەسەر هەموو شتەکان بەیەکدەنگیی بێت، ئەگەر ئەمەش بکرێت ئایا ئێمە چیمان دەوێ؟)).

# حکومەتی عێراق گەورەترین بودجەی هەیە بەڵام خزمەتگوزاری سەرەکی دابین ناکرێت







## ناهیدە داینی بۆ گوڵان:

# ئەگەر توانیمان گەندەڵی ئیداری و دارایی بنبڕ بکەین ئەوکات هاوشێوە لەگەڵ کوردستان دەتوانین لەماوەیەکی پێوەریدا وڵات بونیادبنێینەوە

ئەو قەیرانــەی حکومەتی ئێستای عێراق دروستی کــردووە، پێــش هەموو شــتێك کاروبارەکانی حکومەتی دووچاری شــەلەل کــردووە و ویڕای ئــەوەی حکومەتی عێراق لــەڕووی بودجــەوە گەورەتریــن بودجەی لەبەردەســتە، بەڵام دوای هەشــت ســاڵ و لەماوەی دوو کابینــەی حکومەتی مالیکدا هێشتا نەتوانراوە خزمەتگوزارییە سەرەکیەکان بــۆ هاووڵاتیان دابینبکرێــت، ناهیدە داینی پەرلەمانتاری لیســتی ئەلعراقیە ســەبارەت بەخزمەتگوزاری کارەبــا پێیوایە لەزۆربەی پارێزگاکانــی ژێــر دەســەڵاتی حکومەتی عێراق هەتا ئێستا خزمەتگوزاری کارەبا وەك پێویست نییە، لەمبارەوە و لەلێدوانێکی تایبەت بەگوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: ((ڕەوشــی کارەبا لەئاســتێکی زۆر خراپە لەناوچەکانی ناوەڕاســت لەبەغدا و دیالا و بەسرە و نەجەف و زۆربەی پارێزگاکانی دیکە، تەنانەت لەناو بەغدا-ی پایتەختیشدا هەندێك شوێنی تێدایە کە ڕۆژانە تەنیــا چەند کاتژمێرێك کارەبایان هەیە، کێشەی کارەبا دەگەڕێتەوە بۆ کەسانێك لەنــاو وەزارەتی کارەبا کــە هەوڵیان هەیە بۆ شکســتهێنان بەکارەکانی وەزارەتــی کارەبا بۆئــەوەی شەخســی وەزیر لۆمــە بکرێ و بەرپرســیارەتی ئەو شکستە لەئەستۆبگرێت و دەیانەوێ هەموو هەڵە و کێشەکان بخەنە سەر شــانی وەزیر، بەواتای دەست لەناو وەزارەتی کارەبا هەیە کە کاردەکەن بۆ شکستهێنان بەوەزیر و کاروبارەکانــی وەزارەتی کارەبا، ئەوەیش کە مایەی داخە ئەوەیە کە ئەو دەســتانە ناسراون و دەزانرێــت کێن، بەڵام لایەنە سیاســییەکان ناتوانن هیچیان لێبکەن و لەئاکامیشدا هەموو هەڵە و کێشــەکان دەخەنە ئەســتۆی وەزیری کارەبــا، هەربۆیــە من پێموایە کە کێشــەی کارەبا کێشەیەکی هەڵبەستراو و بەمەبەستە و شــتێك نییە بڵێین چارەسەری نییە. هەربۆیە ڕاشکاوانە دەیڵێم بێجگە لەهەولێر و سلێمانی و دهۆك کــە لەژێر دەســەڵاتی حکومەتی هەرێمــی کوردســتانن، پارێزگاکانی دیکە هەموویان پێویستیان بەخزمەتگوزارییە، بەڵام پێموایــە زی قارڕ و میســان و دیالا و بابل ئەو پارێزگا-یانەن کە بەڕاســتی پێویستییان بەهەموو خزمەتگوزارییەکە)).

سەبارەت بەهۆکاری ئەم شکستەی حکومەتی مالیکی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان پەرلەمانتار ناهیدە داینی بەمجۆرە هۆکارەکانی دەسنیشانکرد و گووتی: ((پێش هەموو شــتێك گەندەڵی ئیــداری، گەندەڵی هۆکاری سەرەکییە لەپشت تێکچوونی ڕەوشی خزمەتگوزارییەکان، یەکەم هۆکار: گەندەڵی ئیداری و دارایی کە لەفەرمانگەکانی دەوڵەتدا تەشەنەیکردووە، دووەم هۆکار: نەبوونی پلانی ستراتیژی و پلانی ئابووری لەوڵات و لەبری ئەوە سیاسەتێکی تێکهەڵکێش و تێکەڵبوونی دەســەڵاتەکان هەیە لەعێراق، نەبوونی پلانی ئابووری لەڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی لەسەر ئەو بنەمایەی کە وەزارەتی پیشەسازی ســەرچاوەی پیشەسازییەکانە و هەروەها لەڕووی مامەڵە لەگەڵ دۆســیەی کشتوکاڵی، سێیەم: هەبوونی خەڵکی ناشیاو، بەواتای دەستنیشــانکردنی خەڵکی ناشــیاو بۆ پۆســتەکان هــەر لەوەزیــر و بریکارەکان لەکەرتــی خزمەتگوزارییــەکان و هەروەهــا لەدەزگا ئەمنییەکان تا دەگاتە پارێزگارەکان، کەسانی ناپسپۆڕ و ناشارەزایان بۆ پۆستەکانی دروستکردنی بڕیار دەستنیشانکردووە، ئەمەیش بۆتەهۆی دارمانی کەرتە خزمەتگوزارییەکان لەبەرئەوەی ئەو کەسانە ناپیشەیی و ناشارەزان و لەکاروبارەکانی وەزارەت و فەرمانگەکانیان نازانــن، خاڵێکــی دیکــە: نەبوونــی چاودێری، هۆکارێکی دیکە: پشتبەســتنی ئەنجوومەنــی پارێزگاکان بــە بەکارهێنانی کەرتــە خزمەتگوزارییــەکان بۆ مەبەســتی هەڵبژاردنەکان کە بۆ هەندێك شــوێن دابینی دەکەن و شــوێنەکانی دیکە بێبەشن. هەربۆیە بەڕای من هەتا نەبین بەخاوەنی حکومەتێکی تەکنۆکرات، هەتا کەســانی پیشەیی نەگەنە پۆســتی دروســتکردنی بڕیارەکان کە پلانی ئابووری داڕێژن و پشــت بەشارەزایان ببەستن لــەدەرەوەی وڵات، هەتــا نەتوانین گەندەڵی

> **گەندەڵی ئیداری و دارایی کە لەفەرمانگەکانی دەوڵەتدا تەشەنەیکردووە. هۆکاری سەرەکییە لەپشت تێکچوونی ڕەوشی خزمەتگوزارییەکان**





**عەبدولستار جومەیلی بۆ گوڵان:**

# چارەسەرکردنی دۆسیەی خزمەتگوزارییەکان پێویستیی بەوە هەیە کە دەوڵەت سەرلەنوێ بەشێوەیەکی بنەڕەتی بونیاد بنرێتەوە

ئیداری و دارایی بنبڕ بکەین، ئەگەر توانیمان ئەم شتانە بکەین ئەوکات هاوشێوە لەگەڵ کوردستان دەتوانین لەماوەیەکی پێوەریدا وڵات بونیادبنێینەوە)).


لایەنێکی دیکە کە بۆتە هۆکاری پەکخستنی خزمەتگوزارییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئاکامە سلبیەکانی قەیرانی پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا، پەرلەمانتار عەبدولستار جومەیلی ئەمینداری حزبی تەلیعی ناسری جەخت لەوە دەکاتەوە کە هۆکاری تێکچوونی ڕەوشی خزمەتگوزاری و باری ئاسایش دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی سیاسیی لەعێراقدا، لەسەر ئەم پرسە و لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕاو سەرنجی خۆی خستەڕوو گووتی: ((پێموایە کێشەکانی ئەمڕۆی عێراق بەتایبەتی لەڕووی دۆسیەی خزمەتگوزارییەکان و یانیش لەڕووی دۆسیەی ئەمنی-یەوە ڕەنگدانەوەیەکە بۆ قەیرانە سیاسییە بەردەوامەکە کە لەوڵاتدا ڕوودەدات لەگەڵ نەبوونی هیچ پڕۆژەیەکی نیشتمانی بۆ دووبارە بونیادنانی دەوڵەتی عێراقی و هەروەها سەرقاڵبوونی قەوارە سیاسییەکان بەناکۆکییەکانی نێوانیان بەبێ هەبوونی هیچ هۆشیاری و بیرکردنەوەیان هەبێت لەبارەی پێویستیی چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانە و دەستپێکردن بەهەنگاونان بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرتە خزمەتگوزارییەکان، بەڕای من هەتا قەیرانە سیاسییەکە چارەسەر نەکرێت و هەتا پڕۆژەیەکی نیشتمانی لەئارادا نەبێت کە هەموو گەلی عێراقی پێکەوە کۆبکاتەوە و هەتا لیستەکان ئیرادەیەکی سیاسییان نەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە کێشە و گرفتانە ئەوە من پێموایە کە کەرتە خزمەتگوزارییەکان هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بێگومان وێڕای ئەوەی کە پارتە سیاسییەکان بەکاروباری سیاسییەوە سەرقاڵن، بەڵام هاوکات وەلائیان بۆ قەوارە و لیستەکانی خۆیان هەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی کەفائەتی پیشەیی و پسپۆڕێتی لەبواری دامەزراندن، هەربۆیەش ئێمەی گەلی عێراقی بەداخەوە لەئەنجامدا کەوتینە بەردەم ئەو واقیعەی کە «پیاوی شیاو لەشوێنی شیاو نییە» ئەمەیش ئەو ئەنجامەیە کە قەیرانە سیاسییەکە ئێمەی بۆی گەیاند و ئێمەی گەیاندە ئەمڕۆمان. بۆ چارەسەری ئەم بارودۆخەش من وای دەبینم چارەسەرەکە لەوەدایە کە، یەکەم: هەموو لیست و قەوارە سیاسییەکان خاوەن ئیرادەیەکی سیاسی بن بە مەبەستی خستنەڕووی پڕۆژەیەکی نیشتمانی گشتگیر بۆ هەموو عێراقییەکان و دەستپێکردن بەئاشتەواییەکی نیشتمانیی بەرفراوان لەگەڵ دەربازبوون لەموحاسەسەی تایفەگەری و

> **کێشەکانی ئەمڕۆی عێراق بەتایبەتی لەڕووی دۆسیەی خزمەتگوزارییەکان و دۆسیەی ئەمنی-یەوە ڕەنگدانەوەیەکە بۆ قەیرانە سیاسییە بەردەوامەکە کە لەوڵاتدا ڕوودەدات**

ڕەگەزی و بیرکردنەوە بەشێوەیەکی جددی لەسەر پێوەری پیشەیی و نیشتمانی لەپێناو دووبارە بونیادنانی دەوڵەت، هەروەك پێشتریش ئاماژەمپێکرد کە چارەسەرکردنی دۆسیەی خزمەتگوزارییەکان پێویستیی بەوە هەیە کە دەوڵەت سەرلەنوێ بونیاد بنرێتەوە بەشێوەیەکی بنەڕەتی)).

لایەنێکی دیکە کە پارێزگاکانی عێراق بەدەستیەوە دەناڵێنن، بوونی ئەو جیاوازییە کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەرامبەریان دەکرێت، سەبارەت بەم لایەنە ناهیدە داینی لەدرێژەی لێدواکەیدا بۆ گوڵان وتی: (پارە تەرخانکراوەکان دوو لایەنی لەخۆگرتووە، هەندێك لەناوچەکان لەلایەن حکومەتەوە بڕە پارەی زۆریان بۆ تەرخانکراوە لەکاتێکدا هەندێك ناوچەی دیکە بێبەشبوونە یاخود ڕێژەی کەمیان بۆ تەرخان دەکرێت، بۆنموونە ئەگەر پارێزگایەك پێویستیی بە١٠٪ بێت ئەوە ئەو بڕەی پێ نادرێت کە بەسیی بێت، بەڵکو بۆنموونە لە١٪ی پێ دەدرێت یاخود کەمتریش لەو ڕێژەیە، هەربۆیە ئەو بڕەیە کێشەکە چارەسەرناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە، لەبەرئەوەی ئەو بڕە کەمە دابەشدەکرێتە سەر ئەو شوێنانەی کە پێویستییان بەئاوەدانکردنەوە هەیە، بۆیە ئەو بڕە پارانەی کە بۆ پارێزگاکان تەرخانکراوە کەمە، هاوکات ژێرخانەکان هەر لەسالانی ١٩٩٠ـەکانەوە و تاکو ئەمڕۆمان دارماون، بۆیە ئەو بڕەپارانەی کە تەرخانکراوە بڕێکی کەمە و بەس نییە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان)).

# بەهاری عەرەبی و پاییزی ئەوروپا



شۆڕش عەزیز سورمێ

سەرهەڵدانی دیاردەی بەهاری عەرەبی کە هەندێکی تر بە یاخیبووەکانی ناودەبەن، لە ئەنجامی نەبوونی دیموکراتی و ئازادی تاکە کەسی و خراپی باری گوزەران وبڵاوبونەوەی دیاردەی گەندەڵی و نەبوونی یەکسانی کۆمەڵایەتی دروست بوو.هەر لەگەڵ بیستنی وشەی بەهاردا مانای نوێبوونەوە و هیواو گەشبینیمان پێ دەبەخشێت، کە میللەتانی تونس و میسر و یەمەن و لیبیا و ئێستاش سوریا،چەندەها ساڵە تامەزرۆیی بیستنی ببوون،ئێستاش بە هیوای ئەوەن لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی سیاسی وڵاتەکانیاندا هەڵدەنەوە و تا پێیان بکرێت لەو ڕژێمە دیکتاتۆریانە دووركەونەوە، کە شکستیان هێنا لە هێنانەدی گەشەسەندن بۆ وڵاتەکانیان. لێرەدا ناتوانین پێشبینی هەمان دوارۆژ بکەین بۆ گشت ئەو وڵاتە عەرەبیانەی کە بەهاری عەرەبیان بەخۆوە بینی،بۆ نموونە بەهاری عەرەبی کە لە تونس دەستی پێکرد سەرکەوتنی زیاتری پێوە دیارە لەچاو وڵاتەکانی تری وەک میسر و یەمەن و لیبیا و سوریا ( کە تا ئێستا بەردەوامە)،هەم لە ڕووی ژمارەی کەمی قوربانیان و هەم لە ڕووی ڕێکخستن و پێکهێنانی حکومەتی نوێی وڵاتەکە بە زووترین کات و بێ نانەوەی کێشە. لەلایەکی ترەوە تێڕوانینی وڵاتانی ڕۆژاوا بۆ ئەم مەسەلەیە جۆرە جیاوازییەکی تیادایە، ئەمەش بە شێوەیەکی ئاشکرا لە ئەنجامدانی پرۆسەی سەربازی لەلیبیا بەدیار دەکەوێت، کە بۆ لەناوبردنی قەزافی بەشدارییان کرد، کەچی بۆ سوریا ئەم هەڵوێستەیان پیشان نەدا، لەگەڵ ئەوەی لە گشت پێشێلکارییەکانی ڕژێمی بەشار ئەسەد ئاگادارن، ئەمەش تەنها لەبەر ڕەچاو کردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان. بەڵام گەر شۆڕشی وڵاتانی عەرەبی بە بەهاری عەرەبی ناوببرێت، ئەوە کێشە دارایی و ئابورییەکانی ئێستای وڵاتانی ڕۆژاوا بەتایبەتی (یەکێتی ئەوروپا و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا)، لە داهاتوویەکی نزیکدا بە (پایزی ڕۆژاوا) ناودەبرێت، چونکە ئەو بارودۆخە قورسە دارایی و سیاسیانەی کە ئێستا وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا پێیدا تێدەپەڕن، خەریکە هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە بە دەنگێکی زۆر گەورەتر و ڕوونتر لە توڕەییەکانی بەهاری عەرەبی، نارەزایی و توڕەیی خۆیان دەردەبرن. ئەوەی ئێستا سەرنجی جیهانی ڕاکێشاوە جیا لە بەهاری عەرەبی، خۆپیشاندانەکانی ڕۆژانەی هاووڵاتیانی ئەوروپایە بۆ نارەزایی دەربرین لە سیاسەتی حکومەتەکانیان، ئەو حکومەتانەی کە وڵاتەکانیان تووشی قەیرانێکی سەختی دارایی کردووە، بۆ نموونە هاووڵاتیانی هەریەک لە یۆنان و ئیسپانیا و ئیتالیا، ڕۆژانە دەرژێنە سەر شەقامەکان بۆ دەربرینی نارەزایی لە دژی حکومەتەکانیان،کە ئەمە مەترسی هەیە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی ئەوروپا، ئەوەی ئاشکرایە ئەگەری ئەوە هەیە لەگەڵ هاتنی مانگی ئەیلولی داهاتوو یۆنان لە یەکێتی ئەوروپا دەربکرێت، ئەمە جگە لە پابەندبوونی ئیسپانیا بە داواکارییەکەی سەبارەت بە پلانی ڕزگارکردنی لە یەکێتی ئەوروپا، هاوکات بەنکی ئەوروپی خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ دووبارە کڕینەوەی سەنەدەکانی ئیتاڵیا. ئەو پرسیارەی لێرەدا ڕەنگە لای زۆربەمان دروست ببێت ئەوەیە(دەبێت هۆکاری ئەنجامدانی خۆپیشاندنەکانی ڕۆژاوا چی بێت، لەکاتێکدا کێشە نەبوونی دیموکراسی و ئازادی نییە؟)، بەڵام وا پێدەچێت ئەو ڕۆژاواییە لە ڕووی ئابورییەوە هەست بە کەمی بکات ئەمە جگە لە ڕووی سیاسیەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە جیهان هەموویان هاوبیرن لەوەی کە پێویستیان بە گۆڕانکاری هەیە گەر بێت و هۆکارەکانیش جیاواز بن،. ئەوەی جێگەی داخە سەرکردەکانی ئەوروپا لە سەر ڕۆخی دەریاکان کە خەریکی بەسەربردنی پشووی خۆیانن، لە ڕێگەی ناردنی نامەوە هاووڵاتیانی خۆیان دڵنیا دەکەنەوە لەوەی کە لە کار و هەوڵەکانیان بەردەوامن بۆ پاراستنی ناوچەی یۆرۆ، کەچی لە هەمان کاتدا گەنجەکانیان خەریکی ململانێن بۆ وەدەستهێنانی کارو پیشە.

**گەر شۆڕشی وڵاتانی عەرەبی بە بەهاری عەرەبی ناوببرێت، ئەوە کێشە دارایی و ئابورییەکانی ئێستای وڵاتانی ڕۆژاوا بەتایبەتی (یەکێتی ئەوروپا و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا)، لە داهاتوویەکی نزیکدا بە (پایزی ڕۆژاوا) ناودەبرێت**